رۆژنامە

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەربیدەکات

ژمارە 540 سێشەممە 25/ 8/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.540 Tue 25/ 8/ 2009



هاوڕێ باخەوان:
دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بە مادەی (١٤٠)، کارێکی گێلانەیە

٦

محەمەد تۆفیق ڕەحیم: دەسەڵات نازانێت حکومەتی سێبەر چییە

(گۆڕان) بە جیا بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکات

ڕۆژنامە

بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانو پەرلەمانی عێراق ئامادەدەکاتو بڕیاریشوایە بە لیستی جیاواز لەو هەڵبژاردنانەدا بەشداریی بکات.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ ئێمە لەپەرلەمان کشاینەوە، لەبەرئەوەی چەند شتێکی دیکە لەبەردەممانداییە، یەکێک لەوانە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقە، کە دەبێت کاری جدیی بۆبکەینو بڕیارماناوە بە لیستێکی جیاواز بەشداریی بکەین لەو هەڵبژاردنانەدا.

لە لێدوانێکی هەفتەی پێشووشدا نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لێرە بەدواوە سێ ئەرکی گەورەمان لەسەر شانە، کە خۆئامادەکردنە، بۆ ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕانو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو پەرلەمانی عێراق، ئومێدمان وایە لە ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا، لە هەموو ئەنجومەنی پارێزگاکانداو لە پەرلەمانی عێراقیشدا فراکسیۆنی گۆڕان دروستبکەین.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا کە دەقەکەی لە لاپەڕە ٤و٥-دایە محەمەد تۆفیق دەڵێت: دەسەڵات نازانێت حکومەتی سێبەر چییە، هەروەک بڕواشی وایە «ئۆپۆزسیۆن پەرلەمانی ئەمجارە ئەکتیڤ دەکات»و ڕەخنە لەپەکەم دانیشتنی پەرلەمان دەگرێت، دەڵێت: دەبوایە، نەک هەر فراکسیۆنی گۆڕان، بەڵکو چوار حیزبەکەو ئەوانی دیکەش کاریان لەسەر ئەوە بکردایە، کە یاسا جێبەجێبکرایە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێبکرایەو بە دەنگدان بوایە.

لابردنی دوو ئەندامەکەی یەکێتیی مامۆستایان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بووە

ڕۆژنامە

بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، دوو ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە بیانووی پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە پۆستەکانیان لێدەسەنرێتەوەو لە یەکێتییەکە دەردەکرێن، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو ئەنجومەنە لە نوێنەری سەرجەم حیزبو لایەنە سیاسییەکانی دیکە پێکهاتووە، بێئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ هیچکامیان بکرێت.

هەفتەی ڕابردوو لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەوە مامۆستایان (ئەحمەد حەمە سەعید، ڕووناک مستەفا ڕەشد) ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایان ئاگادارکرانەوە کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو بە بیانووی کارکردنیان بۆ لیستی گۆڕان پۆستەکانیان لێدەسەنرێتەوەو لە یەکێتیی مامۆستایان دەردەکرێن، دواتر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/٢٠)دا ڕێگەیان پێنەدراوە بەشداریی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزییەکەیان بکەن و لەلایەن نوێنەرێ لیستی سەوزەوە بە فەرمیی هەواڵەکەیان پێڕاگەیەنراوەو لە کارەکەیان دوورخراونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو دوو ئەندامە بە دەنگی کۆنگرە هەڵبژێردراونو هەر کۆنگرەش دەتوانێت ئەندامێتی ئەنجومەنی تەنفیزیان لێبسەنێتەوە.

وردەکاریی زیاتر لە ل٣ دایە.

لە (٧)مانگدا، زیاتر لە هەزار پێشێلکاریی دژی ژنانو ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراون

فەلاح نەجم

بەپێی ئامارێکی بانکی زانیاریی مافی مرۆڤ، تەنیا لە ماوەی (٧)مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، (٨٨)پێشێلکاریی دژی ڕۆژنامەنووسانو (١١٧٦) پێشێلکاریش دژی ژنان ئەنجامدراون.

ئەلەند مەحوی، بەڕێوەبەری بانکی زانیاریی مافی مرۆڤ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرەڕای بوونی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم هەست بەوەناکەن کە ڕۆژنامەنووسان مافی دەستکەوتنو بڵاوکردنەوەی زانیارییان هەیە، بۆیە لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەربابەتێکدا کە بەدڵیان نەبێت تووندوتیژیی دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدەدەن».

لە ئامارەکەدا پێشێلکاریی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک) تۆمارکراوە، ئەوە پێشێلکارییانەی دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراون بریتیبوون لە زیندانیکردنو لێدانو جنێو و سوکایەتی پێکردن، ئەو پێشێلکارییانەشی لە دژی ژنان ئەنجامدراون، بریتین لە (٣٤)جۆر پێشێلکاری.

ئەلەند مەحوی وتیشی «هۆکاری زۆربوونی تووندوتیژیی دژی ژنان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان کێشەکانیان لە ڕێگەی دادگاوە چارەسەرناکەن».

کورد پێشنیازەکەی ئۆدێرنۆ، عەرەب سوپای عێراقو تورکمان سوپای تورکیای دەوێت

ل٢

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە

ئارام شێخ وەسانی

لێژنەیەک پێکدەهێنرێت بۆ چاودێریکردنی کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەهۆی گومان لە بێلایەنیی کارەکانی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا.

عومەر عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بابەتی سەربەخۆیی کۆمسیۆنی باڵا، لای زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان جێگەی گومانو قسەکردنە، ئەوەی لە ڕابردوودا لە کارەکانی کۆمسیۆن دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە کادیرە باڵاکانی کۆمسیۆن کە بە نوێنەرایەتی حیزبەکان دانراون بێلایەن نەبوون لە کارەکانیاندا».

بەهۆی بوونی ئەو گومانەوە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدان کە لیژنەیەک پێکبهێنرێت تایبەت بە کارەکانی کۆمسیۆنو چاودێریکردنی کۆمسیۆن، تابزانرێت چەند پابەندی بێلایەنییو سەربەخۆیی خۆی دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش کار بۆ ئەوە دەکرێت، برگەیەک زیادبکرێت بۆ یاسای هەڵبژاردنەکان، کە کارەکانی ئەو لیژنەیە دیاریبکات.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران وتیشی: «دروستکردنی لیژنەیەک بۆ چاودێریکردنی کارەکانی کۆمسیۆنی باڵا زیاتر جەختی لەسەرکرایەوە، پاش ئەو هەموو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی کۆمیسۆن کرانەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، لێرەدا ڕەنگە خەڵک بپرسێت ئایا ئەندامەکانی ئەو لیژنەیەش سەر بە حیزبەکان نین؟ بەڵام چەند کەسێکی دڵسۆزو بێلایەن دەتوانن کارەکانی ئەو لیژنەیە بەباشی بەڕێوەببەنو ببنە چاودێرێکی کاراو ورد بەسەر کارەکانی کۆمسیۆنەوە».



بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی

دوو ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایان لادەبرێن

شارا عەبدولڕەحمان

بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، دوو ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە بیانووی پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە پۆستەکانیان لێدەسەنرێتەوەو لە یەکێتییەکە دەردەکرێن، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو ئەنجومەنە لە نوێنەری سەرجەم حیزبو لایەنە سیاسییەکانی دیکە پێکهاتووە بێئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ هیچکامیان بکرێت.

هەفتەی رابـــردوو لـە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەوە، مامۆستایان (ئەحمەد حەمە سەعید، رووناک مستەفا رەشید) ئەندامانی ئـەنجـومـەنـی تەنفیزیی یەکێتی مامۆستایان ئاگادارکرانەوە، کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو بە بیانووی کارکردنیان بۆ لیستی گۆڕان پۆستەکانیان لێدەسەنرێتەوەو لە یەکێتیی مامۆستایان دەردەکرێن، دواترو لە رۆژی (٢٠٠٩/٨/٢٠)دا رێگەیان پێنەدراوە بەشداریی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتییەکەدا بکەنو لەلایەن نوێنەری لیستی سەوزەوە بە فەرمیی هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیەنراوەو لە کارەکەیان دوورخراونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو دوو ئەندامە بە دەنگی کۆنگرە هەڵبژێردراونو هەر کۆنگرەش دەتـوانـیـت ئەندامێتی ئەنجومەنی تەنفیزییان لێبسەنێتەوە.

ئەحمەد حەمە سەعید، بە رۆژنامەی وت: «لەبەرئەوەی ئێمە بە کۆنگرە بوینەتە ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزییو هەر کۆنگرەش دەتوانێت ئەو پۆستەمان لێبسەنێتەوە، بەڵام لە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەوە پێمانوترا، کە بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە کۆنگرەو یەکێتیی مامۆستایان شەرعییەتی نەماوە، ئێمەش وتمان یەکێتییەک کە شەرعییەتی نەمابێت چۆن بڕیارەکانی شەرعییەتیان ماوە، بەڵام پێیانوتین ئەمە بڕیاری مەکتەبی سیاسییە کە هەر کەسێک کاری بۆ لیستی گۆڕان کردبێت لە کارەکەی دووربخرێتەوە».

بـە ئـەنـدامـبـوون لـە یەکێتیی مامۆستایانی کـوردسـتـان بەپێی پەیرەوی ناوخۆ کە لە کۆنگرەدا بڕیاری لێدراوە، بەشێوەیەکە کە هەر کەسێک پەیمانگای مامۆستایان یان کۆلێژەکانی زانکۆ تەواوبکاتو ببێتە مامۆستا، ئۆتۆماتیکی دەبێتە ئەندامو لە یەکەم مووچەیدا کە وەریدەگرێت بڕی (٧٥٠) دیناری وەک ئابوونە لێدەبڕدرێت، جا ئەو کەسە ئەو ئەندامبوونەی بوێت یان نا بە خواستی خۆی نییە، سەرۆکایەتی یەکێتییەکەش بەشێوەی پەنجا بە پەنجا لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دابەشکراوەو هـەر شـەش مانگ جـارێـک سـەرۆک لەلایەکیانە.

مامۆستا ئەحمەد پێی باشە بۆ ئایندە رێکخراوێکی راستەقینەی مامۆستیان دروستبکرێت کە بانگەوازبکرێت مامۆستایان خۆیان بەخواستی خۆیان ببنە ئەندامو رێکخراوەکەش کاری جدیی بۆ ئـەو مامۆستایانە بکات، وتیشی: «لە ساڵی (٢٠٠٢) کۆنگرەی دەیەم بە هەردوو لقەکەیەوە لە سلێمانی بەستراو بڕیاربوو بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەو پێکهاتەیە کاربکات، لەو بەرواڕە بـەدواوە هـەر مامۆستایەک بووبێتە ئەندام، یەکێتیی مامۆستایان نوێنەری راستەقینەی ئەو نەبووە».

ئەو بڕیارەی یەکێتی پێچەوانەی وتەکانی مام جەلال، سکرتێری حیزبەکەیە، کە باسی لەوەکردووە لە یەکێتیی مامۆستایاندا پێویستە سیاسەتی چەپکە گوڵەکە پەیڕەوبکرێت

ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانی لێسەندراوەتەوە، داوای لە مامۆستایان کرد کە هەڵوێستیان هەبێت لەسەر ئەو کارەی کە بەرامبەر ئەوان کراوەو بێدەنگ نەبنو وتیشی: «یەکێتیی مامۆستایان شەرعییەتی لەدەستداوەو نابێت بڕیاری لەو جۆرە دەربکات».

هاوکات ئاماژەشی بەوەکرد، لەکاتێکدا ویستوویانە بچنە کۆبوونەوەکەوە کە لە هەولێر سازکراوە، دەرگای بارەگای یەکێتیی مامۆستایانیان بە قوفڵێک لەسەر داخـراوە بۆ ئەوەی نەچنە ژوورەوە، «ئەمە کارێکی زۆر ناشارستانیو نارەوایە کە بەرامبەرمان کرا».

بە وتـەی مامۆستا رووناک، ئەو بڕیارەی یەکێتی پێچەوانەی وتەکانی مـام جـەلال، سکرتێری حیزبەکەیە، کە باسی لـەوەکـردووە لە یەکێتیی مامۆستایاندا پێویستە سیاسەتی چەپکە گوڵەکە پەیڕەوبکرێت، وتیشی: «با بۆنی گوڵی گۆڕانیش تێکەڵ بۆنی گوڵەکانی دیکە ببوایە».

دەرکردنی ئەو دوو ئەندامە لەهەمان رۆژی یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانداببوو، کە تێیدا پەرلەمانتارانی نـوێ سوێندی یاساییان خـوارد کە پارێزگاریی لە یەکێتی گـەڵو خاکی کوردستانی عێراق بکەن.

حکومەتی هەرێم داوای ڕاگرتنی تۆپبارانەکان لە ئێران ناکات

ستارە عارف

ماوەی چوار ڕۆژە سوپای ئێران دەستیکردووەتەوە بە تۆپبارانکردنی سنوورەکانی حاجی ئـۆمـەران و باڵەکایەتیو بەردە نازێی هەرێمی کوردستان، بەپێی سەرچاوەکانی هـەواڵ، هێزێکی پاسداریشی لە سـنـووری باڵەکایەتی مـۆڵـداوە، کە نازانرێت کەی دەگەڕێنەوەو بۆچی لـەوێ جێگیرکراونو بە وتەی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تـاران، بوونی ئەو هێزانە کارێکی ئاساییەو لە هەر شوێنێک ئێران هەست بە مەترسیی بکات هێزەکانی دەهێڵێتەوە، هاوکات بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیش دەڵێن هیچ زانیاریی تازە لەم بارەیەوە نییەو ئـاگـاداری دوا گۆڕانکارییەکانی تۆپبارانی ئێران نین.

لەوبارەیەوە شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیـری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە ئاگاداری تۆپبارانەکان بووینو هیچ زانیاریو ئاگادارییەکی تازەمان لەبارەیانەوە نییەو پەیوەندیی بە پۆلیسی سنوورەوە هەیە».

لە (١٤)ی شوباتی ئەمساڵدا ڕێکەوتنامەیەک لەنێوان حکومەتی هـەرێـمو کـۆمـاری ئیسلامیی ئێراندا مـۆرکـرا، بۆ وەستاندنی تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەر دوای چەند ڕۆژێک ئەو ڕێکەوتنامەیە شکێنراو بۆردومانکردن دەستیپێکردەوە، بەپێی ڕێککەوتنامەکە ئێران بەڵێنیدا کە ناوچە گوندنشینەکان تۆپباران نـەکـات، بـەڵام وەک دەبینرێت زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن ئێرانەوە تۆپباران دەکرێت، ناوچەی گوندنشینەو بەوهۆیەشەوە تائێستا بە سـەدان خەڵکی ئـەو ناوچانە ئاوارەبوون و ماڵو حاڵیان سووتاوە، ئەمە جگە لەوەی زیانێکی مادیی زۆر بە سەدان ڕەزو باخی هاوڵاتییان گەیشتووە.

هاوکات نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران، بوونی هێزی سوپای ئێران لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان بە کارێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدات.


ئاوارەکانی تۆپباران — فۆتۆ: ئەرشیف

نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران، ڕایگەیاند: ماوەیەکە چالاکیی هێزە چەکدارە کوردییەکانی ئێران دەستیپێکردووەتەوە، کە لە ئەنجامدا چەندین کەس کوژراونو لەم هەفتەیەدا لە چەندین شوێنی ئێران شەڕو پێکدادان ڕوویداوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم شەڕە وەڵامدانەوەی ئەوانەو ئەو شوێنانەش تۆپباراندەکرێن، کە شوێنی پەڕینەوەو حەوانەوەی ئـەو چـەکـدارانـەیـە، لـەبـارەی گەڕاندنەوەی ئەو هێزانەی ئێران کە لەناوچەی باڵەکایەتی مۆڵی داون، نازم عومەر وتی: «نازانین ئـەو هێزانە کـەی دەگـەڕێـنـەوە، بەڵام ئێران هەر کاتێک هەست بە مەترسیی لە شوێنێک بکات هێزی لێ کۆدەکەنەوە بە مەبەستی پەلاماردان یان ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەیان، دووپـاتـیـشـمـانـکـردووەتـەوە کە ڕاگرتنی تۆپباران بەندە بە ڕاگرتنی چالاکیی چەکداریی ئەو هێزانەی لە کوردستانی عێراقدا هەن، لەبەرئەوە دەبێت چالاکیی ئەو هێزانە ڕابگرین کە لە کوردستانی عێراقدان.

لەلایەکی دیکەوە هەریەک لە ئەنجومەنی وەزیـرانو وەزارەتـی ناوخۆی هەرێم ئاگاداری وردەکاریی ئەو تۆپبارانەی ناوچە گوندنشینەکانی ناو سنووری هەرێمی کوردستان نین لـەلایـەن سوپای ئێرانەوە. د.نوری سنجاری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، ڕایگەیاند: وەک حکومەتی هەرێم ئاگادار نینو وەزارەتـی ناوخۆی هەرێم پەیوەندیدارەو هەروەها فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتـی ناوخۆ، بێئاگایی خۆیان لەمبارەیەوە ڕاگەیاند.

لەساڵی (٢٠٠٦)وە بە بەردەوامیی تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێم دەکـرێـت، بەبێ ئـەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هەڵوێستێکی جدیی پیشانبدرێت، لە مانگەکانی ڕابـــردوودا لـەلایـەن پەرلەمانی عـێـراقـیـیـەوە بەیانامەیەکی نارەزایی بڵاوکرایەوەو وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش باڵیۆزی ئێرانی بانگهێشتکرد تا هەڵوێستی لێ وەربگیرێت.

تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە بە بیانووی هەبوونی چەکدارانی پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک)و پەکەکەوە پاساوی بۆ هێنراوەتەوە، حکومەتی هەرێمیش سـەرەڕای پەیوەندییە بەردەوامەکانی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا، هیچ کاتێک بە هەڵوێستەوە باسی ڕاوەستاندنی ئەو کارانەی لە ئێران نەکردووەو بە ڕای شارەزایانی سیاسیش هەرێم نایەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا تێکبدات و دڵیان بڕەنجێنێت.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی سەربەخۆ لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە؛ ئەوکاتەی لەسەر تۆپبارانەکە باڵیۆزی ئێران بانگکرا، بەجدیی لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکراو وتیشی: «عێراق جدیی نەبووە لەوەی تۆپبارانەکانی هەرێم ڕابگرێتو حکومەتی هەرێمیش وەک پێویست ڕۆڵـی نەگێڕاوەو ئەمریکاش چەندی دژی ئێرانە لەسەر ئەم تۆپبارانانە یەک جاریش قسەی نەکردووەو لە حاڵەتی وادا دەبێت حکومەتی عێراقو هەرێمیش ڕۆڵ ببینن، بەهۆی ئەو هاتوچۆو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا هەیە، دەتوانن ڕایبگەیەنن و لە دەرەوە شکات بکەن، دەتوانن بە جدیی لەگەڵ ئەمریکاو تاران و لەگەڵ تورکیا باسی بکەنو هەڵوێستیان هەبێت، بەڵام دیـارە ئـەوان حسابی پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێراندا کـردووەو نایانەوێت تێکبچێت، بۆیە هەر هاوڵاتییانی کورد دەبێتە قوربانیو کەسیش لێیان ناپرسێتەوە».



کورد، پێشنیازەکەی ئۆدێرنۆ، عەرەب سوپای عێراق و تورکمان سوپای تورکیای دەوێت

ئارام جەمال

کەرکوک

دوای ئەوەی ژەنەراڵ رای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی سوپای ئەمریکا لە عێراقدا پێشنیازی دروستکردنی هێزێکی هاوبەشی لەنێوان سوپای ئەمریکاو سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا کرد، بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان، پێشنیازەکە کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، بە جۆرێک کورد پێیوایە ئەو پێشنیازە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقەو پشتگیریی لێدەکات، عەرەبیش دژ بە رێکەوتننامەی ئەمنیی و دەستووری عێراقی دەزانێت و تەنیا لەگەڵ جێگیرکردنی سوپای عێراقە، تورکمانیش پێیانوایە ئەو پێشنیازە لەدژی بەرژەوەندییەکانیانەو پێویستە سوپایەکی نێودەوڵەتی یان سوپای تورکیا لە ناوچە جێناکۆکەکان جێگیربکرێت.

ئازاد جەباری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە وەک کوردو لیستی برایەتی بە تەواویی پشتگیریی لەو پێشنیازە دەکەین، چونکە پێمانوایە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە، کە دەستوور رێگەدەدات کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان بە هاوبەشیی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندەوە بەڕێوەببرێت لە هەموو بوارەکاندا، کە ئەمەش لەگەڵ دەستوورەو بە باشترین چارەسەری دەزانین».

لەبارەی دژایەتی لایەنی عەرەب و تورکمانەکان بەرامبەر ئەو پێشنیازە، جەباری وتی: «ئەوان دژی هەموو کارێک و پێشکەوتنێکن کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کەرکوکدا بێت، بەپێچەوانەوە ئەو پێشنیازە لە بەرژەوەندیی ئەوان زیاترە وەک لە کورد، چونکە گرەنتییە بۆ رێگرتن لە توندوتیژیی و تێکچوونی بارودۆخی ئەو ناوچانەو کردەوە تیرۆریستییەکان».

لە بەرامبەردا محەمەد خەلیل جبوری، سەرۆکی لیستی گردبوونەوەی کۆماری عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بیانووی دروستکردنی هێزی هاوبەش بە لاواز دەزانێت و بە رۆژنامەی راگەیاند: «سوپای عێراق لە سەرجەم نەتەوەکانی کوردو عەرەب و تورکمان پێکهاتووەو ئەو سوپایە تێکەڵەیەکە لە هەموو عێراقییەکان، بۆیە دروستکردنی هێزی هاوبەش لەنێوان سوپای عێراق و سوپای ئەمریکاو پێشمەرگە بیانوویەکی لاوازە، ئەگەر کورد متمانەی بە سوپای عێراق نییە بۆ بەشدارە لە پێکهاتەکەیدا».

جبوری ئەو پێشنیازە بە دژی دەستووری عێراقی ناودەبات و وتی: «بەپێی دەستووری عێراق ئەرکی پاراستنی ناوچە جێناکۆکەکان لە ئەستۆی سوپای عێراقەو هێزی پێشمەرگەش لە دەستووردا ناوی وەک پاسەوانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هاتووە، ناوچە جێناکۆکەکانیش لە سنووری حکومەتی عێراقدایە نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان»، ئاماژەی بەوەشکرد: «باشترین هێز کە جێگەی متمانەی هەموو لایەنەکان بێت و بۆ بەرژەوەندیی هەمووان کاربکات سوپای عێراقەو ئێمە تەنیا پشتگیریی لە بوونی سوپای عێراق دەکەین لە ناوچە جێناکۆکەکان نەک هێزی دیکە، جگە لەوەش ئێمە پابەندین بە رێکەوتننامەی ئەمنیی نێوان عێراق-ئەمریکا کە لەو رێکەوتننامەیەدا خاڵێکی لەو جۆرەی تێدانییە».

بەڵام تورکمانەکانی کەرکوک پێیانوایە لەماوەی شەش ساڵی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، ئەزموونی تاڵیان لەگەڵ سوپای ئەمریکاو هێزی پێشمەرگەدا هەیە.

لەوبارەیەوە عەلی مەهدی، ئەندامی لیستی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە شەش ساڵی رابردووی دوای رووخاندنی سەدام، ئەزموونی تاڵمان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە هەبووە، لە ناوچەکانی کەرکوک و موسڵ و تەلەعفەرو ناوچەکانی دیکە، پێمانوابووە هێزەکانی ئەمریکا وەک پێویست نەبوون لەو ناوچانەو لایەنگیریان بۆ لایەنێکی دیاریکراو هەبووە».

وتیشی: «ئەگەر گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی ئێستای سوپای عێراقدا بکرێت بە جۆرێک ژمارەی نەتەوەی تورکمانی تێدا زیادبکرێت و هەوڵبدرێت سوپای عێراق سوپایەکی بێلایەن بێت، ئێمە لەگەڵیداین، بەڵام بەپێچەوانەوە پێویستە سوپای نێودەوڵەتی وەک (ناتۆ) یاخود بۆ پاراستنی تورکمانەکان لە ناوچە جێناکۆکەکاندا سوپای تورکیا جێگیربکرێن».



(٤٠) پرۆژەیاسای خولی رابردوو بۆ خولی ئێستا ماونەتەوە

شارا عەبدولڕەحمان

خولی دووەمی پەرلەمان (٤٠) پرۆژەیاسای پەسەندنەکردووەو لە ئێستادا لەبەردەم خولی سێیەمی پەرلەماندان، بە وتەی ئەندامێکی پەرلەمانیش ژمارەیەک لەو پرۆژە یاسایانە بە هۆکاری سیاسییەوە نەهێنراونەتە پێشەوە.

پارێزەرو یاساناس بورهان رەشید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە خولی دووەمی پەرلەماندا (٤٠) پرۆژەیاسا ماونەتەوەو پەسەندنەکراون، کە گرنگترینیان پرۆژەیاساکانی پەیڕەوی ناوخۆی تازەی پەرلەمان و یاسای رێکخستنی کێبڕکێ و نەهێشتنی ئیحتیکارو یاسای بودجەی حیزبەکانە».

بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە، «خولی دووەمی پەرلەمان دەیتوانی لەو چوار ساڵەی رابردوودا ئەو یاسایانە رایی بکات، بەڵام هەندێک لە پرۆژەیاساکان بە هۆکاری سیاسی نەهێنراونەتە پێشەوە»، هەروەک وتی: «پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان دوو ساڵە لە چەکمەجەکاندا هەڵگیراوەو هۆکاری سیاسی رێگربووە لە هێنانە پێشەوەی بۆ گفتوگۆکردن».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هیچ کاتێک بۆ پرۆژەیاساکان دیارینەکراوە کە بە ماوەی چەندێک گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت و پەسەندبکرێن، بەوهۆیەشەوە لە پرۆژە تازەکەی پەیڕەوی ناوخۆدا ئەو خاڵە جیاکراوەتەوە.

بورهان رەشید وتیشی: «ئەو پرۆژە یاسایانە وا دانراوە کە ئێمە لەم خولەدا تەنیا بتوانین دەنگیان لەسەر بدەین، بەڵام ئێمە لە لیستی گۆڕان داوادەکەین پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و هەر کەموکوڕییەکیان هەبوو چاکبکرێت، ئینجا دەنگیان لەسەربدرێت».

بەپێچەوانەی بڕیارەکەی کۆمسیۆنەوە

تاکو ئێستا پۆستەرەکانی هەڵبژاردن لە هەولێر لێنەکراونەتەوە

ئاوارە حەمید

ماوەی مانگێک بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمدا تێپەڕبووەو هێشتا زۆرێک لە پۆستەری لیستە بەشداربووەکانی ئەو پرۆسەیە لە شاری هەولێر لێنەکراونەتەوەو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش ئاماژە بەوەدەکات، کە ئەو پۆستەرانە شارەوانیی لێیاندەکاتەوەو پارەی تێچوونەکەی لە قەوارەکە وەردەگیرێتەوە.

هەندرێن محەمەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەوە سەرجەم لیستە بەشداربووەکانمان ئاگادارکردەوە، کە دەبێت بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆن و وەزارەتی شارەوانیی پۆستەرەکانیان هەڵبواسن، بەڵام بەداخەوە بەپێچەوانەی بڕیارەکەی کۆمسیۆن هەندێک لیستی بەشداربوو پۆستەرەکانیان لە شوێنی قەدەغەکراو دەداو چەندین لیستیش غەرامەکران».

بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان باسی لەوەشکرد، بەپێی بڕگەی ژمارە چواری یاسای کۆمسیۆن نەدەبوو لیستەکان پۆستەرەکانیان بە لەزگە یا سەمغ لێبدەن، بەڵام لە زۆر شوێن ئەم بڕیارەی کۆمسیۆن پێشێلدەکرا، وتیشی: «چەندینجار ئەو لیستانەمان سزادا، بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆن دەبوایە دوای هەڵبژاردن لیستە بەشداربووەکان تاکو (٨/١٠) خۆیان پۆستەرەکانیان لێبکەنەوە، کەچی تاکو ئەمڕۆش پۆستەرەکان لێنەکراونەتەوە، بەپێچەوانەوە، شارەوانیی لێیدەکاتەوە کرێی لێکردنەوەکە لە لیستەکە دەگێڕینەوە لەو پارەیەی کە لەلامانە».

هەر لەوبارەیەوە نیهاد لەتیف قۆجە، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر لە لێدوانێکی پێشووتریدا رایگەیاندبوو: «لەبەرئەوەی ئەو پۆستەرانە بە لەزگە لێدراون بە دەست لێناکرێنەوە، دەبێت بە ئامێرێکی تایبەت لێبکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش قسەمان لەگەڵ کۆمپانیایەکدا کردووە کارەکەمان بۆ بکات و هەقی تێچوونەکەش لەو لیستانە وەردەگرین کە پۆستەریان بەمشێوەیە لێداوە».

زۆرینەی ئەندامانی بزووتنەوە، لەگەڵ بەشداریکردن لە حکومەتدان

ئاوارە حەمید

ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەگەڵ بەشداریکردنی مەرجداری حکومەتن و ئەندامێکی لیستی بزووتنەوەش دەڵێت: «تائێستا بڕیاری کۆتاییمان نەداوە، چاوەڕوانی ئەوەدەکەین کە لیستی دەسەڵات چۆن پێشوازیی لە لیستەکانی دیکە دەکات».

بزووتنەوەی ئیسلامیی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا (٢) کورسی بەدەستهێنا، راپرسییەکی لەنێو ئۆرگانەکانی خۆی ئەنجامدا، کە ئاخۆ بەشداریی حکومەتی داهاتووی هەرێم بکەن یان نا، بەپێی ئەم راپرسییە زۆرینەی ئەندامانی بزووتنەوە پێیان باشە کە بەشداریی حکومەت بکەن، بەڵام مەرجیان هەبێت بۆ بەشدارییەکە.

د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی نوێی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی بزووتنەوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای ئەوەی بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانمان کرد، توانیمان (٢) کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنین، کەوتینە نێوان دوو ڕا، ئاخۆ بەشداریی لە حکومەتدا بکەین یان نا، بۆ ئەم مەبەستە راپرسییەکمان لەنێو ئۆرگانەکانی خۆمان ئەنجامدا، بەپێی ئەم راپرسییە زۆرینەی ئەندامان پێیان باشە کە بەشداریی حکومەتی داهاتووی هەرێم بکەین.

وەرتی ئاماژەی بەوەشدا، تائێستا بڕیاری کۆتاییان نەداوە کە بەشداریی حکومەت بکەن یان نا، چاوەڕوانی ئەوەدەکەن کە لیستی دەسەڵات چۆن پێشوازیی لە لیستەکانی دیکە دەکات.

ـــازانێت حکومەتی سێبەر چییە



بەبیروبۆچوونی من دەبێت گۆڕان وا خۆی ڕێکبخات کە بەشێوەیەکی تەقلیدی نەبێت وەک جاران، یانی ئەوجۆرە حیزبایەتییەی باوە لەناو ئەم وڵاتانەدا دەبێت لەوە دووربکەوینەوە

نییە تایبەتمەندێتییەکەی دەقیق ئەوە بێت، بەڵام کە کەوتە خوێندنەوەو چاودێریکردن، لەوبڕوایەدام دەتوانێت بە ئەرکەکەی خۆی هەستێت.

ڕۆژنامە: فراکسیۆنی گۆڕان لەسەرەتادا چ بەرنامەیەکی هەبە کاری بۆ بکات، یان لەکوێی ئەو بەڵێنانەوە دەستپێدەکات، کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەخەڵکی داوە؟

* ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی، کە ئەو بەڵێنانە بوو ئەگەر بهاتایە لیستی گۆڕان زۆرینەی بەدەستبهێنایە، بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکرد، بەڵام ئێستا کە لە ئۆپۆزسیۆندایە دەبێت ئەو بەڵێنانەی خۆی لەپەرلەماندا بوروژێنێتو بیخاتە گفتوگۆوەو قسەی لەسەر بکات، تا دەتوانێت دەبێت قەناعەت بەدەسەڵات بکات کە دەبێت ئەمانە جێبەجێبکات، ئەوەش جێبەجێکردنی تەنیا لە قازانجی گۆڕان نییە، بەڵکو لە قازانجی دەسەڵاتو ناوچەکەیەو لە قازانجی میللەتو هەرێمەکەیە. مادام شەفافییەت دەبێت، ئەم گفتوگۆیانە هەرکەسێک بیوروژێنێت بە بەرژەوەندیی گشتیی کۆتاییدێت، چونکە زەحمەت دەبێت دەسەڵات جێبەجێی نەکات، لەبەرئەوەی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە دوو جۆرە، جۆرێکیان ئەگەر لەدەسەڵاتدا بێت چۆن جێبەجێی دەکەیت، ئێستا کە لەدەسەڵاتدا نیت چۆنی دەکەیت؟ دەتوانیت ئەو بابەتانە بوروژێنیتو ڕای گشتیی بەلای خۆتدا ڕابکێشیت.

ڕۆژنامە: یەکێک لەوانەی کە زۆر باسی دەکرێت، مەسەلەی نانبڕینە کە چاوەڕێی دەکرێت فراکسیۆنی گۆڕان یەکەم کاری بێت ئەوە بوروژێنێت، تاچەند ئەوە لەبەرنامەدایە؟

* یەکێک لە وشتانەی کە بەردەوام لیستی گۆڕان باسی لێوە کردووە، جیاکردنەوەی حکومەتە لە حیزب، کەمکردنەوەی تەدەخولی حیزبە لەناو حکومەتدا، ئەم مەسەلەی نانبڕینە بۆیە ڕوودەدات لەبەرئەوەی تەدەخولی ڕاستەوخۆی حیزب لە حکومەتدا هەیە، ئەگەرێتەو حیزب لە حکومەت جیابکرێتەوە، ئەو کاتە ئەم نانبڕینەش ڕوونادات، چونکە حیزب ناتوانێت لەبەرئەوەی فەرمانبەرێک دەنگی پێنەداوە لەکارەکەی دەرییکات، بەتایبەت حکومەت ئەوفەرمانبەرانە بەپارەی گشتیی دەژێنێت. پارەی تایبەتی حیزب نییە لەبەرئەوەی ئەو خەڵکانەی کە وەزیفەی حکومییان هەیە بەهیچ شێوەیەک نابێت لەسەر بیروڕای جیاوا دەرکرێن، بۆنموونە لەهیچ وڵاتێکی دیموکراتیدا جیهازی ئیداریی بۆی نییە تەدەخولی حیزبی تێدابێت، بۆنموونە لە وڵاتە دیموکراتییەکانی دنیا نییە، هەندێکجار دەوترێت زووە ئێمە خۆمان بە وڵاتانی دیکە بەراورد بکەین، بەڵام یان دیموکراتین یان دیموکراتی نین. ئەگەر دیموکراتی بین دەبێت جیهازی ئیداریی سەربەخۆ بێت، نابێت دەسەڵاتی حیزبی تێدا بێت. چەند وەزیفەیەک هەیە، وەزیفەی سیاسییە، لەوانەیە بە پەنجەکانی دەست بژمێردرێن، ئەگەر حیزبێک هاتە سەر حوکم ئەوە وەزیفەی سیاسیە دەکرێت خەڵکەکانی دیکە لابەرێتو خەڵکی خۆی دابنێت، بەڵام لەخوار ئەوانەوە زۆرینەی هەرە زۆری پێویستە جیهازێکی بێلایەن بێت، خەڵک ئازاد بێت دەنگ دەدات یان نا، دەبێت حیزبایەتی تێدا قەدەغە بێت.

ڕۆژنامە: ئێوە پرۆژە یاسایەکتان گەڵاڵە کردووە بۆ پەرلەمان بۆ چۆنیەتی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت؟

* دەبێت باسی ئەوە بکەین کە قەدەغەیە خەڵک حیزبایەتی لەناو فەرمانگە حکومییەکاندا بکات، نابێت کابرایەک بزانێت کە پلەی بەڕێوەبەری گشتییە پلەیەکی حیزبیشی هەیە، قەیناکا وەزیرو جێگرو ڕاوێژکاری وەزیر، ئەمانە پلەی سیاسیین، لەخوار ئەوانەوە پێویستە کەس نەزانێت ئینتیمایان بۆ چ حیزبێکە دەبێت کاری حیزبیو دەستێوەردانی قەدەغەکبرێت لەناو فەرمانگەکانو پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشدا. بۆئەوەی ئەم دەزگایانە ببنە دەزگای نیشتمانیی نەک دەزگای حیزبیی.

ڕۆژنامە: ئەگەر لەسەر تەوەرێکی دیکە بدوێین، لە لێدوانەکەی نەوشیروان مستەفادا وتی، یەکێک لەئەرکەکانی داهاتوو ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕانە، چۆن ئەو کارە دەکەن؟

* سەرگەرمی ڕێکخستنەوەین، بەبیروبۆچوونی من دەبێت گۆڕان وا خۆی ڕێکبخات کە بەشێوەیەکی تەقلیدی نەبێت وەک جاران، یانی ئەوجۆرە حیزبایەتییەی باوە لەناو ئەم وڵاتانەدا دەبێت لەوە دووربکەوینەوە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت جەماوەرو سەرکردایەتی بزوتنەوەکە زۆر لێکەوە نزیک بن، یانی (٥٠) پلە نەبێت، کە زۆر لێکەوە نزیک بوون، ئەوە شەفافییەت دروستدەکات، لەپەرەسەندنی بڕیاری سیاسیدا لەسەر هەموو بڕیارە چارەنووسسازەکانی کە ئەو بزووتنەوەیە دەیدات، بەڵام ئەگەر بێتو لەنێوان سەرەوە بۆ خوارەوە دە پلیکانە هەبێت، ئەوە زۆر لەپەکتر دوورەدەکەونەوە، ئەوە جۆرێک لە ناوەندێتی توند دروستدەکات کەوای لێدەکات ژیانی دیموکراسی ناو بزووتنەوەیە کەمدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر یەک دوو قۆناغ لەنێوان خوارەوەو سەرەوەدا هەبێت ئەوە دیموکراسیو کراوەییو ڕۆشنایی زیاد دەکات، سەرکردایەتیو خەڵکەکەش لێک نزیک دەکاتەوە. دەبێت شتێکی زۆر سەردەمیانە بێت، دووربێت لە عەقڵییەتی ئەوەی پێیدەڵێن، مارکسیزم، ستالینیزم، لینینیزم، ئەو شێوازە حیزبانە نابێت جارێکی دیکە دروستبکرێنەوە، چونکە لەگەڵ ئەو سەردەمەدا ناگونجێن.

ڕۆژنامە: پێدەچێت ئەمە بەقسەکردن ئاسان بێت، بەڵام ئایا لەڕووی پراکتیکییەوە دەتوانن ئەوە جێبەجێ بکەن؟

* زۆر ئاسانترە، لەڕووی پراکتیکییەوە ئاسانترە، وەک لەڕووی قسەوە.

ڕۆژنامە: لەڕووی ئیشکردنەوە چاو لە هیچ حیزبێکی دنیا دەکەن، بۆئەوەی بتوانن بە پراکتیکیی ئەو کارە بکەن؟

* بەڵێ.

ڕۆژنامە: ڕۆشنبیرەکان باس لەوە دەکەن ئەوەی ئێستا گۆڕان بانگەشەی بۆدەکات، تەنیا تۆپکەڵەو ناوەڕۆکەکەی دیار نییە، ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بۆ هەڵبژاردنو خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنێکی دیکەیە یان بەقوڵیی لەڕووی فیکرەوە کار لەسەر گۆڕانی کۆمەڵگە دەکەن؟

* لە دنیای دیموکراسیدا ئیشی حیزب یان بزووتنەوەو گروپێک تەنیا خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردن، خۆ هیچ ئیشێکی دیکەی نییە. کاری حیزبی لە وڵاتانی دیموکراسی ڕاستەقینەدا، ئەوە نییە بێت فەرمانبەر دامەزرێنێتو دەری بکات، کارەکەی ئەوەیە هەڵبژاردن دەکات خۆی ئامادە دەکات یان دەبێتە بە حاکم یان دەبێتە ئۆپۆزسیۆن.

ڕۆژنامە: ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئێستا ئێوە بە ڕاشکاویی ناڵێن، یەکێتی نین، دەکرێت دڵتان بۆ یەکێتی لێبداتو لاشەتان بۆ گۆڕان ئیش بکات، بەتایبەت لە چاوپێکەوتنێکی ناوەڕاستی مانگی یانزەی (٢٠٠٨)دا وتووتە یەکێتیم؟

* ئەوکات وابوو، بەڵام ئێستا یەکێتی نیم، ناکرێت لەشوێنی دیکە ئیشبکەیتو حیزبێکی دیکە بیت.

ڕۆژنامە: هەر لەو چاوپێکەوتنەی پێشوودا وتووتە تائێستا کەس لەسەر بیروڕای جیاواز لە یەکێتیدا دەرنەکراوە، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕوویدا ئەوە کۆتایی یەکێتییە، پێتوایە کۆتایی یەکێتی هاتووە؟

* نابێت هیچ حیزبێک ئەندامانی لەسەر بیروڕای جیاواز دەربکات، جا هەرحیزبێک بێت زەرەر دەکاتو بەرەونەمان دەڕوات.

ڕۆژنامە: ئێوە باس لە شەفافییەت دەکەن، بەڵام کۆبوونەوەیەکتان لەگەڵ جۆن مەککەین کرد، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەتان بۆ ڕای گشتیی باسنەکرد، ئەوەندە شتی نهێنی تێدابوو کە نابێت باسبکرێت؟

* بەڵێ، ناتوانین هەموو شتەکانی باسبکەین.

ڕۆژنامە: لەو کۆبوونەوەیەدا هیچ پشتگیرییەکی ئەمریکاتان وەرگرتووە؟

* ئەمریکا پشتگیریی لە دیموکراسی دەکات لە کوردستاندا، هەرچۆن لە عێراقیشدا، پشتگیریی هیچ حیزبو لایەنێک ناکات هەرچییەک لە میدیاوە دەبیستیت، دەربارەی پشتگیریی لایەنەکان، وانییە ئەو کۆنگرێسمانانە کە لەگەڵ ئێمە دانیشتوون، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی سەبارەت بەوەی کە لە کوردستاندا بۆ یەکەمجارە گروپێکی ئۆپۆزسیۆن دروستدەبێت، چونکە پێیانوایە ئەوە خزمەت بە دیموکراسی دەگەیەنێت لە هەرێمی کوردستان، پێیانوایە ئەوە پەرلەمانەکە دەکات بە پەرلەمانێکی حەقیقی. لەبەرئەوەی ئەمریکا بەگشتیی پشتگیریی لە پرۆسەی دیموکراسی دەکات لەهەموو شوێنێکدا، پێخۆشحاڵبوون لەوەی ئۆپۆزسیۆنێک دروستبووە لە پەرلەماندا.

ڕۆژنامە: دەنگۆی ئەوە هەیە کە کۆمپانیای وشە داوای لە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کردبێت هاوکاریی مادیی بکات، داوای واکراوە؟

* هەرگیز، بەهیچ جۆرێک نەکراوە. نە لە مالیکی نە لەهیچ کەسێکی دیکە.

ڕۆژنامە: لەڕووی شەفافییەتی مادییەوە، ڕەخنەی ئەوە دەگیرێت کە بۆچی کۆمپانیای وشە وردەکاریی بودجەی لە وەرگرتنیەوە تا خەرجکردنی ناگەیەنێت؟

* تۆئەگەر پارە لە بودجەی گشتیی وەرگریت، ئیشی پێوە بکەیت دەبێت وردەکاریی ڕابگەیەنیت، بەڵام ئەی ئەگەر خەڵک یارمەتیت بدات، بازرگان هەیە یارمەتی دەدات بەومەرجەی ناوی نەبەیت، خەڵک لەسەر دەنگدان نانبڕاو دەکرێت، جا بزانرێت بازرگانێک یارمەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەدات، دەبێت بارودۆخی چۆن بێت، لەسەر داوای ئەوانە ئێمە ناتوانین ناویان ئاشکرا بکەین، ئەوکەسانە خۆیان بۆیان هەیە، هەشیانە داویکردووە وتوێەتی بزانم ئەو بڕە پارەیەتان چۆن سەرفکردووە.

ڕۆژنامە: لەکاتێکدا ئێوە ئازادیی سیاسی دەستەبەر بکەن، ئەو شەفافییەتە دەنوێنن؟

* بەڵێ دەتوانین، بەڵام ئێستا ناتوانین تووشی گێرمەوکێشەی بکەین لەگەڵ دەسەڵات، ئەو کەسە بەومەرجە یارمەتی دەدات کە ناوی نەبەیت.



پرۆفایل

- محەمەد تۆفیق ڕەحیم
- ساڵی ١٩٥٤ لە سلێمانی لەدایکبووە.
- ١٩٧٢ چووەتە فەرەنسا بۆ خوێندن.
- ١٩٧٤ بۆ خوێندن چووەتە بەریتانیاو ئەندازەی میکانیکی تەواو کردووە.
- ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران.
- ١٩٨٤ ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو یەکێتی بووە.
- ١٩٩٤ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی .
- ٢٠٠٦ دەستی لە ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسیی کێشاوەتەوە.
- ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشەیە.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بە لیستێکی جیاواز دادەبەزین

محەمەد تۆفیق رەحیم: دەسەڵات نـــ

سازدانی: هیوا جەمال

محەمەد تۆفیق رەحیم دەڵێت، بۆیە ئێمە لە پەرلەمان کشاینەوە، لەبەرئەوەی چەند شتێکی دیکە لەبەردەمماندایە، یەکێک لەوانە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقە، کە دەبێت کاری جدیی بۆ بکەینو بڕیارمانداوە بە لیستێکی جیاواز بەشداریی بکەین لەو هەڵبژاردنانەدا، بۆیە پێویستی بەوە هەیە کە زۆربەی کاتەکانی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین.

لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا، محەمەد تۆفیق، کە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشەیە، لەوبڕوایەدایە، کە دەسەڵات نازانێت حکومەتی سێبەر چییە، هەروەک بڕواشی وایە کە ئۆپۆزسیۆن پەرلەمانی ئەمجارە ئەکتیڤ دەکات، رەخنە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان دەگرێتو دەڵێت: دەبوایە، نەک هەر فراکسیۆنی گۆڕان، بەڵکو چوار حیزبەکەو ئەوانی دیکەش کاریان لەسەر ئەوە بکردایە، کە یاسا جێبەجێبکرایە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێبکرایەو هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی بە دەنگدان بوایە.

رۆژنامە: بۆچوونێک هەیە دەڵێت بە کشانەوەی ئەو سێ کەسە (نەوشیروان مستەفا، محەمەد تۆفیق، عوسمان بانیمارانی) لە لیستەکەدا، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەماندا بەشێک لە کاندیدە بەهێزەکانی لەدەستدەدات، بەومانایەی لەناو فراکسیۆنەکەدا بەشدارنابن، تاچەند متمانەتان بەو کەسانە هەیە، کە ناردوتاننەتە پەرلەمان؟

* من پێموایە دەتوانن جێمان بگرنەوە، چونکە ئەم فراکسیۆنە بە بەردەوامیی هەموومان پێکەوە کار دەکەینو ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەین، بەرنامەی سیاسیو بەرنامەی کارکردن پێکەوە دادەنێین، لەبەرئەوە ئەوانەی ئێمە دەتوانن جێی ئێمە بگرنەوە، بۆیە ئێمە کشاینەوە، لەبەرئەوەی چەند شتێکی دیکە لەبەردەمماندایە، یەکێک لەوانە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقە، کەدەبێت کاری جدیی بۆبکەینو بڕیارمانداوە بە لیستێکی جیاواز، بەشداریی بکەین لەو هەڵبژاردنانەدا، بۆیە پێویستی بەوە هەیە کە زۆربەی کاتەکانی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین. لەلایەکی دیکەوە، بزووتنەوەی گۆڕان پێویستی بەوەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان تا لەسەر پێی خۆی بەباشی دەوەستێت ئیدارە بکرێت.

رۆژنامە: هەرچەندە یەکەم دانیشتن پێوەر نییە بۆ ئەکتیڤبوون یان نەبوونی فراکسیۆنی گۆڕان، بەڵام کۆمەڵێک بۆچوون لەسەر ئەو دانیشتنە هەیە، یەکێک لەوانە مەسەلەی نەڕۆیشتنی ئێوە، بەتایبەت نەوشیروان مستەفایە، کە بۆچوونەکە وایە ئەگەر ئەو لەوێ بوایە ئەوەی روویدا نەدەبوو؟

* پێموایە ئەوە شتێکی شکڵییە، مەسەلەی ئەوەی کە وەک بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی دانیشتنەکە دەکات یان کەم تەمەنترین هاوکاریی بکەن، شکڵییە، بەڵام سەبارەت بەوەی دەنگ نەدرا لەسەر کاندیدەکان راستە، دەبوایە، نەک هەر فراکسیۆنی گۆڕان، بەڵکو چوار حیزبەکەو ئەوانی دیکەش کاریان لەسەر ئەوە بکردایە، کە یاسا جێبەجێبکرایە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێبکرایەو هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی بە دەنگدان بوایە.

رۆژنامە: ئەگەر نەوشیروان مستەفا ئەو سەرۆکایەتییەی بکردایە، هەمان سیناریۆ دووبارە دەبووەوە؟

* لەوانەیە دووبارە نەبوایەتەوە، لەوانەشە دووبارە بوایەتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو لیستانەی دەرەوەی لیستی دەسەڵات، دەبوایە لەسەر ئەوە سوربوونایە کە دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە.

رۆژنامە: ئێوە وەک بزووتنەوەی گۆڕان کە چەتری فراکسیۆنەکەنو دەکرێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن، چونکە کار بۆ بەرنامە سیاسییەکەی ئێوە دەکەن، ئێوە هیچ لێپرسینەوەتان لە فراکسیۆنی گۆڕان کردووە لەسەر ئەو رۆژە؟

* لێپرسینەوەمان لەگەڵدا نەکردوون، نامانەوێت وەک حیزبەکانی دیکە، لەدەرەوە وەک چۆن مەکتەبی سیاسیی ئەندامەکانی ئاراستە دەکاتو لەهەموو شتێکی کاروبارەکانیانیدا تەدەخول دەکات، ئێمەش ئاراستەیان بکەین. لەبەرئەوە لێپرسینەوەمان لەگەڵدا نەکردوون، بەڵام هەروەک وتم، ئێمە لەنزیکەوە هاوکارییان دەکەین، رێنماییان دەکەین، یارمەتیان دەدەین، بۆئەوەی بتوانن ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانیانە جێبەجێی بکەن، بەڵام ئێمە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکەین.

رۆژنامە: پێشتر بە لیستی گۆڕان دەوترا لیستی فەوزەوییەکان، لە پەرلەمانیشدا یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر لیستی گۆڕان بە زیادەوە سوێندی خوارد، ئەمە ئەو قسەیەی پێشتر جێبەجێ نابێت لەسەرتان؟

* نا، ئەوە لە کەمئەزموونیی ئەو برادەرەوەیە ئەو قسە زیادانەی لەسوێندەکەیدا کردووە، دەبوایە پابەند بوایە بە دەقی سوێندەکەوە.

رۆژنامە: چەندجارێک باسی ئەوەتان کردووە کە پەرلەمان ئەکتیڤ دەکەن، بەڵام فراکسیۆنی گۆڕان نەیتوانیوە (٥٠+١)ی کورسییەکانی پەرلەمان بباتەوە، چۆن پەرلەمان ئەکتیڤ دەکەن، ئەگەر لیستی دەسەڵات حسابی بۆ نەکردن؟

* دەبێت لەئەرکی پەرلەمان تێبگەین، کاتێک ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا هەبێت شەفافییەت زیاددەبێت، کە شەفافییەت زیادبوو پەرلەمان بیروبۆچوونی چاکی هەبوو، رەتکرایەوە لەلایەن حکومەتەوە، یان لەلایەن زۆرینەوە، ئەوکاتە زۆرینە ئیحراج دەبێت لەبەردەم رای گشتیی، وەک دەوترێت پەرلەمان نابێتە پەرلەمان ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبێت، مەبەستیان لەوەیە کە لە هەر وڵاتێکدا گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی تێدانەبوو شەفافییەتی تێدا نابێت، چونکە قسەکان لەنێوان خۆیاندا دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئۆپۆزسیۆنی تێدابوو، کە تەنیا لیستی گۆڕان نییە، لیستی چوار حیزبەکەشە، رەنگ هەیە تەنانەت لەناو لیستی دەسەڵاتیشدا کەسانێک هەبن کە زۆربەی زۆری ئەو پرۆژانەی کە ئێمە پێشکەشی دەکەین، یان گفتوگۆی لەسەر دەکەین یان داوای جێبەجێکردنی دەکەین پاڵپشتیمان بکەن، بۆ ئەو مەسەلانەی لەبەرژەوەندیی گشتییە، لەبەرئەوەی ئەو مەسەلانە کە وروژان لەناو پەرلەماندا، کە هەموو لە بەرژەوەندیی گشتیی بوو، بۆنموونە بودجە، کێشەی ئابووری، نەبوونی خانوبەرە بۆگەنجان .. تۆ کە ئەم مەسەلانە دەوروژێنیت دەگاتەوە بەخەڵک، ئەگەر حکومەت یان لیستی دەسەڵاتدار بۆچوونێکی سلبیی هەبێت سەبارەت بەوە، خۆی زیانی لێدەکات. لەبەرئەوە زۆرجار ئەو پرۆژانەی ئۆپۆزسیۆن پشتگیریی لێدەکەن یان لەکاتی هەڵبژاردندا دیعایەی بۆدەکاتو خەڵک بەلایەوە پەسەندە، دەتوانێت لەناو پەرلەماندا بە بەردەوامیی بیوروژێنێت، ئەوەش جۆرێک دەبێت لە ئیحراجکردنی حکومەت، بۆئەوەی کە بەشێک لەو پرۆژانە بە هەند وەربگرێت، چونکە خەڵک دەیبیستێتەوە کە ئەو پرۆژانە داواکراوەو پێشکەشکراوە، کە شەفافییەت ئەم رۆڵە دەبینێت، پیشانی دەدات ئۆپۆزسیۆن داواکانی چییە؟ ئەگەر بەپیری ئەو داوایەنەوە نەچێتو جێبەجێیان نەکات، ئیحراجیی بۆ دەسەڵاتو حکومەت دروستدەکات.

رۆژنامە: پێتوایە دەسەڵاتی کوردیی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتوانێت ئەم جۆرە هەلانە بقۆزێتەوە، ئەگەرچی بە وتە سەرۆکی نوێی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمیش ئەوەیان دووپاتکردەوە؟

* لە خولی پێشووی ئەم پەرلەمانەدا، لیستی دەسەڵات ژمارەی کورسییەکانی زۆرتربوو، لەبەر کەمتەرخەمیو کەموکوڕییەکانی حکومەت، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو کورسی بدۆڕێنێت، ئەگەر هەڵبژاردنەکان پاکترو رێکوپێکتر بوایە، ژمارەی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن زیاتریش دەبوو، ئەگەر حکومەت دەرس لەوە وەرنەگرێتو ئەوە رەچاو نەکات، چوار ساڵی دیکە هەڵبژاردنێکی دیکە لەبەردەمدایە شەش مانگی دیکە هەڵبژاردنێکی دیکە لەبەردەمدایە، ئەوە دەبێە هۆی زیاتر لاوازبووونی لیستی دەسەڵاتو حکومەت، بۆیە حکومەت دەبێت رەچاوی ئەو بیروبۆچوونانە بکات، یان ئەو پرۆژانە بکات، کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە پێشکەشدەکرێن، چونکە خەڵکی دەیبیستێتەوەو مەوزوعی بەرژوەندیی خەڵکە، بەڵام حکومەت گوێی پێنەداوە ئەوە بە زیانی ئەو تەواو دەبێت.

رۆژنامە: لەوبڕوایەدایت دەسەڵاتی کوردیی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا قبووڵ بکاتو پەراوێزی نەخات؟

* چۆن دەتوانێت پەراوێزی بخات، ئەوە نزیکەی ٣٨-٤٠ ئەندام پەرلەمان لە ئۆپۆزسیۆنە هەڵوێستیان جیاوازە لە هەڵوێستی حکومەت، ئەمانە نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەکەن، بێگومان دەبێت حکومەت بەشێوەیەکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو لیستەدا بکات، خۆ کۆمەڵێکی بچووک نین کە کەوتبنە ئەو شوێنەوەو کەس گوێیان لێنەگرێتو کەس بەچالاکییەکانیان نەزانێت، ئەوە بەرژەوەندیی حکومەتو لیستە دەسەڵاتدارەکانە کە ئەوە رەچاو بکەن. ئەوانە لەوێن نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لەخەڵک دەکەن، داواکانیان داواکاریی گشتییە بەرژەوەندیی تایبەتی تێدانییە، بۆنموونە کە داوای شەفافییەت دەکەن داوای شەفافییەت بۆ بەرژەوەندیی گشتیی دەکەن، کە داوای نەهێشتنی گەندەڵیی دەکەن لە بەرژەوەندیی خەڵکە.

رۆژنامە: لەماوەی دووهەفتەی رابردوودا زۆر باسی حکومەتی سێبەر کرا، دەسەڵاتیش بەشێوەیەکی دیکە تێی گەیشت...؟

* زۆر بەداخەوە دەسەڵات نازانێت حکومەتی سێبەر چییە. لەبەریتانیا بە ئۆپۆزسیۆن دەڵێن حکومەتی سێبەر، لە وڵاتێکی دیکە ناوی دیکەی هەیە، حکومەتی سێبەر، یانی ئۆپۆزسیۆن، بۆنموونە گریمان ئەم حکومەتەی لەپەرلەمانی کوردستان دەنگی پێدەدرێت (٢٠) وەزارەتی دەبێت، پێویستە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن بەیەکەوە یان هەریەکە بەجیا خۆیان ئەو وەزارەتانە دابەش بکەن بەسەر ئەندامەکانی خۆیاندا، جا بەتەنیا دەیکەن یان چەند کەسێکن، یان چەند کەسێک وەک راوێژکار دەگرێت لەسەر مەساریفی خۆی، بەدواداچوونی کاری ئەو وەزارەتە دەکات، بۆ نموونە وەزارەتی تەندروستی بزانێت ئەو بەڵێنانەی کە دەیدات چییە، پێویستە یەکێک وەزیری سێبەری ئەو وەزارەتە بێت، بزانێت ئەو وەزارەتە کارەکانی کە بەڵێنی داوەو ئەو بودجەیەی کە بۆی تەرخانکراوە وەک خۆی جێبەجێی دەکات یان کەموکوڕیی تێدایە، ئەمەیە حکومەتی سێبەر، خۆ حکومەتی سێبەر ئەوە نییە حکومەتێک هەبێت ئەویش بڕیار دەدات، بەڵام بەداخەوە لێی تێناگەن، کەوتوونەتە خوێندن لە حکومەتی سێبەر، لە هەر وڵاتێک بە ناوێک ناوی دەبەن، بۆ نموونە لە پەرلەمانی فەرەنسا حکومەتی فەرەنسی هەیە، لە پەرلەماندا ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن لەنێوان خۆیاندا دابەشیانکردووە، هەریەکەیان تایبەت بە بوارێکو وەزارەتێک، ئەمە شتێکی زۆر سەردەمیانەیە، لەجیاتی ئەوەی هەموویان لەهەموو شتێکدا قسە بکەن، کەسێک دێت بەوردیی بەدواداچوون دەکات، بزانێت کارەکانی وەک خۆی رادەپەڕێنێت بەڵێنەکانی دەباتە سەر، ئەو بەرنامەیەی لەسەری هەڵبژێردراوە جێبەجێی دەکات یان نا، ئەوەیە حکومەتی سێبەر، جا چی ناودەنێن ناوی بنێن.

رۆژنامە: وەک فراکسیۆنی گۆڕان، بەنیازی شتێکی لەو جۆرەن، جا ناوی حکومەت سێبەر یان هەر ناوێکی دیکە بێت؟

* ئێمە ناوی نانێین، بەڵام خۆ پێویستە لەو (٢٥) کەسە، ئەگەر (٢٠) وەزارەتیش هەبێت هەریەکەیان ئیشەکانی وەزارەتێک بگرنە ئەستۆ، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆبکات، بزانێت ئەو وەزارەتە سەرکەوتووە یان نا، ئیشەکانی رێکوپێک دەڕوات یان نا، بودجەکەی باش سەرف دەکات یان نا، خروقات دەکات یان نا، گەندەڵیی تێدایە، ئەمە شتێک نییە، ئەمانە لەخۆیانەوە کەوتوونەتە هەرا، نابێت لێی بترسن ئەوە ئاساییە.

رۆژنامە: ئەو چاودێریو بەدواداچوونە، پەرلەمانتارەکان دەیکەن، یان خەڵک لەدەرەوە رادەسپێرن؟

* پێویستە ئەندامانی پەرلەمان ئەو کارانە بکەن، بەڵام داوای یارمەتی لەهەرکەس بکەن ئاساییە، دەکرێت بە ناڕەسمیی تەکلیف لە خەڵک بکەن هاوکارییان بکەن، رێنماییان بکەن، یارمەتییان بدەن، کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکەن، ئەوکەسەش کە ئەو شتانە دەڵێت بۆئەوەیە کە ئەو وەزارەتە ئیشەکانی بەرەوپێش بڕوات. ئەو وەزارەتە بزانێت یەکێک هەیە چاوی لەسەریەتیو چاودێریی دەکات، رەنگە لەم وڵاتەی ئێمە شتێکی نوێ بێت، بەڵام دەبێت ئەمە ئیشی پەرلەمان بێت، بۆئەوەی پەرلەمان ئیشەکانی باش بڕوات پێیوستە ئەو خەڵکانەی لەوێن هەریەکەیان پسپۆڕیی لەبوارێکدا پەیدا بکەن، بۆئەوەی بتوانن پرسیاری جدیی بکەن، نەک هەرکەسێک هەستێت لەم سەری دنیاوە بۆئەوە سەری دنیا قسە بکات بۆ ئەوەی بڵێن فڵانکەس قسەی کرد، ئەمە لەهەموو پەرلەمانێکی راستەقینەو حەقیقیدا هەیە.

رۆژنامە: پێشتر رەخنەی ئەوە لەپەرلەمانتارەکان دەگیرا، کە بۆ دڵنەواییو پۆست وەرگرتن چوون، ئەو پەرلەمانتارانەی ئێوە ناردوتانن، تایبەتمەندیان تێدایە؟

* نەک هەر لە لیستەکەی ئێمە لە لیستەکانی دیکەش خەڵک لەسەر تایبەتمەندێتیی دانەنراوە، بەڵام خۆیان دەبێت راوێژکار بگرن، بەڵام ئەگەر ئیشەکان لەنێوان ئەندامانی فراکسیۆنەکەدا دابەشکران هەرکەسیان تایبەتمەندییەکی بەرکەوت، ئەوکاتە دەتوانێت داوای یارمەتی لەکەسی دیکە بکات، بۆئەوەی رێنمایی بکەنو لێکۆڵینەوەو پێشنیازی بۆبکەن، ئەوە دەکەوێتەوە سەر ئەو ئەندام پەرلەمانە چەند چالاکە. سەرکەوتنی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەریەکەیان بوارێکی دیاریکراو هەڵبژێرێت ئەوکاتە گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان گەرموگوڕتر دەبێت، وەزیرەکەش ناچار دەکەیت کە خۆی ئامادە بکات، کە تائێستا ئەمانە نەکراوە.

رۆژنامە: ئێوە پەرلەماناتارەکانی خۆتان لەسەر ئەمانە پۆلێنکردووە؟

* بەشێکی زۆریان تایبەتمەندێتیی باشی هەیە، هەروەک وتیشم مەرج



دەبوایە لە دانیشتنی یەکەمدا ئۆپۆزسیۆن کاری لەسەرئەوە بکردایە کە یاسا جێبەجێبکرایە

ژمارە (540) سێشەممە 2009/8/25
info.rozhnama@gmail.com

SAMSUNG

بۆ ئاسودەیی باشترینە

SAMSUNG

00964 770 152 0089 www.bayadgroup.com info@bayadgroup.com

Bayad Company

BAYADGROUP

کۆمپانیای بەیاد

سلێمانی – شەقامی سالم – تەلاری جەمال حاجی عەلی – هەولێر – شەقامی پیرمام – تەنیشت بەنزینخانەی شۆڕش – بەغداد – کەرادە – شەقامی سەددە

هاوڕێ باخەوان:

دیاریکردنی سنووری هەرێم بە پشتبەستن بە مادەی (١٤٠) کارێکی گێلانەیە

سازدانی، ئاسۆ عوسمان


هاوڕێ باخەوان

رووناکبیرو یاساناس، هاوڕێ باخەوان رەخنە لە داڕشتنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەگرێتو ئاماژە بە چەندین بڕگەی دژ بەیەکو نارون دەدات لە ڕەشنووسەکەدا، سەبارەت بە سنووری هەرێمی کوردستانیش دەڵێت: «سنووری ولاتێک بەم شێوەیە دیاریی ناکرێت، من ترسی ئەوەم هەیە ئێستاش دەسەلاتی کوردی نەزانێت کوێ کوردستانەو کوێش عێراقە. ئەمە جگەلەوەی باسی ئەو شوێنانەی دیکەی کورد نەکراوە کە سەر بە پارێزگای (کوت)ن، وەک بەدرەو جەسان، بەهەموو شێوەیەک واز لە کوردستانیبوونی شاری موسڵ دەهێنینو ئەگەر موسڵ شارێکی عەرەبی بێت بەپێی دەستووری هەرێم، ئیدی لیستی برایەتی پارتیو یەکێتی چی دەکات لە موسڵ؟».

رۆژنامە: لەدەستووردا هاتووە ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە، لە رۆژی سوێندخواردنی دەستوورییەوە دەستپێدەکات، دەکرێت بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە، لە رۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە، بەپێی ڕەشنووسی دەستوور بارزانی ماوەی ئەم چوارساڵەی پێشووی سەرۆکایەتی بۆ حیساب نەکراوەو دەتوانێت ماوەی (٨)ساڵی دیکە سەرۆکایەتی هەرێم بکات، بۆچوونی تۆ لەوبارەیەوە چییە؟

* ئەم مادەیە مەرامێکی سیاسیی لە پشتەوەیە، نەک لە بەرژەوەندیی پارتییە، بەڵکو بەتەواوەتی بۆ خودی سەرۆکی ئێستای هەرێم نووسراوەو خاترخۆترانەیەکی زۆری تێدایە! بەپێی ئەم مادەیە دەکرێت سەرۆکی ئێستای هەرێم بۆ ماوەی (١٢)ساڵ (یان زۆرتر) فەرمانڕەوای کوردستان بێت، ئەمەش دووجار لە بنەما دەستوورییەکانەوە، هەر لە هەمان دەستووردا زۆر لە مادەکانی، هێزە جێبەجێکارییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش تێپەڕاندنی ئەم دەستوورە، لەوانە باجو کۆکردنەوەی هەندێک رسومات، بەڵام چونکە ئەمەیان لەبەر خاتری سەرۆکی ئێستای هەرێم نووسراوە! دەڵێت لە رۆژی هەموارکردنیەوە کاری پێدەکرێت! واتە ئەو چوار ساڵەی پێشوو هیچ.

بۆ زانیاریشتان هێشتا دەستوورەکە هەموار نەکراوە، واتە هێشتا ویلایەتی دووەمی سەرۆکی ئێستای هەرێم ناکەوێتە ناو پراکتیککردنی ئەم مادەیەوە! واتە تا ئەو ڕۆژەی ئەو دەستوورە هەموار دەکرێت، ویلایەتەکانی سەرۆکی ئێستای هەرێم حیساب ناکرێت! کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین، سەرۆکی ئێستای هەرێم بۆ ماوەی زۆرتر لە (١٢)ساڵ سەرۆکی هەرێم دەبێت.

رۆژنامە: لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە یاساناسانو رۆشنبیرانو سەرجەم چین‌وتوێژەکانی دیکەوە داوای دەستوورێک دەکەن بۆ دیاریکردنی ئەرکو مافەکان، ئێستا تێبینی دەکرێت دوای پەسەندکردنی ڕەشنووسی ئەو دەستوورە لەلایەن پەرلەمانەوە، دەستوورەکە ڕەتدەکرێتەوە، ئایا ناوەرۆکی ئەم دەستوورە ئەوەندە دواکەوتووو کۆنەخوازانەیە ئەم هەموو هەڵایەی لەسەر دروستکراوە؟، ئایا یەکەم ڕەشنووسی دەستوور لەمێژووی کوردستاندا دەبێتە سەرەتایەک بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا، یان بەپێچەوانەوە؟

* من هەندێکجار ڕەتکردنەوە یان نەکردنەوەی بە بڕیارو بەرژەوەندیی سیاسیی دەزانم، خودی خۆم هەروەک لە پەرتووکی (دەستووری واهی خوێندەوە)دا باسمکردووە، ناتوانم هێڵێکی ڕاستو چەپ بەسەر ئەو دەستوورەدا بهێنمو هەمووی ڕەتبکەمەوە، چونکە ڕەتکردنەوەی تەواوی دەستوورەکە، ڕەتکردنەوەی ئەو پرنسیپە دەستوورییە نێودەوڵەتییانەشە کە دەستوورەکە کەمو زۆر باسیکردوون، دیارە زۆرینەی ئەو پرنسیپە نێودەوڵەتییانەش زادەی چەندین سەدەی هزری مرۆڤایەتین بەگشتیی، باشتر وایە ئەو کەسو لایەنانە دوور لە بەرژەوەندیی سیاسییانەی خۆیان سەیری دەستوورەکە بکەنو وەک بابەتێکی گشتگیر لێی نەڕوانن، بەڵکو مادە بە مادەو بڕگە بە بڕگە لێی بڕوانن. ناشکرێت تەواوی دەستوورێک لەسەر چەند مادەیەکی ڕەتبکرێتەوە، بەڵکو دەکرێت هەندێک مادەی لابببرێت یان دەستکارییان بکرێت، هەڵبەت لابردنو دەستکارییکردنی هەندێک لە مادەکانی زۆر ئاسانترە لە ڕەتکردنەوەی هەموو دەستوورەکە، چ لە باری تەکنیکییەوەو چ لە باری بەرژەوەندیی ئەو لایەنانەی کە لە پشت نووسینەوەی ئەو دەستوورەوەن.

رۆژنامە: لە بڕگەی(١٠) مادەی(١٩) ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، هاتووە هەموو کەسێک مافی ئازادیی رادەربڕینی هەیەو پێویستە ئازادیی‌ڕۆژنامەگەرییو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو رادەربڕین فرەلایەنیان مسۆگەربکرێت، لەهەمان بڕگەدا هاتووە ئەو مافە تواناج و تەشەرو دەستدرێژیی بۆسەر مافی خەڵکی دیکەو سوکایەتی بە پیرۆزییە ئایینیەکانو هاندان بۆ تووندوتیژیی بەرەوپێدانی ڕقوکینە لەنێو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان ناگرێتەوە. ئەم بڕگەیە ئازادیی ڕۆژنامەوانیو رادەربڕین بەرتەسک ناکاتەوە؟

* ئەو کاتەی لە کۆلیژی یاسا دەمخوێند، مامۆستایەکمان هەبوو دەیوت: «یاسا عێراقییەکان زۆر باشن، بەڵام ئەوەی کوشتونی، ئیستیسناکانیانە!» ئەم بڕگەیەش بەشی یەکەمی زۆر باشە، بەڵام ئەوەی کوشتوویەتی ئیستیسناکەی بەشی دووەمیەتی! لە ڕاستیدا ئەم بڕگەیە تاکە بڕگە نییە لە دەستوورەکەدا کە پرنسیپی دژبەیەکی تێدابێت، بەڵکو لە هەندێک شوێنی دیکەش ئەم دژبەیەکییە هەستپێدەکرێت، دەربارەی ئەم بڕگەیەیان نەدەبوایە ئەو کلکی مافی خەڵکو پیرۆزیی ئایینی پێوەبلکایە، ئەمە وەکو ئەوە وایە من بڵێم: باوەڕم بە مافی ژنان هەیە، بەڵام ژنی دووەمیش دێنم.

بەکورتی ئەو ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەی بۆ ئەوە تێکراوە کە بڵێن، ئەها لە دەستوورەکەماندا باسی ئازادیی ڕۆژنامەگەریو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنمان کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا بەکۆمەڵێک کۆتی وا بەستوویەتییەوە کە نەبوونی باشتربوو، هەمان وەڵامیش ڕاستە بۆ پرنسیپەکانی دیموکراسیو حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام لە مادەی شەشی دەستوورەکەدا.

ڕۆژنامە: لە مادەی(٢)ی دەستوورەکەدا، سنووری جوگرافی سیاسیی هەرێمی کوردستان دیارییکراوە، بەڵام لەبڕگەی دووەمی هەمان مادەدا سنووری سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، بەستراوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە، یەکلاییینەکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانو جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)، ناڕوونی لەئایندەی ئەم ناوچانەو کێشەیەک لەم مادەیە دروستدەکات، لەکاتێکدا لە بڕگەی دووەمی مادەکەدا ئاماژە بەسنووری سیاسیی کراوە، نەک جوگرافی؟

* لێرەدا سنووری باشووری کوردستان بەشێوەیەکی زۆر نادیارو ناپڕۆفیشنالانە دیاریکراوە، ریزکردنی ئەو شوێنانە هەر لەوەدەچێت کە لای سەوزە فرۆشێک بڵێی ئادەی «یەک دوو کاڵەکو چوار پێنج بۆڵەترێو هەندێک تەرەی دیکەم بدەرێ»، بەبێ ئەوەی دیاریی بکەیت بە تەواوەتی چیت دەوێت.

سنوورکردنی وڵاتێک بەم شێوەیە دیاریی ناکرێت، من ترسی ئەوەم هەیە ئێستاش دەستەڵاتی کوردی نەزانێت کوێ کوردستانەو کوێش عێراقە. ئەمە جگەلەوەی باسی ئەو شوێنانەی دیکەی کورد نەکراوە کە سەر بە پارێزگای (کوت)ن وەک بەدرەو جەسان، بەپێی ئەم دەستوورەش بەهەموو شێوەیەک واز لە کوردستانیبوونی شاری نەینەوا دەهێنینو ئیتر پێویست بەوەش ناکات لیستی برایەتی گلەیی لە لیستی حەدبای عەرەبەکان بکات لە شاری موسڵدا، ئەگەر موسڵ شارێکی عەرەبی بێت بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئیدی لیستی برایەتی پارتیو یەکێتی چی دەکات لە موسڵ.

دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کارێکی گێلانەیەو ئەوەندەی تر کارەکان ئاڵۆز دەکات، جگە لەوەی دەبوایە لە دەستوورەکەدا وەک پەراوێزێک مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی دابنرایە، بۆئەوەی بیری خەڵکی بهێننەوە کە ئەم مادەیە بەتەواوەتی چی دەڵێت.

ڕۆژنامە: لەمادەی (٦)دا هاتووە، نابێت هیچ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا، هەروەها لە بڕگەی دووەمی ئەم مادەیەدا هاتووە، ناشبێت هیچ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا، ئایا کێشەیەکی گەورە بەدیدەکرێت لەم مادەیەدا بەهەمانشێوەی ئەو کێشەیەی لەدەستووری عێراقدا هەیە؟

* من لەسەداسەد بە پێشێلکردنێکی ئاشکرای دیموکراسیو ئازادییەکانی مرۆڤی دەزانم، بوونی بڕگەیەکی وا لە دەستوورەکەدا نەک هەر هەڵەیە، بەڵکو عەیبیشە!، ئەگەر باوەڕمان بە بنەماکانی دیموکراسی بێت، دەبێت باوەڕیشمان بەوە بێت ئافرەتی کورد، مرۆڤی کوردەو نیوەی کۆمەڵگەی ئێمەیە، بەڵام لەم دەستوورەداو بەپێی حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام دەکرێت، دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار مارەبکرێن! ئافرەتی کورد نیوەی پیاوی کورەد لە دادگاکانداو لە میراتیشدا نیوەی براکەیەتیو زۆر کاری دیکە، کە حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام! پێش چواردەسەدە دایناونو ئێمە پاش چواردەسەدە، دەڵێین نابێت یاساکانمان لەگەڵ ئەو حوکمە نەگۆڕانەدا ناکۆک بن، ئەمە نە دیموکراسییەو نە باوەڕبوونە بە بنەماکانی دیموکراسی.

ئەو لیژنەیەی ئەم عەیبە گەورەیەی خستووەتە ئەم دەستوورەوە، پێش هەموو ئافرەتێکی کوردستان، سووکایەتی بە خۆی، بە دایکی، بە خوشکی، بە کچی کردووە، دەبێت هەرچۆنێک بێت یەکێک لەو دوو بڕگەیە دەربهێنرێت، یان ئەوەتا حکومەتی هەرێم حکومەتێکی ئیسلامییەو بڕگەی بنەماکانی دیموکراسی لابببرێت، یان حکومەتێکی دیموکراتییەو بڕگەی حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام لابببرێت، چونکە ئەو دووانە بەهیچ شێوەیەک یەکناگرنەوە، ئەگەر ئیسلامیی بیت، دیموکرات نیتو ئەگەریش دیموکرات بیت، ئیسلامیی نیت.

ڕۆژنامە: لە دەستووردا هاتووە، پاش ڕەزامەندیی زۆرینەی دەنگدارانی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بە پەسەندکراو دادەنرێت، بەڵام ڕێژە دیارینەکراوە بۆ پەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوەی دەستوور، یاساناسان ئەمە بەکێشەیەکی گەورە دەبینن‌و پێیانوایە، دیارینەکردنی بە بەڵێی ڕێژەی دوو لەسەر سێی خەڵکی کوردستان بەدەستوور، فێڵێکی سیاسییەو بۆ تێپەڕاندنی دەستوور، تاچەند ئەم ڕەخنانە لەجێگای خۆیاندان؟

* ئەم ڕەخنانە لە جێی خۆیاندان، دەسەڵات یان دەستوورەکە، هەر باسی بەڵێی بۆ دەستوورەکە کردووە، ئەی ئەگەر خەڵکی وتیان نەخێر، ئەو کاتە چ دەبێت. هەروەها ئەوەش گرنگە ئایا هەمواکردنی دەستوور بە (٥١٪)ی دانیشتووانی هەرێم دەبێت یان دوو بۆ سێی، ئەمە بێجگە لەوەی ئەگەر هەمواریش بکرێت بە ڕای من هێشتا هەر ناچێتە خانەی یاساو دادەوە، چونکە نیوەی دانیشتووانی باشووری کوردستان لە دەرەوەی هەرێمنو هێشتا بەفەرمی توانای دەنگدانی ئەو دەستوورەیان نییە. بۆچی من دەنگ بۆ کەرکوکییەک بدەم. ئەدی بۆچی هەولێرییەک لەجیاتی مەخموریییەکو زاخۆییەک لەجیاتی شەنگارییەک بڵێت، بەڵێ یان نەخێر بۆ دەستوور.

– هاوڕێ باخەوان

– ساڵی ١٩٦٦ لە سلێمانی لەدایکبووە.

– ساڵی ١٩٨٤ چووەتە بەشی یاسای کۆلیژی یاساو رامیاریی زانکۆی موسڵ، ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی بەشدارینەکردن لە ڕاهێنانی هاوینەی سەربازیی بەعس، بۆماوەی ٢ساڵ لە زانکۆ دەردەکرێتو ساڵی ١٩٩٠ کۆلیژی یاسای تەواوکردووە.

– لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بووەتە ئەندامی پاسۆک.

– ساڵی ١٩٩٢ چووەتە دەرەوەی وڵات، لەلاهای هۆڵندا دەژی.

– کارمەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەو ئێستا لە بەشی یۆگۆسلاڤیای دادگای لاهای بەڕێوەبەری داتاکانە.

– زیاتر لە ١٠ کتێبو نامیلکەو بلاوکراوەی هەیە.

– دوا کتێبی (دەستوورم واهی خوێندەوە) کۆمەڵێک ڕەخنەو تێبینی یاسایی، زمانەوانیو لۆجیکییە لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – ٢٠٠٩ – هێشتا چاپ نەکراوە.

ووی کوردستان



ئەمڕۆ لە وڵاتانی دونیای پێشکەوتوودا دامودەزگاکانی وڵات لە حاڵەتی ئامادەباشیدان بۆ هەموو ئەگەرەکانی رووداوە سروشتییەکان، جا چی بە چاودێریکردن بێت بۆ ڕێگرتن لە کارەساتەکان، یاخود بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەی رووداوەکان، بۆ هەموو حاڵەتێکیش ژووری عەمەلیاتی تایبەتی خۆی هەیە.

لە هەموو جیهاندا گرنگترین دەزگا، دەزگای پلاندانانە کە بەهۆیەوە پلاندارشتن بۆ هەموو پڕۆژەکان دەکرێتو لە هەمانکاتیشدا بەرنامەی کاریشی بۆ دادەنرێت، بەپێی ئەو بەرنامانە پڕۆژەکان جێبەجێدەکرێتو بەڕێوەدەچێت، ئەوەی کە جێگەی داخە لە کوردستانی ئێمەدا ئەو دەزگایە نییە، کاتێ کە دەزگای پلاندانان نەبێت، کەواتە بەرنامەش نابێتو کارەکانیش بێ پلانو بێ بەرنامە بەڕێوەدەچێت، سەرەڕای ئەوەش لەم وڵاتەدا مەزاج بەرپرسە، لەبەر ئەوە پڕۆژەکان بەرپرسەکان بڕیاری لەسەر ئەدەن، تەنانەت چارەسەرکردنی کێشەکانیش بە هەمان شێوەن.

بازیان نموونەی وێرانییە

سالانێک بوو بیرم لەوە دەکردەوە، کە ڕۆژێک بێت بازیان هەر لە گوندی سەرچاوەوە هەتا دێلێژە تەنیا برنجو تەماتەی تیادا بچێنینو هەموو جۆرە کشتوکاڵێکی تیادا قەدەغەبکرێت، ئۆردوگاکان تێکبدرێتو خەڵکەکە بچنەوە سەرگوندەکانیان، کاتێ بە پێچەوانەوە ئەوەتا پاڵاوگەی نەوتو کارگەی چیمەنتۆ لەو ناوچەدا دانراوە، ئەم دوو جۆرە کارگەش لەو کارگانەن کە ژینگە لەناودەبەن.

کوردستان بەو هەموو توانا بەشەرییە گەنجەوەو بوونی چوار زێی گەورە (لەنێوان هەر دوو زێ لەم زێیانە دەشتێکی بە بەرەکەت، وەک ئاکرێ، مەخمور، حەسار، گەرمیان، زەنگابات) هەیە، کە هەرێمەکە لەسەرەوە تاسنووری عێراق کە (دیجلەیە) دەبڕێتو، بەناو دەشتەکاندا تێدەپەڕێو، هەر لە موسڵەوە هەتا خانەقینە، هەروەها بوونی دەیان سەرچاوەی دیکەی ئاو، بوونی سەدان هەزار هێکتار لە زەوی بە پیتو بەرەکەت، جگە لەوە کەشوهەوای کوردستان، کە یارمەتیدەرە بۆ پڕۆژە ستراتیجیەکانی کەرتی کشتوکاڵیو ئاودێریی، بەرامبەر بە بوونی ئەو هەموو تواناو وزانە، وڵاتەکەی ئێمە ڕووبەڕووی وشکەسالێی بووەتەوە .

پلانێکی ستراتیژیی

لە کاتێکدا کە ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیا جیهانی بچوککردوەتەوە لە ڕێگەی گلۆبالی ئیلێکترۆنییەوە، لە کاتێدا ئەمریکا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە جەنگی ئەفغانستاندا بەکار دەهێنێو بەنیازیشە ڕۆبۆت لە جیاتی سەرباز بەکاربهێنێ، ئا لەم کاتەدا ئێمە بە تانکەر باخەکان ئاو دەدەین، لەمەش زیاتر ئێمە ئاوی خواردن بە تەنکەر دابەش دەکەین .

ئەگەرچی زووە ئێمەش وەک هەموو وڵاتانی دونیا بیر لە داهاتووی ئەم وڵاتە نەکەینەوە، ئەوا ڕۆژێک دێت نە سیاسەتو نە نەوتو نە باڵەخانەو نە پارەی بانکەکانو نە پیشەسازیش هەرچەندە نیمانە فریای ئەم میللەتە ناکەوێت، بۆیە تەنیاو تەنیا پلانێکی تۆکمەی هاوچەرخ دادی ئێمە دەدات.

من پێموایە هەرچی زووە کار بکرێ بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە ستراتیژییەکانی کشتوکاڵو ئاودێریی، بۆ ئەوەی پلانی زانستیو تۆکمە لەسەر ئاستی پڕۆژەکانی جیهان پەیڕەوبکرێو هەوڵبدرێ بۆ ئەوەی هەرچی زووە کوردستان ببێ بە تابلۆیەکی سەوز بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەسالێی.

هەرێمی کوردستانی لێ بێبەشدەکرێت

حەوت ناوچەی پیشەسازیی لە عێراق دەکرێتەوە

ئارام شێخ وەسانی

حکومەتی عێراق لە پێناو بووژاندنەوەی کەرتی بازرگانیدا، بڕیاری کردنەوەی حەوت ناوچەی پیشەسازیی دەداتو فەوزی حەریری، وەزیری پیشەسازیی عیراقیش، ڕایگەیاند: وەزارەتی پیشەسازی گرێبەستی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عێراق واژۆکردووە بە مەبەستی دروستکردنی ئەو ناوچە پیشەسازییانە.

سایتی «ئەسوات ئەلعێراق» بڵاویکردەوە، کە لە ماوەی ڕابردوودا وەزارەتی پیشەسازی عێراق گرێبەستی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ واژۆ کردووە، کە بریتین لە تورکیاو ئێرانو سوریاو ئوردن».

وەزیری پیشەسازی ڕاشیگەیاند: «وەزارەتەکەیان (٣) ناوچەی بازرگانیی لەگەڵ ئێران دەکاتەوە، هەروەها لەگەڵ سوریا بڕیارە لە ئەنبارو موسڵ دوو ناوچە بکرێنەوە، هەروەها دوو ناوچەی بازرگانییو پیشەسازی لەگەڵ تورکیا دەکرێتەوە، یەکێک لە موسڵو یەکێکیان لە نزیک دهۆکە».

بەڵام، دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕایگەیاند: کە ئەگەرچی کردنەوەی ئەو ناوچە پیشەسازیانە سوودی زۆری بازرگانی لێدەکەوێتەوە، بەو هۆیەی کە کرانەوە دروستدەکات، بەڵام ئەو ناوچە پیشەسازیو بازرگانیانەی کە بڕیارە لە عێراق بکرێنەوەو وەزارەت گرێبەستی بۆ ئەنجامداون هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە.

بە وتەی خەیات، ئەوان لە هەرێمی کوردستان پلانی خۆیان هەیە بۆ کردنەوەی دوو ناوچەی پیشەسازیی لە سنووری سلێمانیو زاخۆ لەگەڵ تورکیاو ئێران، ئەوەی کە وەزیری بازرگانییو پیشەسازیی باسی کردووە لە دهۆک نییە، بەڵکو لە ناوچەی فایدەی سەر بە موسڵە کە نزیکە لە دهۆک.

دارا جەلیل خەیات، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە ئەو ناوچانە گرنگی زیاتر دەبەخشن بە خاڵە سنوورییەکان بەتایبەت هەردوو دەروازەی سنوری هەرێمی کوردستان، هەروەها مۆدێلی ئەو ناوچە پیشەسازییانە شتێکی تازە نییە لە عێراقدا، بەڵام بۆ کوردستان شتێکی تازەو باشە، چونکە بازرگانان دەتوانن کاڵاکانیان لەو ناوچە بازرگانییانە دابنێن تاکوو بەرهەمەکانیان دەفرۆشن.

حاجی قادر سەعید، بازرگانێکی شاری هەولێرە، سەبارەت بە کردنەوەی ناوچەیەکی بازرگانیی پیشەسازیی لە زاخۆ، باس لەوە دەکات؛ کە ئەو وەک بازرگانێک زۆربەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی تورکیادایە، هەر لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە کاڵاکانیان دەگوازنەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی ناوچەیەکی بازرگانیی بۆ دانانی کەلوپەلە هاوردەکان چەندین گرفتیان بۆ دروست بووە، لەبەر ئەوە ئەگەر ناوچەیەکی بازرگانیی بکرێتەوە لە زاخۆ سوودی زۆر بە بازرگانان دەدات، کە کاڵاکانیان لەو ناوچەیە دابنێن تاوەکوو دەیفرۆشنەوە، بە بڕوای ئەو بازرگانە «ئەو ناوچانە کەرتی بازرگانیی دەبووژێنەوە».



دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیل فۆتۆ: ئەرشیف

فڕۆکەخانەی مەدەنیی لە پارێزگاکانی عێراقدا دروست دەکرێت

وەزارەتی گواستنەوەی عێراق لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە، بۆئەوەی لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە فڕۆکەخانە لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا دروستبکات.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بە ڕۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدای ڕاگەیاندووە، عامرعەبدولجەباری وەزیری گواستنەوە لەگەڵ ژمارەیەک پسپۆڕی بواری فڕۆکەوانیدا کۆبوونەتەوە، بۆئەوەی دەربارەی دروستکردنی فڕۆکەخانەی مەدەنی لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق گفتوگۆبکرێت.

وتیشی، دروستکردنی ئەوفڕۆکەخانانە کە لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە دەبێت لەسەر خواستی پارێزگاکانەو دوای ئەوەی لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی ماوەی پڕۆژەکەو سەرپەرشتیکردنی لەنێوان وەبەرهێنانو وەزارەتی گواستنەوەدا پێکدەهێنرێت دەستدەکرێت بەدروستکردنی فڕۆکەخانەکان، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکرد، خاوەنداریێتی ئەو زەوییانەی فڕۆکەخانەکانیان لەسەر دروستدەکرێت بۆ وەزارەتی گواستنەوەی عێراق دەگەڕێتەوە.

عێراق بایی (٤) ملیار دۆلار نەوتی لە مانگی ڕابردوودا فرۆشتووە

وەزارەتی نەوتی عێراق بڵاویکردووەتەوە کە تەنیا لەمانگی ڕابردوودا بە بڕی (٦٣)ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕەوانەی دەرەوە کردووە کە بایی (٤)ملیار دۆلارە.

عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاماژەی بەوەکرد، کۆی داهاتی وەزارەتەکەی لە مانگی تەممووزی ئەمساڵدا (٤)ملیارو (٦٥)ملیۆن دۆلار بووەو لەومانگەشدا (٦٣)ملیۆنو (١٠٠)هەزار بەرمیل نەوت فرۆشراوە، هەروەها ڕوونیشیکردەوە کە لەو ڕێژەیە (٤٦)ملیۆنو (٢٠٠)هەزار بەرمیل نەوتی لە کێڵگەکانی بەسرە بووە کە بایی (٢)ملیارو (٩٩٨)ملیۆن دۆلار بووەو (١٦)ملیۆنو (٩٠٠)هەزار بەرمیلیش لەکێڵگەکانی کەرکوکەوە هەناردەکراوە کە بایی (١)ملیارو (٦٧)هەزار دۆلار بووە.

وتەبێژەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق وتیشی، لەم مانگەدا (٩٦)کۆمپانیای جیهانی لە ئەوروپاو وڵاتانی عەرەبیو ئاسیاو ئەفریقاوە نەوتیان لە عێراق کڕیوە.

تێکڕای هەناردەی نەوتی عێراق لە مانگی حوزەیراندا (٥٧)ملیۆنو (٧٠٠)هەزار بەرمیل بووە کە بایی (٣)ملیارو (٧١٤)هەزار دۆلار بووە.

وشکەسالّیی‌و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتر

ئەندازیار/ ئەمین جاف





سەلمێنراوێکی زانستییە، کە رێژەی (٢/٣)ی پێکهاتەی ئەم ئەستێرەیەی ئێمە ئاوەو (١/٣)کـەی دیکەیشی وشکانییە، ئـەو بـرە ئاوەیش لە سـێ شـێوەدا بە بەردەوامیی لە گۆڕانکاریدایە، بۆ نموونە ئـاو لەشێوە سروشتییەکەی خۆیدا وەک ئاو، سەهۆڵ (بەستەڵەک)، گاز (لە شێوەی بوخاردا وەک کاژێک بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە)، کەواتە ئەو برە ئاوەی سەرزەوی بڕێکی نەگۆڕە (کاتێ لە ناوچەیەک وشکەسالّیی رووبەدات لە ناوچەیەکی دیکە لافاو رووبەداتو بە پێچەوانەشەوە، کەواتە هەر ئەو برە ئاوەیە بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە لە جموجوڵدایە).

هەروەها بە نیسبەت وشکاییەوە لە دوو شێوەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش شێوە گازییەکەیەتی (هەموو جۆرە گـازەکـان کە لە ئاکامی گۆڕانکارییە کیمیاوییەکانی شێوە وشکەکە پێکدێن، جا ئەو گۆڕانکارییە ئەگەر سروشتی بێت یا بە دەستێ مرۆڤ)، شێوە وشکەکە کە گڵە ئەویش هەموو جۆرە کانزاکان لەخۆ دەگرێت.

تێکچوونی رێژە سروشتییەکانی ئاوو وشکایی هۆی سەرەکی هەموو کارەساتە سروشتییەکانی سەر ئەم ئەستێرەیەیە، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەو دابەزینی پلەکانی گەرما زیاد لە سنوورە سروشتییە ئەزەلییەکەی خـۆی، کـەواتـە مرۆڤ بەرپرسە لە پاراستنی تێکنەچوونی ئەو رێژەو پێکهاتانە، بە پاراستنی ژینگەی تەرو وشک، پاراستنی ئاستو رێژەکانی ئـاوو پلەکانی گەرما بۆ بەردەوامیی ژیان.

کارەساتە سروشتییەکان

کارەساتەکان دوو جۆرن:

* ئـەوانـەی کـە بـەهـۆی لافـاوو توانەوەی چیا بەفرینەکانەوەیە (بەهۆی بەرزبوونەوەو دابەزینی پلەکانی گەرماو، تێکچوونی ئاستەکانی ئاو).
* ئـەو کارەساتانەی کە بەهۆی وشکەسالّییو بە بیابانبوونەوە (التصحر)، کە هۆیەکانی زۆرەو لە دوایدا دێینە سەر باسی.

لێرەدا ئـەوەی مەبەستمانە خاڵی دووەمـە، کە ئەویش وشکەسالّییە، وشکەسالّیی ئەو ماوە وشکەیە، کە چەند مانگێ یاخود جاری وا هەیە چەندەها سالّ دەخایەنێت، ئەویش بەهۆی کەمێ یا کەمبوونەوەی رێژەی ئاو لە ناوچەیەک لە ناوچەکانی جیهاندا، بـێ بارانیی بەشێوەیەکی بـەردەوام لە ناوچەیەکی تایبەتدا پەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی وشکەسالّیی، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بۆ سیستمی ژینگەو پرۆسەی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی گشتییو رووخاندنی بوارەکانی تەندروستیو کۆمەڵایەتی، کە بـاری دارایـی وڵات بەرەو داتەپین دەبرێوات،و دەبێتە هۆی کارەساتێکی ئابووری لە وڵاتەکەدا، ماوەی وشکەسالّیی هەرچەندە کورتیش بـێت، بـەڵام بێگومان زیـانـی خۆی دەگەیەنێو ئاکامەکەشی دوور یان نزیک دەردەکەوێت.

ئاسارەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتی (فـاو) ئـامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، کە وشکەسالّییە درێژخایەنەکان هۆی سەرەکی زۆربەی کارەساتەکانی جیهانە، وەک هەژاریی، کۆچی بەکۆمەڵ، برسێتی، جەنگە ناوخۆییو هەرێمییەکان،

دەبێ ئەوەش بزانین، کە تەنیا بێ بارانیی هۆی وشکەسالّیی نییە، لێرەدا دەبێ ئامـاژە بۆ هەندێ لەو هۆیانەش بکەین کـە شانبەشانی بێبارانیی کاریگەرییان لەسەر وشکەسالّیی هەیە، لەوانە:

* خراپیی پێکهاتەی خاکەکە لە بواری جیۆلۆجیداو، بێهێزیی زەوی لە بەرەنگاربوونەوەی دامالّینو رووتانەوەو کەمئاویداو، ئەمانەو کەم توانایی خاکەکە بۆ پاراستنی ئاو لەشێوەی گەنجینە ئاوییەکاندا.
* بێ پلانیی لەکاتی هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژە پیشەسازییەکاندا، وەک کارگەکانی چیمەنتۆ، پالاوگەکانی نەوت....هتد
* پـاشـاگـەردانـیـی لـە بڕینی دارستانەکان.
*ڕووتبونو دامالّینی زەوی، بەهۆی نەفامیی بەکارهێنانییەوە .
* بێسنووریی لە لەوەڕاندنی ئاژەڵدا.

کاریگەرییە مەترسیدارەکانی وشکەسالّیی

هـەر چـۆن بە درێـژایـی مێژووی مرۆڤایەتی ئاو نیشانەی ژیان بووەو لە هەرشوێنێکدا ئاو نەبووبێ ژیانیش نەبووە، کەواتە نەمانی ئاو لەناوچوونی ژیانەو کاریگەریی راستەوخۆی دەبێ لەسەر هەموو ئاستەکانی ژینگەو کشتوکاڵو تەندروستیو کۆمەڵایەتی ...هتد، لەبەرئەوە دەتوانین کاریگەرییەکانی وشکەسالّیی لەم خاڵانەی خـوارەوەدا کۆبکەینەوە:

* کـەمـبـوونـەوەی بـەرهـەمـە کشتوکاڵییەکان، ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوا دەبێتە بەهۆی کۆتاییهێنانی بەرهەمەکان.
* خۆڵبارانی بەردەوام کە بالّدەکێشێ بەسەر ژینگەداو شوێوەو رووخساری هەموو شتێک تێکدەدات.
* کـزبـوونـی بـەرهـەمـە



ئاژەڵییەکان بەهەمانشێوەی بەرهەمە کشتووکاڵییەکان.
* شێواندنی جوانییە سروشتییەکان، بەهۆی دامالّینو رووتبوونی دەشتو دۆڵو چیاکانەوە.
* بـڵاوبـوونـەوەی هـەژاریـی، کە دەبێتە هۆی برسێتی (الجاعة)، بەهۆی کەمیی ئاوی ئاودێرییەوە، راوەستانی بەرهەمهێنان لە زۆربەی بواردا.
* وێـرانـکـردنـی دالّـدەو شوێنی حەواندنەوەی ئاژەڵی کێوی‌و لانەی باڵندەکانو ژینگەی دارودرەختەکانو کۆتاییهاتن بە ژیانیان.
* دەبێت بەهۆی کۆڕەو لە دەرەوەی شارەکانەوە بۆ ناو شارەکانو ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی دەبێ لەسەر فرەوانکردنی کێشەی نیشتەجێبوون.
* سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچکردن لە وڵاتی دایکەوە، بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە.
* سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان گوندەکاندا.
* کـەوتـنـەوەی ئاگری گـەورە لە ناوچەکانداو سووتانی دارستانەکان،و لەناوبردنی هەموو زیندەوەرێک.
* پیسبوونی ئـاوەکـان، ئەمەش دەبێتە بەهۆی ژەهراویبوونی هەموو سەرچاوەکانو لەناوبردنی گیانلەبەرە ئـاویـیـەکـان، وەک هـەمـوو جـۆرە ماسییەکان.
* بـڵاوبـوونـەوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان.
* پەککەوتنی کەرتی گەشتوگوزار بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو.
*کەمبوونەوەی وزەی کارەبا بەهۆی کەمیی ئاوی بەنداوەکانەوە.
* بـڵاوبـوونـەوەی مـارو مێرو بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، بەتایبەت ژەهراوییەکان.

دیـاردەیـەکـی دیـکـەیـش، کـە بە ترسناکترین دیـاردەی سروشتی جیهان دەژمێردرێت ئەویش دیاردەی بە بیابانبوونە (التصحر)، هەر لەبەر گرنگیو بایـەخـدان بـەم دیـاردەیـە، نەتەوەیەکگرتووەکان رۆژێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردووە، ئەویش رۆژی (١٧)ی یونیوی لە هەموو سالّێکدا، جێی خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ لە ئاماڕە نێودەوڵەتییەکان بکەین، بابزانین تا چەند ئەم گۆڕانکارییە سروشتییە ترسناکە:

(٣٠٪) پانتایی کـــۆڕووی ئەم ئەستێرەی کە ئێمەی تیادا دەژیـن ڕووبـــەڕووی دیـاردەی بە بیابانبوون (التصحر) دەبێتەوە، کە کاریگەریی لەسەر ژیانی (١) ملیار کەس هەیە لە جیهاندا

* بەشە وشکەکەی زەوی کە بریتییە لە(٣٣٪)ی کۆی ئەستێرەکە مان (٢٥٪)ی پیتو نرخی وەبەرهێنانی لەدەستداوە .
*جیهان هەموو سالێک (١٠) هێکتار زەوی لەدەستدەدات (هێکتارێ (١٠) هەزارمەتر دووجایە).
* تەنیا لە سالّی (١٩٨٨)دا (١٠) ملیۆن پەناهەندە لە جیهاندا هەبووە بەهۆی ژینگەوە، کە وشکەسالّییو بە بیابانبوون هۆیە سەرەکییەکانییەتی.
* کۆی ئەو پارانەی کە سالانە لە جیهاندا بۆ دژایەتیکردنی بەبیابانبوون خەرجدەکرێت (٤٢) ملیار دۆلارە.

بەبیابانبوون چەند هۆیەکی سەرەکیی هەیە، کە دەبێتە هۆکاری ڕووتکردنو دامالّینی ڕووی زەوی

* دامالّینی ڕووی زەوی بەهۆیەکانی باوە (بە هەموو جۆرەکانییەوە، ڕەشەبا، گەردەلوول).
* دامالّینی ڕووی زەوی بەهۆی لافاوەوە.
* تێکدانی پیتو بەرەکەتی زەوی بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی خوێی زیاد لە ئاستەکانی خۆی لە خاکەکەدا،
* خـراپ بەکارهێنانی کێڵگەکان بەهۆی بەخێوکردنی ئاژەڵ یان هۆکاری دیکە.

بەرەنگاربوونەوەو چارەسەرکردنی وشکەسالّیی

هەستکردن بە ڕوودانـی کارەساتە سروشتییەکان کارێکی نیمچە مەحاڵەو بەرەنگاربوونەوەکەشی بە هەمانشێوە، ئەمە لـەلایـەک، لەلایەکی دیکەشەوە چارەسەرکردنی ئەو ئاکامو مەترسیانەش کە ئەو کارەساتانە بەجێی دەهێڵن کارێکی ئاسان نییە.

ئا: محەمەد سالّح حەمەلاو

ئۆتۆمبێل بە قەرز دەدرێت بە فەرمانبەران

بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بازرگانی ئۆتۆمبێل رایدەگەیێنێت؛ لە بەرنامەی وەزارەتەکەیدایە ئۆتۆمبێل بە قەرز بدات بە فەرمانبەرانو ماوەی قەرزەکانیش درێژ بکرێتەوە بۆ سێ سالّ. ئەندازیار عەدنان رەزا، سەربە وەزارەتـی بازرگانی هەرێم، ئەو هەواڵەی ڕەتـکـردەوە، کە گوایە وەزارەتـەکـەی نرخی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەرزکردووەتەوە کە دابەشی دەکات بەسەر فەرمانبەراندا.

وتیشی، وەزارەتەکەی پلانێکی بەدەستەوەیە بۆ کەمکردنەوەی نرخی ئۆتۆمبێلەکان، ئاماژەی بەوەشکرد وەزارەتـی بازرگانی دەیـان هـەزار ئۆتۆمبێلی لە کۆگاکانیدا هەیەو ئێستا ڕۆژانە (٢٥٠) ئۆتۆمبێل دەدرێت بە فەرمانبەران، بەڵام لە بەرنامەدایە ئەو ژمارەیە بەرزبکاتەوە بۆ (٤٠٠) ئۆتۆمبێل لە ڕۆژێکدا.

بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بازرگانیی ئۆتۆمبێل ئەوەشی ڕاگەیاند: بەم زوانە دەست دەکرێت بە پێدانی ئۆتۆمبێل بە قـەرزی درێژخایەن بە فەرمانبەران، کە ماوەکەی سێ سالّەو ئۆتۆمبێلەکانیش لە جۆری (شیری)ینو دروستکراوی وڵاتی چینو نرخەکەشی لە نێوان (٨ بۆ ١٥) ملیۆن دیناری عێراقیدایە.

کۆمپانیای بازرگانی ئۆتۆمبێل سالّی ڕابردوو (١١ هەزار) ئۆتۆمبێلی بەسەر فەرمانبەراندا دابەشکردووەو لە شەش مانگی یەکەمی ئەمسالّیشدا (چواردە هەزار) ئۆتۆمبێلی دیکەیان دابەشکردووە بەسەر فەرمانبەراندا.

عێراق کرایەوە بە ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو

دوای چەندین سالّ دابڕانو نەمانی پەیوەندی لە نێوان عێراقو وڵاتانی کەناوادا جارێکی دیکە عێراق دەبێتەوە ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداو.

جـەعـفـەر حـەمـدانـی، سـەرۆکـی ژووری بازرگانییەکانی عێراق ڕایگەیاند: دوای ئەوەی زیاتر لە سالّێکە گفتوگۆو وتوویژ دەکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە عێراق ببێتەوە ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو دواجار وڵاتانی ئەندام ڕەزامەندییان نیشانداو عێراق کرایەوە بە ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداو، کە ئەوەش بە مەبەستی کاراکردنی ڕۆڵی بازرگانی عێراقە لە ناوچەکەدا.

حەمدانی، ئەوەشی ڕوون کـردەوە لە چەند ڕۆژی داهـاتـوودا کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکە دەست پێدەکاتو تیایدا بە ڕەسمیی بوونە ئەندامی عێراق لە ئەنجومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداو ڕادەگەیەنرێت.

وتیشی: پێدەچێت لە کۆبوونەوەکەدا ناوی ئەنجومەنەکە بگۆڕدرێت، بەڵام دەربـارەی ناوە نوێیەکەی ئەنجومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداو حەمدانی هیچ زانیارییەکی نەدرکاند.

ـــی دوای هەڵـــبژاردن

کراوە، مانگانە (١٨٠) هەزار دیناری وەکو خانەنشینی کەمئەندام وەردەگرت، لە چەند مانگی رابردوودا پلەکەی کرا بە عەسکەری‌و بە (نائیب زابتی پلە حەوت) دەستنیشانکراوەو مووچەکەی بووە بە (٣٥٠) هەزار دینار، بەڵام ئەو شەوەی لە کەناڵی (KNN) چاوپێکەوتنی لەگەڵکراوەو قسەیکردووە لەسەر ئەوەی کە گوندەکەیان هیچ خزمەتگوزارییەکی نییە، دواتر مووچەکەیان بڕیوە بە فەرمانی (شوانە موغاغی- بەرپرسی کەمئەندامانی سەنگەر).

تاریق، خێزاندارەو منداڵێکی هەیە، بەڵام بەهۆی کەمئەندامییەکەیەوە، کە (١١ فیشەک‌و ٦ پارچە بەر جەستەی کەوتووە) ناتوانێت هیچ کارێکی دیکە ئەنجامبدات، ئەگەرچی باری گوزەرانی زۆر خراپەو مووچەکەی تەنیا سەرچاوەی بژێویی خێزانەکەی بووە.

ئەو پێشمەرگە کەمئەندامە وتی: «دوو رۆژ لەسەر یەک منداڵەکەم داوای (٢٥٠) دیناری رۆژانەکەی خۆی لێکردم، بەڵام پێم نەبوو، هەتا دەمێنم ئەو ئازارە لە دڵم دەرناچێت».

تاریق کوڕی یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی بەناوی (شەهید فایەقی تیپی ٢٣ی سورداش)، وتیشی: «حیزبەکەم بێ وەفابووە بەرامبەر ئەو قوربانییانەی لەپێناویدا داومانە».

تاریق هەرچەندە نەخۆشیی دڵیشی هەیە، بەڵام بەهۆی کەمدەرامەتییەوە مەترسی زۆر لەسەر ژیانی هەیەو وتی: «ئێستا کە جەستەی خۆم بەو شێوەیە دەبینم‌و باری گوزەرانی خۆشم لەبەرچاوە، کە نزیکەی (ملیۆنێک) دینار قەرزارم، پەشیمانم کە ئەو هەموو قوربانییەم داوەو ماڵ‌و منداڵیشم موحتاجن‌و حیزبەکەشم بە کەسێکی نا دڵسۆزو بێباک لێم دەڕوانێت».

بەشێکیش لە فەرمانبەرانی هێزی ناوخۆ کە سـزادراون، گواستراونەتەوە بۆ ناوچە دوورە دەستەکان‌و لە کاتی لێپرسینەوەدا «سووکایەتییان پێکراوە»، پاشان مووچەکەیان بڕیون، بەبێ ئەوەی سەختی باری گوزەران‌و قوربانیدانەکانیان لەبەرچاو گیرابێت.

هونەر عەلی (٢٠ ساڵ)، یەکەمجار ساڵی (٢٠٠٧) لە زاڵگەی بازیان دامەزراوە، بەڵام بە وتەی خۆی لەبەر ئەوەی پێیان زانیبوو لە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی یەکێتیدا دەنگیداوە بە ریفۆرم، بەشێوەیەکی کاتیی گواستوویانەتەوە بۆ زاڵگەی دارەڕەش، کە رێگەیەکی زۆر دووری هەیەو لەو کاتەوە سەرجەم هەوڵەکانی شکستی هێناوە بۆ قایلکردنی بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بۆ گواستنەوەی بۆ شوێنێکی نزیک.

هونەر مووچەکەی (٦٥٠) هەزار دینار بووەو پەیداکەری بژێویی خانەوادەکەیەتی، کە (٩) سەر خێزانن‌و باوکی کەمئەندامە، بەڵام وەکو باسیدەکات بەشێکی زۆری مووچەکەی بۆ هاتوچۆی زاڵگەی دارەڕەش خەرجکردووەو بەشێکی کەم لە پارەکەی بۆ ماوەتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئێستا مووچەکەیان بڕیوە بەهۆی پشتیوانیکردنی لە لیستی گۆڕان‌و دوورترخراوەتەوە بۆ «باسنێ» لە سنووری ئێران.

ئێستا هونەر نزیکەی ملیۆنێک‌و (٧٣٠) هـەزار دینار قـەرزیـکـردووە، لە ماڵەوە فشارێکی زۆری لەسەرە، کە هەر چۆنێکە کارێکی دیکە بکات، چونکە یەکێک لە برا بچووکەکانی ژیانی لە مەترسیدایەو نەخۆشەو ناتوانن دەرمان بۆ نەخۆشییەکەی دابین بکەن.

هونەر وتی: «لە رۆژی (٧/١٠) وەستا حەسەن، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، بانگیکردم‌و پێیوتم؛ تۆ ئیش بۆ لیستی گۆڕان دەکەیت، پاشان مووچەکەیان بڕیم».

ـــەنتەرەکان ببڕێت

ـــردنەوەی رێژەی خۆسووتاندنی ئافرەتان»



فۆتۆ: ناصیح عەلی خەیات

خۆسووتاندن، لەکاتێکدا کە جگە لەوەی (٢٨) رێکخراوی ئافرەتان لە کوردستاندا هەیە کە پەیوەستن بە داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان، (٨) بەڕێوەبەرێتی حکومیی هەیە.

بە بـڕوای د.سـەڵاح عەزیز، لە ماوەی رابـــردوودا یـاسـاو دەزگـاکـانـی پۆلیس کاریگەریی نەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ئەو رێژانەو دەڵێت: «ژمارەکان ئەوە نیشاندەدەن، کە حکومەت‌و رێکخراوەکان کاری پێویستیان نەکردووە بۆ کەمکردنەوەی خۆ سووتاندنی ئەو رێژە زۆرەی ئافرەتانی کورد».

هـاوکـات ئـاری رەفـیـق، پـێـیـوایـە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەت رێکخراوەکانی ئافرەتان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان‌و کۆمەڵگە تازە پەرەسەندووەکان دوو رۆڵی بنچینەیی دەبینن‌و کاردەکەن بۆ پێشکەوتنی بواری کۆمەڵایەتی‌و پەرەپێدانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بەڵام بە داخەوە «ئەو رێکخراوانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کار لە کێشەکانی ئافرەتان دەکەن نەیانتوانیوە ئەو رۆڵە بکەن بە خەمی سەرەکیی خۆیان».

مینحەکان دەبڕدرێن

کارانەبوونی هەندێک لە رێکخراوەکان لە ماوەی رابردوودا، وایکردووە بەڕێوەبەرێتی کۆمەڵەو رێکخراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، سەرقاڵی ئەوەیە بە پێدان‌و لێسەندنەوەی مـۆڵـەت‌و هەڵسەنگاندنی رێکخراوەکاندا بچنەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان لە رابردوودا زۆرێک لە رێکخراوەکان نەیانتوانیوە ئـەرکـی سەرەکیی خۆیان جێبەجێبکەن.

رێبوار سەڵاحەدین، بەڕێوەبەری کۆمەڵەو رێکخراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ، ئاماژە بەوە دەکات، لە ئێستادا ساڵانە حکومەتی هەرێم زیاتر لە (٢) ملیۆن دۆلار مینحەی رێکخراوەکان دەدات، بە پێویستیشی دەزانێت کە رێچکەو ئاقاری کـاری ئـەو رێکخراوانە جارێکی دیکە لەسەر بنەمایەکی زانستیانەو مەدەنی بونیادبنرێنەوەو بەو پێیەی «نەیانتوانیوە وەک پێویست بۆشایی نێوان دەسەڵات‌و خەڵک پڕ بکەنەوەو نەشیانتوانیوە ببنە فشار بەسەر حکومەتەوە»، هەر وەک وتیشی: «زۆرجار ئەو پارەدانە بەشێوەکی هەڕەمەکی‌و میزاجی دابەشدەکرێت بەسەر رێکخراوەکاندا».

لە سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆک زیاتر لە (٥٦٢) سەنتەرو رێکخراو، مۆڵەتی رەسمییان لە حکومەت وەرگرتووە، رێبوار لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەپێی ژمـارەی ئەو رێکخراوو سەنتەرانە بوایە دەبوو کێشەی ئافرەتان‌و منداڵانی سەر شەقامەکان‌و تەڵاق‌و کێشەکانی خێزان زۆر کەمبووایەتەوەو پێشکەوتنی جۆریی لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانی بەدیبکرایە، بەڵام بەداخەوە نەیانتوانیوە ئەو رۆڵەبگێڕن»، ئەوەشی خستەڕوو کە ئێستا پرۆژەیەکیان لە بەردەستەو لەوانەیە مینحەی رێکخراوەکان ببڕدرێن، بە پێویستیشیزانی رێکخراوەکانی بواری ئافرەتان کاربکەن بۆ رێگەگرتن لە توندوتیژیی دژی ئافرەتان، «چونکە ئەوان مینحەیان لە حکومەت هەیەو کێشەی داراییان نییە».

چـــرۆژنامـــات

تا چەند رەوایە دەسەڵات پەنا بۆ ناوزڕاندن‌و شکاندنی کەسایەتیی تاکەکان ببات؟

سۆکار عەبدوڵڵا



ئاکام عەبدولڕەحمان- پارێزەر
بەهیچ شێوەیەک نابێت دەسەڵات پەنا بەرێت بۆ ناوزڕاندنی تاکەکان، لەبەرئەوەی دەسەڵات دەبێت خۆی بەخاوەنی تاکەکان بزانێت‌و وڵات بەرێوەبەرێت ، بۆیە پێموایە ئەمە کارێکی قێزەونەو دوورە لەهەموو بنەما رەوشتی‌و یاسایی‌و شەرعییەکان.



هێرۆ عەبدوڵڵا بابەکر-وێنەگری تیشک
دەسەڵات دەبێت خۆی بەخاوەنی تاکەکان بزانێت‌و ئەرکی پاراستنیان بگرێتە ئەستۆو بەهیچ شێوەیەک نابێت دەسەڵات پەنا بۆناوزڕاندن‌و شکاندنی کەسایەتییەکان بەرێت، چونکە بەڕاستی ئەمە دوورە لەهەموو بنەما رەوشتی و یاساییەکان.



حەسەن حسێن فەتاح-پارێزەر
بەهیچ شێوەیەک بەرەوای نازانم دەسەڵات پەنا بەرێت بۆ ناو زڕاندنی تاکەکان، بەڵکو ئەرکی دەسەڵات بەرێوەبردنی کاروباری هاوڵاتییانە بە رێک‌وپێکی‌و بێ جیاوازیی، دەسەڵات دەبێت دەسەڵاتی هەموو هاوڵاتیان بێت‌و پارێزگاری لەهەمووان بکات.



ستار خوارەحم-پارێزەر
هەر تۆمەتێک کەئاراستەی هەرکەسێک دەکرێت لەپۆستی حکومیی بێت یان مەدەنی پێویستە لەرێگەی دادگاوە چارەسەر بکرێت، بۆیە پێویستە دەسەڵات بەهەموو شێوەیەک خۆی بەدووربگرێت لە ناوزڕاندنی تاکەکان، چونکە ئەرکی دەسەڵات زۆر لەوە گەورەترە.



جەبار محەمەد رەحیم-پارێزەر
دەسەڵات هیچ کاتێک ئەومافەی نییە هەستێت بەناوزڕاندنی تاکەکان، بەڵکو دەبێت دەسەڵات پارێزگاریی لەهەموو تاکەکانی کۆمەڵ بکات‌و هەرکەسێکیش تاوانێک بکات ئەوە یاسا هەیەو دەبێت لەرێگەی یاساوە چارەسەربکرێت، نەک لەرێگەی ناوزڕاندن.

ئەم گۆشەیە بەردەوام رای هاوڵاتییان بڵاودەکاتەوە، دەتوانن لەڕێی ئیمەیڵی (hewal.rozhnama@gmail.com) بەشداریی بکەن

تێبینی: بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانتان ئەم خاڵانە رەچاو بکەن: ١. وێنەیەکی کەسیی خۆت.
٢. نووسینەکەت لە (٥٠-٦٠) وشە بێت.
٣. وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمەبێت کە دەیخەینەڕوو.
پرسیاری داهاتوو: بۆچی ئومێدت هەیە کە پەرلەمانی داهاتوو زیاتر لەخەمی جەماوەردا بێت؟

نانبڕین؛ چیرۆکە تراژیدییەکان

بەرهەم عومەر

«دوو رۆژ لەسەر یەک منداڵەکەم داوای (٢٥٠) دیناری رۆژانەکەی خۆی لێکردم، بەڵام پێم نەبوو، هەتا دەمێنم ئەو ئازارە لە دڵم دەرناچێت».

ئەمە قسەی ئەو پێشمەرگە کەمئەندامەبوو کە بەهۆی لایەنگری بۆ لیستی گۆڕان لەسەر کارەکەی لابراوەو دەرکراوە.

هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا سەدان کاسبو مووچەخۆری حکومییو پێشمەرگەیان نانبڕاو کردووە، بەهۆی ئەوەی دەرکەوتووە کە پشتیوانی لە لیستی گۆڕان دەکەن.

کەمال حەمەڕەشید (٥٦ ساڵ)، شۆفێری تاکسییە لە نێوان شاری سلێمانیو قەزای چوارتادا، لە (١٠) ساڵی رابردوودا بەهۆی ئەوەی لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، چەندینجار رێگەی لێگیراوە نەفەر لەو ناوچەیە بار بکات، بەڵام پێنج مانگ لەمەوبەر مۆڵەتی هاتوچۆی خەتی چوارتا وەردەگرێتەوەو بەردەوام دەبێت لەسەر کاسبیکردن.

بەڵام لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)دا کەمال خۆی وەکو لایەنگرێکی لیستی گۆڕان دەناسێنێت، هەر بۆیە دووبارە هێزەکانی یەکێتی مۆڵەتی هێڵەکەی لێ وەردەگرنەوەو دوو رۆژ دوای هەڵبژاردنیش دەستدەگرن بەسەر مۆڵەتی شۆفێرییو کارتی ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکەیداو دوای چەند رۆژێک پێی دەدەنەوە، بەو مەرجەی جارێکی دیکە نەفەر بار نەکاتەوە.

کەمال وتی: «لە زاڵگەی سکرتاریەتی هێزی پێشمەرگە لە قەڵاچوالان پێیانوتووم جارێکی دیکە نابێت ماڵو منداڵی خۆشت بە ئۆتۆمبێل لەم هێڵە بار بکەیت»، ئێستاش بەهۆی بێکارییەوە کەمال لە ماڵەوە دانیشتووەو ناتوانێت بژێویی خێزانەکەی دابین بکات، کە (٨) سەر خێزانن.

هەڵمەتی نانبڕین لەسەر بیروڕای جیاواز، یەکێک بوو لەو فشارانەی بەرامبەر بەو کەسانە بەکارهێنرا، کە پشتگیریی لە لیستی کوردستانی (یەکێتیو پارتی) ناکەن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (٧/٢٥)دا، بەو هۆیەوە سەدان هاوڵاتی بێ کارو زەرەرمەند بوون.







رۆژنامەی ئاوێنە لە ژمارە (١٨٦ی رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٨) نووسیویەتی؛ کە دەرکردنو نانبڕینی پۆلیسو ئاسایشو هاوڵاتیان «ناحەزان» بە فەرمانی تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی ئەنجامدراوەو نزیکەی (هەزار) کەس بەو فەرمانە نهێنییە سزادراونو لە کارەکانیان دوورخراونەتەوەو دەرکراون.

لە نووسراوە نهێنییەکەدا، کە لە رۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە نووسراوە: «هیوادارین بە هاوکاریو هەماهەنگی دەست بکەن بە گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگە لەڕووی بژارکردن لە ناحەزانو نەیارانو پەککەوتەو بێ وەچەکان».

بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی نانبڕاو کراون ماڵو منداڵیان هەیەو خاوەنی قوربانیی زۆرن بۆ حکومەتی هەرێمو حیزبەکەیان، هەر بۆیە ئەو هەڵوێستەی یەکێتیو پارتی بە «بێ وەفایی» وەسفدەکەن.

تاریق فایەق عومەر گەورەدێیی (٣٢ساڵ)، پێشمەرگەی کەمئەندامی سەنگەر، کە لە شەڕی ناوخۆدا بریندار

رەنگە وەزارەتی ناوخۆ مینحەی رێکخراوو س

«حکومەتو رێکخراوەکان کاری پێویستیان نەکردووە بۆ کەمک

سامان بەشارەتی
سەرکەوت ئەحمەد

زۆربوونی حاڵەتەکانی توندوتیژیی دژی ژنان، لایەنە پەیوەندیدارەکان ناچاردەکات کاربکەن بۆ کەمکردنەوەو رێگریکردنیان، بەشێوەیەک کە وەزارەتی ناوخۆ بە هاوکاری کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کوردASK، بە هاوکاری نزیکەی (٢٠) رێکخراوی ناحکومیی تایبەت بە کاری ئافرەتان لە هەوڵدان بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتی رێکخراوەیی «بە ئامانجی هەماهەنگیکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان بەتایبەت گرفتی خۆسووتاندن».

ژمارەکان لە زیادبووندان

د.سەڵاح عەزیز، بەڕێوەبەری گشتیی رێکخراوی (ئاسک)و مامۆستا لە زانکۆی کالیفۆرنیا، جەختی لەوەکردەوە، کە داڕشتنی ئەو ستراتیژە دوای زیادبوونی رێژەی خۆسووتاندنی ژنان دێت لە کوردستاندا، پێشیوایە، ئەو ژمارانەی لە بەردەستدان جێگەی مەترسین بۆ هەرێمی کوردستانو «دەبێت حکومەتی هەرێم کاری جدیی بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیەو بشزانێت هۆکارەکەی چییە، ئەوان وەک کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ئاسک) لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بە باشیانزانی لەگەڵ ئەم رێکخراوانەدا دابنیشن، بۆ ئەوەی بزانن چی بکەن ئەم رێژەیە کەمبکەنەوە».

سەرەڕای زیادبوونی رێژەی رێکخراوەکانی ئافرەتانو کردنەوەی (٨) بەڕێوەبەرێتی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا، تائێستا رێژەی خۆسووتاندن لەناو ئافرەتاندا روو لە زیادبوونەو بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی بە دواداچوونی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩)دا لە پارێزگای سلێمانیو دهۆک زیادیکردووە، بەشێوەیەک کە لە سنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیان (٨٩) ئافرەت بە هەردوو شێوازەکانی (ئەنقەستو قەزاوقەدەر) سووتاون، لەکاتێکدا ساڵی پێشتر (٥٧) حاڵەت بووە، هەروەها لە سنووری پارێزگای دهۆک (٢٨) ئافرەت سووتاون، لەکاتێکدا لە ماوەی چوار مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٨)دا (١٢) ئافرەت سووتاون، لە پارێزگای هەولێریش (٥٥) حاڵەتی سووتان هەبووە، بەراورد بە (٦٢) حاڵەتی چوار مانگی ساڵی رابردوو.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە سلێمانی، لە (٦) مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩) لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا (٦٠٣) حاڵەتی توندوتیژیی هەبووە کە (٣٦٣) لە دەرەوەی شارو (٢٤٠) یان لەناو شار روویانداوە، کە (١١٦) یان تۆمەتباریان نییەو (٢٩٤) تۆمەتبار دەستگیرکراون لەسەر ئەو حاڵەتانەو (١٩٣) تۆمەتباریش نەگیراون، هەروەها (٥١١) کێشە لەژێر لێکۆڵینەوەدایەو (٦) کێشە بە هەڵواسراویی ماونەتەوەو (٩) کێشە رەوانەی دادگا کراونو (٧٧) کێشەش داخراون، کە حاڵەتەکان (٢) کوشتنو (٣) خۆکوشتنو (٢٠) خۆسووتاندنو (٤) خۆخنکاندنو (١٤) دەرمانخواردنو (١٩٢) لێدانو (٢١٦) هەڕەشەو (٢) رفاندنو (٦) لاقەکردنو یەک هەوڵدان بۆ کوشتنو (٣) حاڵەتی کوشتنی بەهەڵەو (٨٨) سووتان، (٥) هەڵخەڵەتاندنو (٣١) بەدڕەوشتیو (١٥) شەڕکردن) بوونو تێیدا (٦٨) یان گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی ئامارە راگەیەنراوەکە توندوتیژییەکان لە (٦) مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩)، زیاتربووە بەراورد بە ساڵی رابردوو، بەشێوەیەک کە ساڵی رابردوو (٤٥٠) حاڵەت هەبووە، بەڵام ئەمساڵ (٦٠٣) حاڵەتی توندوتیژیی تۆمارکراون.

کێشەکان

بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوون دژی توندوتیژیی ئاماژە بە چەندین کێشە دەکەن، کە بوونەتە بەربەستو رێگر لە بەردەمیانداو بەوهۆیەوە کێشەیان بۆ دروستدەبێت.

موقەدەم سەرکەوت عومەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە سلێمانی ئاماژە بە هەندێک کۆسپو ئاستەنگ لەبەردەم کارەکانیاندا دەکاتو پێیوایە، هەندێکجار ئەو کێشانە دەبنە رەخنەو گلەیی لەسەر بەڕێوەبەرێتییەکەیان، وتی: «یەکێک لەو کێشانە نەبوونی پزیشکی تایبەتە بۆ ئەو ژنانەی رووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوەو بە ناچاریی دەبرێتە نەخۆشخانەی تایبەتیو ئەهلی، کە ئەمەش بەهۆی نەبوونی یاساو رێسایەکی تایبەتەوە بووەتە گیروگرفت بۆ دامودەزگاکانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان».

موقەدەم سەرکەوت، باس لەوەشدەکات، کە کاتێک ژنێک داوای فریاکەوتن دەکات دەیەوێت دراوسێو نزیکەکانی پێینەزانن کە تووشی حاڵەتی توندوتیژیی بوونو داوادەکات مەفرەزەکانی پۆلیس بە دەنگیەوە نەچن «لەوەوە دەردەکەوێت خەڵک رۆشنبیرییەکی وای نییە بە چاوێکی ئاسایی سەیری ئەمجۆرە کێشانە بکەن».

ئەوەشی خستەڕوو کە هەندێک لەو کچانەی بە هەرشێوەیەک تووشی لەدەستدانی کچێنی دەبن، نایانەوێت سکاڵا تۆماربکەنو کەسوکاری بە کێشەکەی بزانن، یان هەندێکجار زانیاری هەڵەیان پێدەدرێت، وتیشی: «رووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتانەش کارێکی زەحمەتەو پێویستی بە پلانو بەرنامەیەکی باش هەیە کە حکومەت لە ئایندەدا دایبنێت، جگە لەوانەش نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی دژی ژنان گرفتێکی دیکەیە».

حکومەتو رێکخراوەکان کاری پێویستیان نەکردووە

جگە لە کەمیی هۆشیارییو کارنەکردنی جدیی رێکخراوەکانو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی رێژەکانی توندوتیژیی دژی ژنان، هەندێک لە بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتییەکانی دژی توندوتیژیی، کەناڵەکانی راگەیاندن بە هۆکارێک دەزانن بۆ رێنەگرتن لە حاڵەتەکان.

موقەدەم سەرکەوت عومەر، گلەیی ئەوە لە راگەیاندنەکان دەکات کە «هەندێکجار ئامارو زانیاری هەڵە بڵاودەکەنەوە بەبێ گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوەی رەسمیی».

لەلایەکی دیکەشەوە ئاری رەفیق، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژیی لە وەزارەتی ناوخۆ پێیوایە، میدیا کاریگەریی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دیاردەی خۆسووتاندن لەناو ژنانداو بڵاوکردنەوەی داتاو ئامارە وەهمیەکانو «مانشێتە ئازاردەرەکان لەبارەی دیاردەی خۆسووتاندنو شکاندنی شکۆی ئافرەتی کورد لە دراما کوردییەکانو بە لاواز نیشاندانی کاریگەریی خراپیان هەیە».

بەڵام بە بڕوای بەشێک لە چاودێرانو چالاکوانانی بواری رێکخراوەییو ژنان، حکومەتو رێکخراوە تایبەتمەندەکان، نەیانتوانیوە رۆڵی کاریگەر بگێڕنو رێگربن لە توندوتیژیی دژی ئافرەتانو



ـــکیش دەزانێت لە رووی ـــــــوون دەکات

پێویستی بە ئۆپۆزسیۆن دەبێتو لەئاکامیشدا ڕەنگدانەوەی داخـــوازیو پێویستییەکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەبێت. هەڵبەت ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بناغەیەکی جەماوەری نەبێت ناتوانێت بگاتە پەرلەمان کە دەشگاتە ئەوێ، دەبێت ئەوە بزانێت چاوی هـــەزاران کەسی لەسەرە کە دەنگیان پێداوە، بۆیە بەکردەوە هەوڵی پیادەکردنی بەرنامەکەی دەدات‌و دادەبەزێتە ناو خەڵک، واتە بەتەمای خودا لە پرسەکان ناگەڕێت بڕۆنە پێشەوە کە ناشڕۆن لەو حاڵەتەدا، هەروەکو ئەو دیاردەیەمان زۆر بینی لە خولەکانی ڕابـــردوودا، ئینجا بەقەد ئاگاداربوونیان لە خواست‌و ئارەزووەکانی خەڵکو بەرزکردنەوەی دەنگیان، بەقەد ئەوەش سەرکەوتن‌و متمانە بەدەستدەهێنن. لێرەدا ئۆپۆزسیۆن پلانێکی ستراتیژیی هەیەو هەر لەسەر کاردانەوەکانی ڕۆژانـــە، یان لەسەر هەڵەکانی دەسەڵات کار ناکات، ئەگەر وابکات، هەم خۆشی توشی هەڵەی زەق دەبێت‌و هەمیش تواناکانی دەسوێنرێن (ئیستینزاف) دەکرێن. دەبێت زۆر لەوە وریا بێت‌و نەچێتە ژێر باری کارو کاردانەوەکان‌و خۆی لەبیربکات‌و بخرێتە شەڕی لاوەکییەوە.

ڕۆژنـــامـــە: دەرکەوتنی هێزێکی وەک (لیستی گۆڕان) تا چەند دەتوانێت کاریکاتە سەر قووڵکردنەوەی چەمکی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە؟

* دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە، پـــەیـــوەســتـــە بـــە هـــەڵـــومـــەرجـــە بـــابـــەتـــی‌و خودییەکانەوە. ئۆپۆزسیۆنبوون ڕاگەیاندنی شەڕو پێکدادان نییە، وەکو هەندێک کەس لێی حاڵی بوون. ئۆپۆزسیۆنبوون پڕۆسەیەکی سیاسیی مۆدێرنی دڕێژخایەن‌و بەرنامەدارە. واقیعی کوردستان هەڵگری کۆمەڵێک نەخۆشی هەمەجۆرە، ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووش ئەو نەخۆشییانە قوڵترو بریندارتر کراون، لە جیاتی ئەوەی سارێژ بکرێن. گەلی کورد بەجیا لەزۆر نەتەوەی دیکە کاری زۆر لەسەر کـراوە، بە ئاڕاستەیەکی نێگەتیڤ‌و لەباربردنی کەسایەتیی مرۆڤی کورد. دنیایەک کارەساتی بەسەردا هاتووەو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەلایەن داگیرکەرانەوە خراوەتە سەر، دوای ڕاپەڕین لەسەر هیچ ئاستێک بەرنامەیەک دانەڕێژڕا بۆ بەرەو پۆزەتیڤبردنی بـــاری دەروونـــی خەڵکی کـوردســتـــان‌و ساڕێژکردنەوەی برینەکانی، بەرنامەیەک کە بەشێوەیەکی زانستی‌و پلان بۆدارێژراو کار لەسەر ئارامکردنەوەی دەروونـی تاکەکانی کورد بکات. خودی پێشمەرگەکان پێویستیان بە ئارامکردنەوە هەبوو، چونکە لە بارودۆخێکی ڕێزپـەڕەوە هاتوونەتە ناو بارودۆخێکی ڕێزپەڕ. واتە لەدوای ڕاپەڕین نە بارودۆخی خەڵک ئارام بوو، نە هی پێشمەرگەش. ئیتر چیێکی لە ڕووی دەروونییەوە نائارام، دەسەڵاتی میللەتێکی بەهەمانشێوە لە ڕووی دەروونییەوە نائارامی گرتەدەست. دوای ڕاپەڕین، کار بۆ ئارامبوونەوە نەکرا لەسەر هیچ ئاستێک، بەپێچەوانەوە ئەو نائارامییە قوڵتر کرایەوە، کەلێنی گەورەتر خرایە جەستەی ئەو نائارامییەوە، بەتایبەتیش ساڵانی شەڕی ناوخۆ، بۆیە بەڕای من هێشتا ئەو نائارامییە لە برەو دایە، ئەو گەندەڵیو خودگەڕاییو خۆبردنەپێش‌و ڕاکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە مادییەکان بە ڕێگای نایاسییو واسیتەو واسیتەکاری، بەشێکە لەو نائارامییە. دەبێت لەوە وریا بین کە خودی خواستی پڕۆسەی گۆڕانیش دەرهاویشتەی ئەو نائارامییە نەبێت، ئەگینا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوەکە تا ئاستێک گومانم لەوە هەیە. لێرەدا لیستی گۆڕان بێت یا هەر لیستێکی دیکە کە کار لەسەر قوڵبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن دەکـات، مانای وایە کار بۆ دروستکردنی کلتوڕێک دەکات، کلتوڕێک کە تا ئەمڕۆ ئەگەر هەشبووبێت، هەم کزو لاوازو شەرمن بووە، هەمیش شێواوو نائارام بەهەمان پێوەرەکانی کێڵگە نائارامەکانی کۆمەڵگە. ئەم ئەرکی بیناکردنەی ئۆپۆزسیۆن ئەرکێکی قورس‌و پڕۆسەیەکی پیرۆزیشە، ئەگەر بتوانێت بە تەواوەتی ئەو ئەرکە ئەنجام بدات. ئەمە پێویستی بە تۆڕێنەوەو لێکدانەوەی وردەهەیە، هەرلە ناسینی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەو هەمیش پڕۆسەی ئارامکردنەوە، ئارامکردنەوە بەمانای خاوکردنەوە نا، بەمانای عەقڵانیکردن‌و مۆدێرنکردنی هەنگاوەکان. بەمانای ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن نە گۆچانی ئەفسوناوی پێیە تابتوانێت بە شـــەوو ڕۆژێـــک هەموو خواست‌و داخوازییەکانی ڕۆژانـــەی خەڵک بەئاکام بگەیەنێت، نە ڕێگای لەبەردەمیشی بە گوڵو ڕێحانە ڕاخـــراوە. ئەمە پڕۆسەی بەردەوپێشچوونی کۆمەڵگەیە، پڕۆسەیەکە لەسەر بنەمای ململانێیەکی مۆدێرن‌و بە ئامرازە یاساییە مۆدێرنەکان بەڕێوەدەچێت، بەپێی یاسای پەرەسەندنی پێبەپێ، نەک بە هەمان ئەو ئامرازانەی کە زۆربەی پێکهاتەکان تا ئەمڕۆ گرەویان لەسەر دەکرد، وەکو عەقڵی خێڵەکی‌و خوێن‌و ئاشتەوایی خێڵەکی‌و هاوسەرگیریی دەرەوەی یاساو لەیەکتر خوێندن‌و بە زاتیکردنەوەی کێشەکان، ئەمانە مەترسییەکی گەورەیان لەسەر پڕۆسەی بەرەو ئۆپۆزسیۆن چوون هەیە. لێرەدائیمە لەبەرامبەر پڕۆسەیەکی سەرتاسەروتەواوکارو گشتگیرداین،سەرتاپای کۆمەڵگەو پێکهاتەکانی‌و تاکەکانیش، لە هەموو ڕووە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و پەروەردەیی‌و سیاسی‌و دەروونـــی‌و نەتەوەییشەوە، دەگرێتەوە. بێگومان نە لیستی گـۆڕان‌و نە هیچ لیستێکی دیکە بەتەنیا ناتوانێت ئەوە بکات، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە تائێستا لەسەر هیچ ئاستێک سەقامگیر نییە، لە قۆناغەکانی گواستنەوەدایە، کێشەی ناوخۆیی‌و دەرەکی لەبەردەمدایە، بەڵام مادام ئامانج تاکی کوردو ئارامکردنەوەو ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردو خستنەسەرسکەی‌ئۆپۆزسیۆنێکی‌ڕاستەقینەیە لەپێناو قوولکردنەوەی پڕۆسەی دیموکراسی‌و بەشداریکردنێکی ڕاستەقینەی خەڵک لە چارەنووسی ووڵاتەکەیان‌و دەستەبەرکردنی دادوەرییەکی ڕاستەقینەو ئازدییەکانە لەسەر هەموو ئاستەکانەوە، ئـــەو کاتە لیستی دەستپێشخەر چ لیستی گۆڕان بێت یا هەر لیستێکی دیکە، دوو شانازی بۆ دەنووسرێن، یەکەم شانازی دەستپێشخەریی، دووەمیش شانازی هێنانە ناو مەیدانی حیزبەکانی دیکەشە، بە حیزبەکانی دەسەڵاتیشەوە. واتە دروستکردنی گیانی هەرەوەزی‌و هاوکاریی تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەو ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئەتەکییانە.

ڕۆژنامە: سەرۆکی هەرێم لە لێدوانێکیدا «بە خۆشحاڵییەوە» پێشوازی لە هێزی ئۆپۆزسیۆن دەکات لە کوردستاندا، ئایا ئەم دانپیانان‌و ڕاشکاوییە چۆن دەخوێنیتەوە؟

* هـــەر هـــۆکـــارێـــک لـــەپـــشـــت ئـــەو «خۆشحاڵییەوە» بێت، دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤەو بەڵگەی گەیشتنە بە قەناعەتێک کە ژیان لەگۆڕاندایە. پڕۆسەی گۆڕان بەرهەمی هۆشیاریی‌و پێشکەوتنی عەقڵی جەماوەرە، بەمانای ئەوەی کە لیستی گۆڕان لە قۆناغێکی ئاوادا دروست دەبێت، هەستکردنە بە پێویستی گۆڕان لەسەر هەندێک ئاست‌و پێگەو کێڵگەوە. ئەگەر ئەو قسەیەش ڕاست بێت، ئەوە هەر ئەو کەسانە نین کە لەناو لیستێکدا بەناوی گۆڕانەوە خۆیان گلداوەتەوەو دەیانەوێت گۆڕان دروست بکەن، بەڵکو ئەو پڕۆسەیە لە حاڵەتێکی ئاوادا پڕۆسەیەکی ئاسۆییەو بەئاستی جیاواز هەموو پێکهاتەو خانەو خەڵکی گرتووەتەوە، بەڵام بە مۆتیڤی جیاوازو هۆکاری جیاوازەوە، بۆیە تەوژمێکی لەو جۆرە کەس باتر ناکات، بەڵام دەبێت لەوە وریابین کە پەکی نەخرێت‌و لەنیوەی ڕێگا لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ نەکرێتەوەو تەنیا جوانکاریی‌و ماکیاژ نەبێت. خۆشحاڵییەکی ئاوا ئەگەری جیاوازی لێدەخوێنرێنەوە، دەکرێت هەر تاکتیکێک بێت بۆ دەستەمۆکردن‌و دڕێژەدان بە مۆدێڵە کۆنەکان، دەشکرێت بە ڕاستی خۆشحاڵی بێت بە گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵگەو دروستبوونی فرەیی‌و هەمەڕەنگی. ئومێد دەکەم هۆکاری دووەم بێت، چونکە ئەو بۆخۆی لەپێشەوەی سوودمەندانداندا دەبێت، لەو جۆرە قەناعەت‌و بیرکردنەوەیەدا.

لە ئێستادا، پێویستە گۆڕان لەبیری چیدا بێت!



کەمال هەورامی

گـرفـت‌و کێشەکانی کۆمەڵی کوردەواریی ژمارەنیان ئاسان نییە، چجای باسکردن‌و شرۆڤەکردنیان. ژمارەیەکیان هێندە ڕیشەیان دوورە، ئەگەر بخوازیت لەدوایان بچیت پێویست دەکـات سەرلەبەری مێژوویان بۆ هەڵدەیتەوە، تا لەڕیشەوە بیانقرتێنیت، هـــەروەک چۆن هەندێکیشیان هێندە پەلوپۆیان هاویشتووە، چوونەتە نـــێـــو چـــەنـــدیـــن جـــومـــگـــەی دیـــکـــەی کۆمەڵایەتییەوە، هەرکەناڵەش پەیوەستە بەبواریکی زانستییەوە، بۆیە لە تەتەڵەو جیاکردنەوەیاندا پێویستت بەچەندین گروپی پسپۆڕی دەبێت، تاوەکو ئەگەر لەچارەسەکردنیاندا ماکی دیکەیان لێبەکەوێتەوە ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ بگیرێتەبەر. ئەمە جگە لـــەوەی ژمارەیەکیشیان هێندە تانوپۆدارن کە ئەگەر لە ڕێگـای بەرنامەیەکی سەرکەوتوانەشەوە بەپێی پلانێکی تەندروست‌و بیئەوەی هیچ گرێوگۆلیان بێتە ڕێـگـا، لەچارەسەرکردنیاندا بچنە بواری پراکتیزەکردنەوە، ئینجا پێویست بە تەمەنێک ماوە هەیە تاوەکو ئاسەوارەکانیان دەسڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک (گروپێک، پارتێک)ی سیاسی دروستدەبێت، ئیتر خۆبەخۆ وەزیفەیەتی هەموویان بخاتە ژێر باری سەرنجییەوە، وەک هاوکێشەیەکی هاوسەنگکراو نەخشەی دروستی هەموویان بکێشێت‌و کار لەسەر تێپەڕاندنیان بکات‌و لەوپێناوەشدا بەمەبەستی ژیانێکی باشتر بۆ هاوڵاتییان کە شایستە بەمرۆڤ بێت چالاکییەکانی ڕێکبخات. گومانیشی تێدا نییە لەدیدگای کـاری سیاسیدا پۆلبەندو لەنێو ئەو پۆلبەندەشدا ڕیزبەندییان دەکات.

لەم ڕوانگەیەشەوە دەبینم کاری لیستی گۆڕان نەک هەر ئاسان نییە، بگرە قـورس‌و گرانیشە، بەجۆرێک لەهەموو پارتەکان قورستر و گرانترە، بۆیە بەڕەوای دەزانم هەموو کەسێکی هۆشیارو ئازادیخواز لەسەرخستنیدا بۆ هاوکاری‌و ئاسانکاریکردن، دڕێغی نەکات‌و بە وەزیفەی بێ چەندوچوونی خۆی بزانێت.

بینینی من بۆ ئەو بارقورسییەی لیستی گۆڕان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە:

١- لە بنەڕەتدا (گۆڕان) چەمکێکی فیکری فرەڕەهەندەو لەسەر ئاستی کۆمەڵ تایبەت‌و پەیوەستەکرێتەوە بە سەرلەبەری گەشەی کۆمەڵگەوە. هـــەروەک چۆن لەسەر ئاستی تاک، پەیوەست‌و گرێدراوی ئاستی گەشەی هۆشیاریی تاک بەتاکی کۆمەڵە. لیستی گۆڕانیش لە سێبەری ئەم چەمکەوە بـــووەتـــە خـــواســت‌و جێی سەرنجی زۆرینەی ئەوانەی لانیکەمی مانایان بۆ چەمکی گۆڕان هەیە. ئەوان پێدەزانن لیستی گۆڕان خودی (گۆڕان) نییە، بەڵکو میکانیزمێکە بۆ جوڵەپێکردنی یەکەکانی گـۆڕان. هەرچەندە لەخۆیدا ئەمەش لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵگەوە خاڵێکی بەهێزی لیستی گۆڕانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەردەوام درکی ئەوە بکرێت کە لە هەموو پارتەکانی دیکە زیاتر چاودێریی دەکەن‌و لە کەمترین هەڵەدا دەیخەنە ژێر پرسیارەوەو بەسەریدا تێناپەڕن، بۆیە بۆ ئەوەی بەردەوام ئەم توێژە زیندووەی کۆمەڵ بەباری باشەدا پشتگیریی بکات، پێویستە بـــەردەوام لیستی گۆڕان هەستیارو لەباری ئاگاییدا بێت. ئەمەش وریایی‌و هۆشیاری زۆری پێویستەو لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا ئاسان نییەو گرانە.

٢- ئەوەش دەزانرێت بەشێکی زۆری پێکهاتەی هێزی گۆڕان، توێژە سرکە چالاکەکەی کۆمەڵ کە لاوانن پێکیدەهێنن. ئەمانە بە بـــەراورد لەگەڵ توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ بە ڕەچاوکردنی تەمەن، جـــوڵاوتـــرن. لەسروشتدا جۆرێکی یاخیبوون لەناخیاندا ئامادەیی زیاترە، خاوەنی خەونی ڕەنگاڵەبین، داواکارییان زۆرەو جۆرێک لەخێراییان پێوەدیارە. هاوکات، لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا هەڵەکانی پارتەکانی دیکە بەتایبەت پارتە دەسەڵاتدارەکان نابێتە جێی سەرنجیان، چونکە لەگەڵ هەڵەکانیاندا ڕاهاتوون، بەڵام بەوپێیەی هیواو خەونەکانیان لەسەر لیستی گۆڕان هەڵچنیوە هەم بچکۆلانەترین هەڵەی لێ قبوڵ ناکەن‌و هەم داواکاریی بەپەلەیان هەیە. ئەمەش فشار لەسەر لیستی گۆڕان دروستدەکات‌و پێویستە بە وردی ڕەچـاو بکرێت. بەجۆرێکو بێئەوەی فەڕامۆش بکرێن، بەڵام لەبڕیاریشدا پەلەکردن هەڵە بەرهەمدەهێنێت. ئەمەش تەنیا وردیی دەوێت، ئەگەرنا لەخۆیدا کاتێک لاوان دەبنە پاڵپشتی قەوارەیەکی سیاسی، مانای یەکێک لە فاکتەرە بەهێزەکانی سەرکەوتنی ئەو قەوارەیە دەگەیەنێت.

٣- لیستی گۆڕان نەک هێشتا بنجی لەنێو کۆمەڵدا دانەکوتاوە، پەلکو هێشتا بەتەواوی خۆیشی فۆرمۆلەنەکردووە. واتە ئایدیایەکی هاوبەش بۆ چۆنێتیی کاری ڕێکخراوەیی بە ساوا دەبینم، چونکە تائێستاش هەستدەکەم ژمارەیەک لەکەسە دیـارەکـانـی بـزووتـنـەوەی گۆڕان، لەمیانەی (ریفۆرم و گۆڕان)دا بریاری یەکجارەکیان نـــەداوە، ئەوە چجای ژمارەیەکی دیاریان خۆیان یەکلاییکردووەتەوەو بڕوایان بەگۆڕان وەک چەمکێکی فیکری‌و فەلسەفی هەیەو لەو ڕوانگەیەشەوە بە مەبەستی تێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵ هاتوونەتە مەیدان. ئـــەمـــە بـــەپـــێـــچـــەوانـــەی ژمـــارەیـــەکـــی دیکەیانەوە کە تائێستاش پێیانوایە دەبێت لەنێو حیزبی دایکدا، ڕیفۆرم بکرێت، واتە لەوباوەڕەدان حیزب وەک میکانیزمی چارەسەری کێشەکان، گرفتاری هەیەو پێویستی بە ڕیفۆرمکردن هەیەو هۆکاری هاتنە دەرەوەشـیـان گوێ بۆ نەگرتیانە لەلایەن سەرکردایەتیی حیزبەوە. لەوێشەوە هەست بەبارگرانی لیستی گۆڕان دەکەم کە هیواخوازم لە کەشێکیئارام‌و لە بیرکردنەوەیەکی فراواندا هەموو ئەو گرفتانە تێپەڕێنرێن.

بەدەر لەم هۆشداری‌و یادەوەرییە، وەک دەزانرێت یەکێک لەگرفتە هەرە بنەڕەتییە هەنوکەییەکانی کۆمەڵی کـوردەواریـی لەئێستادا کە دەردی کۆمەڵی کوردی سەختەو کارا کردووەو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ سەرلەبەری ژیـانـی داگـیـرکـردووە. بەئاگایی‌و نائاگایی تەواوی تاک بەتاکی کۆمەڵی کوردەواریی گرفتارو کۆڵەوارکردووە، بەجۆرێک پەیوەستی هەموو جومگە کۆمەڵایەتییەکان کراوەتەوە کە هەر لە گولەبەڕۆژەفرۆشێکەوە تا ئینتیمای نیشتمانییو نەتەوەیی خستووەتە بەر مەترسییەوە، بەحیزبیکردنی کۆمەڵی کوردییە.

جا ئەمە کەی دەستپێکردووەو چۆن کـراوەو کێ لێی بەرپرسیارە! مەسەلەیەکی دیکەیەو تەنیا ئەوەندە دەڵێم هەموو پارتە سیاسییەکان بـــەشـــدارن‌و پشکیان لـــەو گـــوێتو فەلەجکردنەی کۆمەڵدا هەیە. کامەیان مێژووەکەی دڕێژترە ئەوەیان دەستی لەو وێرانکردنەدا زیاترە، کامەیان کارایی لەسەر کۆمەڵ زیاتر بووە ئەوەیان دەستی بەزەبرتر بووەو کامەشیان ئێستا پێداگریی لەسەر ئەو ڕەوشە دەکات ئەوەیان تاوانبارە بەرامبەر بەکۆمەڵ.

هەرچەندە لیستی گـۆڕان وەک دەرکەوتەیەکی نوێ بەرامبەر بەو ڕەوشەی کۆمەڵ بەرپرسیار نییە، بەڵام وەک چۆنێتی‌و کاتی هاتنە نێو مەیدانی گۆڕەپانی سیاسیی، بەسروشت وەزیفەیەتی وەک کێشەیەکی سەرەکی سەرنجی بخاتەسەرو تێبکۆشێت بۆ تێپەڕاندنی، چونکە مانەوەی کۆمەڵ بەمشێوەیە، نە کۆمەڵ لەتوانایدایە بەشێوەیەکی سروشتی گەشەی ئاسایی بکات‌و بـەرەو گـۆڕان وەک کۆمەڵگە ڕێبکات، نە لیستی گۆڕانیش وەک لیست، دەتوانێت سەرکەوتنی بەرچاو کە شوێن هیوای هەوادارانی بێت لـەمـاوەی چوارسااڵی دیکەدا مسۆگەر بکات، بۆیە زۆر گرنگە بە مەبەستی تێکشکانی ئەم هەیمەنەی حیزبییە کە بووەتە بەشێک لەتێکدانی خەیاڵگەی کۆمەڵگە، بە مەبەستی ئـەوەی حیزب ببرێتەوە شوێنگەی خـۆی‌و سیاسەت بۆ کۆمەڵ بێتە وەڵام هاتنی لەساتە هەستیارەکاندا، سیاسەتکردنیش بێتە پسپۆڕیی، پێویستە:

یەکەم: کردنی لیستی گـۆڕان بە قەوارەیەکی سیاسیی پێویستە، بەڵام ناکرێت لەباشترین حاڵەت‌و فراوانترین بنکەیدا بە بـــەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی ئێستای کوردستاندا، لە دە هەزار کەس زیاتر کە خەریکی سیاسەتکردن بن ئەندامی هەبێت. بەهیچ جۆرێکیش لیستی گـۆڕان‌و ڕابەرانی ئەو لیستە، ناکرێت بیر لەوە بکەنەوە ئەو قەوارە سیاسییە ناوبنێن حیزب‌و پارت. ئەمەش لەتێکشکانی هەیمەنەی حیزبیدا ماناو مەغزای سیاسی خۆی هەیە.

دووەم: هەوڵبدەن کاری یەکەم‌و گرنگیان لەپەڕلەماندا بەپێی یاسا، کۆنترۆڵو گەمارۆدانی داهاتی حیزب لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بەجۆرێک هەموو قەوارەیەکی سیاسی بەبێ جیاوازی، داهاتی گرێدراوی ئەو کورسییانە بکرێتەوە کە لە پەڕلەماندا هەنی. بەشێوەیەک هەر کورسییەک* لەسەد هەزار دۆلار داهاتی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم زیاتر نەبێت. واتە بـۆ هـــەر ســـەد کورسییەکە لـە دە ملیۆن دۆلار زیاتر تەرخان نەکرێت. سەبارەت بە یانزە کورسییەکەی دیکەش پەیوەست بکرێنەوە بە ژمارەی دەنگەکانیانەوە، واتە هەر بۆ نمونە ئەگەر کورسییەکی سەد کورسییەکە هێزی بیست هـــەزار دەنگی هەبێت، کورسییەکی یانزە کورسییەکەش هەیانە هێزی سێهەزار دەنگی هەیە، لەباریکی وەهادا ڕەچاوی هاوسەنگیی دەنگەکان لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە بۆیان دیاریدەکرێت بکرێت کە ئەمە لەخۆیدا بەشێکە لەمیکانیزمی تێکشکانی هەیمەنەی حیزب، هەروەک چـۆن بەشێکە لەمیکانیزمی ئەو تێکۆشانەی کە حیزبی پێ لەحکومەت جیادەکرێتەوە، بۆ کردنە هێزی پێشمەرگەو هاوشێوەکانییەتی بە هێزی حکومیی، لێرەشەوەیە حکومەت کارا دەکرێت و.. هتد. لە کردەیەکی لەو جۆرەشدا خۆبەخۆ زیاتر لە شەش سەد ملیۆن دۆلار دەگەڕێتەوە سەر داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانو لانیکەم چارەسەری بەشێکی گرنگی چارەسەرکردنی هـەر بە نموونە کەرتی کشتوکاڵی پێدەکرێت. کورت‌و پوخت ئەمە کلیلی چـارەســـەری دەیان گرفتی پێکەوە گرێدراون کە تا بە یاسا چارەسەر نەکرێن زۆر لەچارەسەرەکان دەبنە ئاستەم..

* بۆ زانیاریی، ئەوەندەی کە من زانیاریم هەبێت بۆ هەر کورسییەک لە پەڕلەمانی سوویدا بڕی چلوپێنج هەزار دۆلار تەرخانکراوە.

تەوەر

لە چاوەڕوانیی حکومەتی سێبەردا.. سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی کارا

ئیبراهیم مەلازادە: ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەماندا چاوی خەڵکەو خەڵ
جێبەجێکردنەوە ئۆپۆزسیۆن رۆڵ نابینێت، بەڵام بەدواداچ

ئا: رۆژنامە



پێکهاتنو کارابوونی ئۆپۆزسیۆن تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە دەنگدەر لە تۆڵەکردنەوەدا هەندێک نەیاری دەسەڵاتی پێشوو بنێرێتە پەرلەمانەوە، بەڵکو هۆشیاریو رۆشنبیریو چالاکی جۆراوجۆر ئەو کارایی دەسازێنێت، ئەمەش بۆ پەرلەمانتارو هێزە سیاسییەکان لەلایەکو جەماوەرو هاوڵاتیان لە لایەکیترەوە پێویستە، چونکە کۆی پەیوەندییەکە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری تێگەیشتن لە چەمکەکانی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات.

لەبەرئەوە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە قسە لەسەر ئۆپۆزسیۆنو ناوەڕۆکو کارەکانی بکرێت، لەلایەک لەبەرئەوەی کە مێژووی ئەم هەرێمە لە رووی کردەییەوە نامۆیە بەم چەمکە، لە لایەکیتریشەوە بۆ قووڵکردنەوەی گیانی پەرەپێدانی ئۆپۆزسیۆنو لێبوردەیی لە یەککاتدا ئەوا هۆشیاریو تێگەیشتنی کردەیی پێویستە، چونکە ئەگەر وەڵامدەرەوەکانی ئۆپۆزسیۆن چ وەک دەسەڵاتو چ وەک هاوڵاتییان ئیجابی نەبن، ئەوا رەنگە ئەوکات ئۆپۆزسیۆنبوون ئەوەندەی توندوتیژیو رق بەرهەمبهێنێت ئەوەندە پەرلەمانێکی کاراو حکومەتێکی خزمەتگوزارو جەماوەرێکی لێبوردە بەرهەم نەهێنێت

لەتەوەری ئەمجارەی رۆژنامەی(رۆژنامە)دا رۆشنبیر (ئیبراهیم مەلازادە) وەڵامی چەند پرسیارێک سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆن دەداتەوە

رۆژنامە: هۆکاری درەنگ دەرکەوتنی هێزێکی راستەقینەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بۆچی دەگێڕیتەوە؟

* بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستمان بە لێکدانەوەیەکی وردی سایکۆلۆژی مرۆڤی کورد هەیە، وێرای خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردی، لێرەدا ئێمە کێڵگەیەکی دیاریکراومان هەیە، ئەویش کۆمەڵگەی کوردیی هەرێمی کوردستانە کە دەشڵێین کۆمەڵگە، بەمانا مۆدێرنەکەی نااێین کۆمەڵگە، چونکە ئێمە لەبەرامبەر حاڵەتێکی تایبەتداین، کۆمەڵگەیەک بریتییە لە ژمارەیەک کۆمیونیتێی جیاواز لە چەند رووبەکەوە. کۆمەڵگەیەک بوونی هەیە بەڵام ئەو بوونە نییە کە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن هەیەتی، بەمانا فیزیکییەکەی بەڵێ، بەڵام بەمانای کاریگەرییداناننو گۆڕان دروستکردن نیمانە. لەو دۆخەشدا چەند لە کۆمەڵگەیەکی راستەقینەو زیندوو دووربکەوینەوە، هێندەش لە پێکهاتەی سیاسی مۆدێرنو ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو ئۆتۆنۆم بوونی تاکەکانو پێکهاتەکانیش دوور دەکەوینەوە.

کە دەڵێین ئۆپۆزسیۆن، خۆمان لەبەردەم کۆمەڵێک کۆنسێپتی جیاوازدا دەبینینەوە، لەوانەش مەلمانێ لەپێناو دەسەڵاتێکی مۆدێرن. لەچوارچێوەی بەدەستهێنانی هەیمەنە، هەڵبەت هەیمەنەخوازیی بۆ گەیشتن بەدەسەڵات جیاوازە لەگەڵ هەیمەنەخوازیی خێڵێک بەسەر خێڵێکەوە، یا بنەماڵەیەک بەسەر بنەماڵەیەکەوە، بۆیە لەو دۆخەشدا خۆمان لەبەرامبەر یاسادا دەبینینەوە، گرەنتی شەرعیەتو مانەوەی ئۆپۆزسیۆن یاسایە، بۆیە ئۆپۆزسیۆن هەمیشە خۆی لە پەنا یاسادا دەبینێتەوە نەک بۆ پاراستنی خۆی بەتەنیا، بەڵکو بە خێرایی کار بۆ سەروەریی یاسا دەکاتو بەر لەهەموان خۆی پابەند دەکات بەیاسا، خێڵەکییانە بیر لە رقو تۆڵەو چیو چی ناکاتەوە.

رۆژنامە: لێردا ئیشکالییەتی ئێمە ئۆپۆزسیۆنە، ئۆپۆزسیۆن چییە؟ لەکوێوە دەستپێدەکاتو دەیەوێت بەکوێ بگات؟

*لە دنیای ئێمەدا هەر لە کێڵگەی خێزانەوە سیماکانی ئۆپۆزسیۆن تێکەدشکێنرێن، بەوەی کە بوار نادرێت تاکەکانی خێزان ئۆتۆنۆم بن. ئەگەر تاک لەناو خێزاندا ئۆتۆنۆم نەبوو و توانای بڕیاردانی سەربەخۆو داهاتی سەربەخۆی نەبوو، ئەو کاتە ئێمە لەبەرامبەر بوونەوەرێک سەرتاپای لەترس دارێژراوە، چونکە هەر لەسەر بێشکەوە چاوشکاو دەکرێتو دەترسێنرێت، بوونەوەرێک کە خاوەن پلانی تایبەت بەخۆی نییە، ستراتیژیەتی نییە، جگە لەهەندێک حەزی بچووک، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو حەزانەش لەچوارچێوەی پێکهاتەکەیدا چ خێزان بێت یا حیزب یا مزگەوت یا هەر پێکهاتەیەکی دیکە دەدات. لە دۆخێکی لەو جۆرەشدا، لەنەبوونی تاکی ئۆتۆنۆمدا، پێکهاتەکانیش پێکهاتەی تەندروست نابن، بەو مانایەی پێکهاتەکان بریتی دەبن لە کۆمەڵێک کەسی دەستەمۆکراوو بێویست و پلان، چونکە خواستی هەموان بریتی دەبێت لەخواستی پێکهاتە، کەس بۆی نییە بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم لە پێکهاتەی خۆی بیربکاتەوە، بەرژەوەندیی تاکەکان لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکەدایە، پێچەوانەکەشی راست دەردەچێت، چونکە لەو دۆخەدا بەرژەوەندیی تاکەکانیش دەبەسترێتەوە بە بەرژەوەندیی پێکهاتەکەوە. لەوێدا ئەوەی کە بڕیاردەدا، یان باوکە، یان مامۆستای ئایینییە یا ئەمیرە یا سەرۆکی تاهەتایە رابەرە. لەو جۆرە دۆخانەدا پرۆسەی کۆمەڵایەتی کە پرۆسەیەکە بەردەوام لە گۆڕانو جموجۆڵدایەو هیچ ساتو کاتەکانی لەیەکدی ناچن، بە دووڕیانێکی دیکەدا دەڕوات، بە پێچەوانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە. تاک لەناو ئەو پرۆسەیەدا هەست بە گێژی خۆی ناکات، ئەو وەکو برغوبەک وایە لەناو مەکینەیەکی گەورەدا، توانای ئەملاو ئەولای نییە، ئەو دەهاڕدرێتو بەکاردەهێنرێت، ئەو ڕەوڕەوەیە بەردەوام دەبێت.

بەو پێوەرەش پێکهاتەی هەرێمی کوردستان، تا هەنوکەش زۆرینەی پێکهاتەیەکی خێڵەکییە، نەخوێندەوارە، لە رووی ئابووریەوە داتەپیوە، ژێرخانی ئابووری نییەو تائێستا بواری پیشەسازیی لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدایە، کە پیشەسازییش نەبوو، وەکو دەرهاویشتەیەکی ئۆتۆماتیکی نەبوونی پیشەسازیی چینی کرێکاریشمان نابێت. لە دۆخێکی ئاواشدا پەیوەندییەکان شێوازێکی ستونیان هەیە، دروستکردنی پەیوەندیی ئاسۆیی ئەستەم دەبێت، هەروەها دروستکردنی پەیوەندیی ئۆتۆنۆم لەو جۆرە تۆڕەدا دەبەسترێتەوە بەهەلومەرجی تایبەتەوە. دروستکردنی پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ خێڵێکی دوور لە خێڵەکەی خۆت، یا دوور لە شارەکەی خۆت ئەگەر مەحاڵیش نەبێت ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، تەنانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش وەکو پێویست نابن. لە تاراوگەدا ئەو شێوە پەیوەندییە زۆر باش دەردەکەوێت. زۆر کەم ڕێکدەکەوێت پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێوان خێزانێکی سۆرانیو بادینی دروست ببێت، بە پلە دووش لەنێوان هەولێریەکو سلێمانییەک، بەڵکو لەسەر ئاستی تاکەکانو پێکهاتەکانیش زیاتر بەرەو لۆکاڵیبوونو پێکهاتە بچوکەکان دەچنەوە تا نەتەوەییو نیشتمانییەکان. ئەمەش پەیوەندی بە جیاوازییە کلتوریی سەرەتاییەکانەوە هەیە، واتە پێکهاتەی عەقڵی مرۆڤی کورد تائێستاکەش لەژێر کارایی کلتوری خێڵو شارو خێزاندایە. یەکێکیش لە هۆکارەکان ئەوەیە کە پێشکەوتنی کۆمیونیتێی کوردی بەشێوەیەکی ئاسۆیی نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی ستونیی نایەکسان بووە. دەبینی لەناو خێڵێکی تەواودا یەک خێزان یا چەند کەسێک بەجیاواز بیردەکەنەوە. هۆکارێکی لەوەی پێشوش گرنگتر پەیوەندییەکان زیاتر بنەمای سۆزداریی خێزانو خێڵو گەڕەکن، نەک ئابووریو بەرژەوەندی کەسی ئۆتۆنۆم.

ئەگەر بێینە سەر پێکهاتەی سیاسیی لە هەرێم، تا چرکەساتی ئێستامان، پێکهاتەی حیزبی مۆدێرنمان نییە، حیزب ڕەنگدانەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیە. ئەوانەی کە لەسەربنەمای فیکرو بەرنامە سەربەحیزبن کەمینەن لە هەرێمی کوردستاندا، کەمینەیەکی زۆربەی جاران بێ هەڵوێست، دیارە ئەوانیش قوربانی ئەو ڕەوشەن کە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، هەڵبەت بەهۆکاری جیاوازەوە لەپێشەوەی هەموشیانەوە، کەمینەیەکە گەمارۆدراوە بەکۆمەڵێک ترس کە هەر پەیوەندی بە تۆڕی کۆمەڵایەتیو بژێوی ڕۆژانەوە هەیە، زۆرجار پەیوەندی بە بەرژەوەندیی خودی کۆمیونیتێی خۆیەوە هەیەو ئەم دیاردەیەش نەک هەر لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە هەموو عێراقو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو زۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامییو خۆرهەڵاتییەکاندا دەبینینەوە. دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراق ئاماژەیەکی باشە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە. شیعەکان دەنگیان بە شیعەکان دا، سوننییەکانیش بە سوننە، کوردیش بە کورد. ئینجا لەناو ئەو پێکهاتانەشدا دابەشبوون هەیە، لای کوردی فەیلی مەزهەب زاڵترە تا نەتەوە، لای زۆرینەی عەرەبە شیعەکانیش مەزهەب زاڵترە تا نەتەوە، بۆیە ڕووی زۆرینەیان بۆ خۆرهەڵاتە، بەڵام لای سوننەکان کەمێک جیاوازترە، چونکە سەرچاوەی تەسەننون لە ئەمەوییەکانەوە درێژ دەبێتەوەو بە حوکمی ململانێ سیاسییەکان و دەرکەوتنی نیشانەکانی تەشەیوع لە بەرەی دژ بە ئەمەوییەکانەوە سەریهەڵدا، بۆیە لای سوننەکان عەرەبایەتیو سوننایەتی دوو ڕووی یەک دراون، لەو دۆخەشدا ئاساییە کە ڕوویان لە خۆرئاوای عێراقدا بێت، بەڵام کورد لە حاڵەتێکی تۆزێک پێشکەوتووترایە، چونکە مەزهەب ئەو ڕۆڵە نابینێت لەململانی سیاسییەکاندا بەهۆی واقیعی مێژوویی سیاسیی خەڵکی کوردستان بەگشتی، خەریکە وردەوردە شێوازی پێکهاتەکانو پەیوەندییەکان دۆخێکی دیکە وەردەگرن. ئەم حاڵەتە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەمجارەی هەرێمیشدا هەستی پێدەکرێتو جێگای دڵخۆشییە، وەکو هەنگاوێک بەرەو دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن.

رۆژنامە: پاشەکشەی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان لەوەی کە ماوەیەک هەڵگری دروشمی چاکسازیی بوون، بۆچی دەگێڕیتەوە؟ گوتاری ئیسلامی سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆن چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

* دروشمی چاکسازیی، دروشمێکی ئاڵۆزو قەبەیە. تۆ کە هەر دروشمێک هەڵبگریت، دەبێت پێشتر قەبارەی خۆشت بزانیتو بەپێی قەبارەی خۆت دروشم دروست بکەیت. من نەتوانم ببمە وەستای دیوار دروستکردن، دروشمی دروستکردنی بیناسازی هەڵناگرم. تائێستاکەش نەمانزانی ئەو چاکسازییە چۆن دەبێت، میکانیزمەکان چین، دروشم هەڵدان ئاسانە، بەڵام دەبێت بزانین چۆن پیادەیان دەکەین. حەماس لە فەلەستین بە کۆمەڵێک دروشمی زەقەوە هاتە مەیدان، بەڵام کە هات بەسەر کۆمەڵێک رکابەردا کەوت، بینی ئاسایش هەر بەناو هی حکومەتە، بەڵام لەژێرەوە گوێرایەڵی بۆ فەتح بوو. میکانیزمەکان چی بوون بۆ ئەوەی لەو قەیرانە رزگاری بێت، ئایا دروستکردنی ئاسایشێکی دیکەیە؟ وەکو ئەوەی حەماس پەنای بۆ برد؟ هەرگیز نەخێر، چونکە عەقڵی دەوڵەت وانییە، ئەوە عەقڵی میلیشیاییە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی کورد هەبوو، چونکە خەڵک ئەزموونەکان دەبینن و هیچ شتێک لەکەس شاراوە نییە، من کارم بەسەر هۆکارەکانەوە نییە، خەڵک هەمووی توێژەر نییە لە هۆکارەکان بکۆڵێتەوە، چاوەکانی خەڵک چ دەبینێت ئاوا ڕەفتار دەکەن، خەڵک ناپەوێت بارو گوزەرانیان جارێکی دیکە ئاڵۆز بێتەوەو ئەزموونی ئیسلامییەکان لە فەلەستین و ئەفغانستان و پاکستان و جەزائیرو سۆماڵو یەمەن و سودان و تادوایی وڵاتانی دیکەیان لەبەرچاوەو ئەزموونی تونەوتیژییە.

سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵێک هۆکاری بابەتی هەن کە بوونە هۆی پاشەکشێی ئەوان. ئەگەرچی ئەو ئەگەرەش هەیە کە ئەوەی بینیمان قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان بێت، چونکە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا لیستێک کە بۆنی ئۆپۆزسیۆنی لێبێت، لیستی ئەوان بوو، بۆیە مەرج نییە ئەوەی دەنگی بەواندا بێت هەواداری ئەوان بووبێتو بڕوای بە بەرنامەی ئەوان هەبووبێت، بەڵکو وەکو کاردانەوەیەک بۆ تۆرەبوونی خەڵک لە دەسەڵاتو نەبوونی ئەلتەرناتیڤی دیکە دەنگیان بەواندا. بەمانای (نەک لە خۆشەویستی عەلی، بەڵام لە ڕقی عومەر). بۆیە هاتنی لیستی گۆڕان بە ژمارەیەک تێڕوانینی کاملتر دەوە لەهی ئەوانو بەبێ باکگراوندی ئایدیۆلۆژی بۆ خەڵک سەلامەتترو بێ کێشەترە. ئینجا هۆکارێکی دیکەش بۆ پاشەکشێی ئەوان، هاوپەیمانییان بوو لەگەڵ دوو حیزبی دیکە کە بەداخەوە بە هەڵە پێیاندەڵێن عەلمانیو وادەزانن هەر کەسێک هەڵوێستی لە ئاستی ئایندا نێگەتیڤ بێت واتە عەلمانی کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە. ئەم هاوپەیمانێتییە هەم لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە کارێگەڕی لەسەر دەنگدەرە ئیسلامییەکان هەبوو، هەمیش ئەو دوو حیزبە بەناو عەلمانییە قەبارەیان دیارە. وێڕای ئەوەی کە هەردوو حیزبەکە لەماوەی ڕابردوودا بەشداربوون لە دەسەڵاتو ئەو وەزارەتانەی لەدەستی ئەواندا بوو، جیاوازییەکی ئەوتۆمان پێوە نەبینی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە. من لێرەدا ناڵێم خەتای ئەوانە یان نا، من کارم بەسەر دەرەنجامەکانەوە هەیە، ئینجا نەبوونی یەکڕیزی لەنێوانیاندا، ئەوان بەناوی ئایینێک قسە دەکەن کە خودی ئەو ئایینە پێیاندەڵێت «ئەگەر ناکۆک بن هەرەس دەهێنن» بەڵام هەر ناکۆکیش بوونو هەر ناکۆکیش دەبن، ڕاگەیاندنەکانی مەلا کرێکار لە نەرویج کاریگەریی خۆی هەبووو خەڵکێک بۆی هەیە لەژێر کاریگەریی ئەودا دەنگیان بۆ لایەنی دیکە ڕۆیشتبێت. بجگە لەهەموو ئەوانەش پەیوەندیی بە پێشکەوتنی عەقڵی خەڵکەوە هەیە، وەکو لە پێشەوە وتم، خەریکە جۆری پەیوەندییەکان گۆڕانیان بەسەردا بێتو لە ستونییەوە بەرەو ئاسۆیی بڕۆن. ئەمەش سەرەتایەکە بۆ قۆناغێکی نوێ.

سەبارەت بە گوتاری ئیسلامییش، گوتارێکە تائێستاش لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی دۆگما بەڕێوەدەچێت. ئەوان مەبەستێکیان هەبوو لە ڕەتکردنەوەی دەستوور، یەک ڕوویان دەبینی، بۆیە کە ئەمەیان بۆ چووە سەر هەڵوێستیان گۆڕا. ئەمەش ئۆپۆرتۆنیزمیو هەڵپەرستی دەگەیەنێت. کارایی ئۆپۆزسیۆن دەبێت لەچوارچێوەی هەلومەرجی خۆیدا بێت، هەموو جارێک هاوکێشەی قازانجو زیان دەرئەنجامی دروستی لێ ناکەوێتەوە. ئۆپۆزسیۆن هەڵگری تێڕوانینو بەرنامەو گفتو میکانیزمەکانی خۆیەتی، بە سۆزو ئۆپۆرتۆنیزم بەڕێوەناچێت، بەرژەوەندی مرۆڤو کۆمەڵگە لەپێشەوەی هەموو شتێکدا دەبێتو کۆمەڵگەی هۆشیار باشو خراپ دەبینێتو لەسەر ئەو بنەمایە متمانە بە لایەنەکان دەبەخشێت. ئیسلامییەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی تاکتیکەوە هەندێک گۆڕانی ڕوکاڵیان بەسەرخۆیاندا هێناوە، بەڵام گۆڕانەکان چونکە بێناوەڕۆکن، شەرمنانەن. چەند کۆمەڵگە بچێتە پێشەوەو دەرفەتی کرانەوەی بۆ زیاتر بێت، دۆگماکان زیاتر ڕووت دەبنەوەو ئاین لە عەقڵی کۆلێکتیڤەوە پاشەکشێ دەکات بۆ تایبەتمەندی کەسەکان خۆیان. لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا خەڵک پێویستی بەوە نییە سەرۆکەکەی دیندار بێت یان شتێکی دی، چونکە پەیوەندییەکان بەستراونەتەوە بە یاساو بەدەستوورە. لەوانەیە پێیانخۆشببێت دەوریان لە مزگەوت یان لە کڵیسا قەرەبالغتر بێت، بەڵام کە دێنە دەرەوە شێوازی پەیوەندییەکە دەگۆڕێت، بۆیە ئەو کات بەرژەوەندیی تاکەکان ڕۆڵیان دەبێت.

رۆژنامە: دەکرێت چاوەڕوانیی خەڵک لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیدا لە چیدا ببینرێتەوە؟

*ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەماندا چاوی خەڵکەو خەڵکیش دەزانێت لە ڕووی جێبەجێکردنەوە ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵ نابینێت، بەڵام بەدواداچوون دەکات. بەبۆیەری و پشتئەستوور بە دەستوورو یاساکانەوە لایەنی کەمتەرخەم ڕادەکێشێتە پەرلەمانو لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکات. ئەم چاودێریکردنە وەکو کوتەکێک وایە بۆ لایەنی جێبەجێکار، هەم لەژێر فشاری لێپرسینەوەدایە، هەمیش لەبەردەم هەڕەشەی پاشەکشێی خولی هەڵبژاردنی ئایندەدایە.

ئۆپۆزسیۆن بە دوعاو پارانەوە لەخودا، نابێتو کارکردنو چالاکبوونی دەوێت. دروشم بە بەردەوامیی برناکات. ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بریتییە لەکاری بەردەوامو ڕۆژانەو بریتییە لە کۆڕو سیمینار بۆ گۆڕینی ڕای خەڵک سەبارەت بە گرفتە هەنووکەییەکان، تێکەڵبوون بەخەڵکو بەدواداچوونی کێشەو چاودێریکردنی هەڵەو کەموکوورییەکانی دەسەڵات. بەو مانایەی ئۆپۆزسیۆن هەر نابێت لەناو پەرلەماندا کارەکانی بکات، پێویستە هەر پەرلەمانتارەو لە گەڕەکی خۆی نووسینگەی هەبێت. بەدواداچوون بۆ کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵک بکەنو بەپێی یاسا چارەسەریان بکەنو ئەم قسەیەش بۆ پەرلەمانتارانی دەسەڵاتیش هەر ڕاستە، چونکە پەرلەمانتار نوێنەری خەڵکەو دەبێت لەپێناو ئەوانیشدا ماندووبێت.

بەڵام هەلومەرجی ئۆپۆزسیۆن تا ئاستێک بەستراوەتەوە بەچەندهۆکارێکەوە، یەکەمیان: تا چەند هەڵگری بەرنامەو تێڕوانینی ڕۆشنن، میکانیزمەکانیان بۆ کارکردن چینو تاچەند زانستینو میزاجی نین. دووەم: جیاوازییان لەگەڵ (حیزب) یان حیزبەکانی دەسەڵاتدا چییەو توانای بەخشینیان تا چەند جێگای متمانەی خەڵکە. سێیەم: دەبێت ئاگاداری پێکهاتەی کۆمەڵگەو جۆری پەیوەندییەکانی پێکهاتەکانو تاکەکان بن. چوارەم: وێرای ئەوەی لەسەر هەڵەکانی حیزبی دەسەڵات کار دەکەن، دەبێت لەسەر ئاستی پلانو ستراتیژیەتی خۆیانو خواستەکانی جەماوەریش کار بکەن. پێنجەم: ئۆپۆزسیۆن ئیستیفزازی نییەو لەسەر کاردانەوە کار ناکات، بەڵکو ئامانجو پلانو خواستی ڕوونو ئاشکرای هەیەو بە وردبینییەوە کاریان لەسەر دەکاتو ڕقو پرسە تاکەکاسیو خێڵەکیو خێزانیو تایبەتەکان ڕۆڵیان نابێت.

رۆژنامە: تا ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان زیاتر پەرلەمانێک بووە بۆ بە یاساکردنی فەرمانە حیزبییەکان، ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن چییە لەوەدا کە پەرلەمان بکاتە پردێکی ڕاستەقینەی نێوان خەڵک و حکومەت؟ بەو واتایەی کە گفتوگۆکانی لە بابەتی تیۆریو گشتییەوە ببنە بابەتی زیندووی خەڵک؟

* ئەگەر دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی کاملبوونی پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا بێتو گەیشتن بێت بە قۆناغێکی پێشکەوتووی کۆمەڵگەو هۆشیاریی زیاتری تاکەکانو کۆمەڵگەی مەدەنی بگەیەنێت، ئەو حاڵەتە لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆنیش بە هۆشیارانەو زانستییانە دەبێت. بەمانای ئەوەی قۆناغی ئەو ساتەی کۆمەڵگە لە ئاکامی پرۆسەی ئاراستە دروستی کۆمەڵگە

روونکردنەوە

لـە ژمـــارە (٥٣١)ی رۆژنـامـە بەڕێزەکەتاندا کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ دەرچـووە بابەتێک لە لاپەڕە (٨)داو لەژێر ناونیشانی (باج لەسەر شوتی و کاڵەک و خەیار لابرا) لە نووسینی (عەبدوڵرەحمان عەلی رەزا) هاتووە.

دەمانەوێت ئەم روونکردنەوەیەی لای خـوارەوەتـان پێ رابگەیەنین سەبارەت بەو سێ بەرهەمە خۆماڵییەی کە ئاماژەی پێ کراوە.

١. دەربـــارەی شوتی خۆماڵی ئەمساڵ بە بـەراورد لەگەڵ ساڵانی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨دا ئەو بەرهەمە پێویستی بازاڕی کوردستان داناپۆشێت بەهۆی کاریگەری وشکە ساڵی دوو ساڵی رابـردووەوە بێجگە لـەوەی کە زۆر لە جووتیاران تۆوی ئەو بەرهەمەیان مامەڵە نەکردووە بە دەرمانی پاراستنی ئەو رووەکـە هەربۆیە لە سەرەتاوە دووچـاری نەخۆشی (فگر)ی هات. کە لیژنەی تایبەتمان رەوانـەکـرد بۆ پشکنینی کێڵگەکان و رێنمای تایبەت درا بە خاوەن بەرهەمەکان بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری خراپی ئەو نەخۆشیە رووەکییە.

٢. بەرهەمی خەیاری بەهارە کە زیاتر لە خانوە پلاستیکییەکاندا لە ٦/١ بەدواوە بەرهەم دێت و لە کۆتای مانگی تەمووزدا واتا ٧/٣٠ زۆر کەم دەبێتەوەو پێویستی بازاڕ داناپۆشێت هـەربـۆیـە بەپێی ئـەو خشتەیەی کە لـەلایـەن ب.گ. خزمەتگوزاری کشتوکاڵی وەزارەتـمـانـەوە کە ئاڕاستەی گومرگەکان کـراوە بە مەبەستی پاڵپشتی بەرهەمی خۆماڵی لە رۆژی ٨/١ی ئەمساڵەوە گومرگ هەڵگیراوە لەسەر خەیار تا ٩/٣٠ بۆ ئـەوەی داخـوازی هاوڵاتیان لەسەر خەیار دابین بکرێت. دەبێت لە ١٠/١وە سـەر لەنوێ کە بەرهەمی پایزەی خەیار لای خۆمان پێ دەگات دووبارە گومرگ بە بڕی (٢٥٠ دینار) بۆ هەر کیلۆیەک بخرێتە سەر هاوردەکەی بۆ هاندانی بەرهەمە خۆماڵییەکە.

٣. سـەبـارەت بـە (کـاڵـەک) لە کرودستاندا زیاتر جووتیاران کاڵەکی (دێم) بەڕهەم دەهێنن، بەڵام بەهۆی وشکەساڵی و کەمی شێی زەوی.. جوتیاران نەیانتوانیوە تۆوی کاڵەک بچێنن بێجگە لەوەی کە جۆری ئەو تۆوانەی کە بەشێکیان بەکاریان هێناوە هیچ مامەڵەیەکی دەرمانی پاراستنی رووەکـی لەگەڵدا نەکراوە بۆیە گەر بەرهەمیشی بێت ئەوا پێویستی بازاڕ داناپۆشێت...

بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزماندا

بەڕێوەبەری گشتی
جلال علی عبدالله

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ٢١٣٧/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٧

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو لوقمان عبدالوهاب محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٦) لە یاسای (پەرلەمان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
عادل محمد توفیق

دادگای کەتن سلێمانی/ ١
ژمارە: ١٨٢٩/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٧

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو بەکر علی رشید
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
عادل محمد توفیق

دادگای کەتن سلێمانی/ ٣
ژمارە: ١٧٠٣/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو سعد حمودی سلیمان
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
محمد محمد شریف معروف

دادگای کەتن سلێمانی/ ٣
ژمارە: ٢٨٦٩/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٢

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو حسان طارق حامد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
محمد محمد شریف

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای
ژمارە: ١٩٨٧/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٢

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو خندە عثمان عمر
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٨٢) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سرچنار) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
محمد محمد شریف

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن سلێمانی/ ٣
ژمارە: ١٧٦١/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٢

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو وعد علی ابراهیم
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١ ف١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
محمد محمد شریف

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی
ژمارە/ ٢٩/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٢٤

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو مسعود شیرزاد حیدەری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٨) لە یاسای (جوازات) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (قورەتو/ خانقین) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا
اکرم فرج امین

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن / ٢
ژمارە: ١٧٢٠/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٩

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو حکیم حسین مهنا عطیة
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ـ) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
گەشاو محمد امین

کۆمپانیای هەژیر
بۆ دروست کردنی شیرینی/ سنوردار
ژمارە/ ١٧
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٢٤

بابەت/ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری

ئاگاداری سەرجەم ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە قەرزاری کۆمپانیای هەژیرن یان کۆمپانیا قەرزارییانە با لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا سەردانی کۆمپانیا یان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکەن لە سلێمانی یان پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکەن (٠٧٧٠١٥٦٣٠٠٩) چونکە کۆمپانیا بە بڕیاری ژمارە (٣٢٥١) لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ هەڵوەشاوەتەوە.

پارێزەر لاوەند فریدوون احمد
پاکتاوکاری کۆمپانیای هەژیر

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

کارگێڕی و ریکلام و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران

سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

دابەشکردن: کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر: شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

هەڵبژاردنی کوردستان و گۆڕان و کۆمەڵێک ئامانج و بەرپرسیارێتی



دلێر محەمەد عەلی / دانیمارک

جۆن کینیدی دەڵێت: «کێشەکانی جیهان بە خەڵکانێکی گومانکەرو گاڵتەجاڕ کە چاویان لە ئاست راستییەکاندا داپۆشراوە چارەسەر ناکرێت، ئێمە پێویستیمان بە کەسانێکە خەونیان هەبێت تەنانەت ئەو خەونانەی، کە هەرگیز بواری جێبەجێکردنیان نەبووە».

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هاوسەنگی و رەهایی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانی بەشێوەیەک شڵەقاند، کە نەخشەی سیاسیی دیمەنێکی دیکە بەخۆوە ببینێت، وا بکات کە ئاستەم بێت سیستمی سەپاندن و تاکڕەویی دەسەڵات وەک ماوەی (١٨) ساڵی پێشوو بتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا. هەروەها ئەم هەڵبژاردنە سەلماندی، کە گەلی کورد سەنگەر بەرنادات بۆ وەدیهێنانی مافەکانی و تا سەر ملکەچ نابێت بۆ دەسەڵاتی سەپێندراو تەنانەت ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لە ناخی خۆشییەوە هەڵقوڵابێت، بەتایبەت گەر دڵنیا بێت گروپێک یان لایەنێک ئامادەیە خواست و ئامانجەکانی رێکبخات و راستەوخۆیانە بەرەو ئامانجەکانی هەنگاو بنێت.

ئەم هەڵبژاردنە کۆمەڵێک دیاردەی خستەڕوو و لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵێک پرسیاری گرنگیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە وەڵامدانەوەی هەنووکەیی تەنیا لە دیدو پێشبینیکردن لەسەر بنەمای بۆچوون و لێکدانەوەی چەند فاکتەرو هەڵسوکەوتی ئەکتەرە سەرەکییەکان تێناپەڕێت، بەڵام دەکرێ بڵێین بڕی زۆری وەڵامەکان پەیوەستن بە هەڵسوکەوت و چۆنیەتی مامەڵەکردنی هەڵگرانی دروشمی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانەوە، هەڵبەتە لێرەدا کارەکتەری سەرەکی بەرپرس و ئەندامانی لیستی گۆڕانە وەک هەڵگری پەیامی ئەو گۆڕانکارییەو لەبەر ئەوەی توانییان هاوسەنگیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بگۆڕن.

جێی ئاماژەپێدانە، کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێشبینی نەدەکرا لەلایەن هەموو چاودێرێک و بەشداربوویەکی هەڵبژاردن لە جەماوەرو قەوارە سیاسییە رکابەرەکانەوە.

گۆڕانکارییەکی رادیکاڵی لەو جۆرە دەکرێ وەک هەڵچوونێکی پڕ ئازاری جەماوەری کاتی کەممەودا بێت، بۆ راوەشاندنی دەسەڵاتدارانی کوردستان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەکرێ وەک سەرەتای سەرهەڵدانێکی درێژەخایەن بێت بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستمی سیاسیی و شێوازی خەباتی رزگاریخوازیدا، کە لە بەرپاکردنی شۆڕشی نێوخۆو زاڵبوون بەسەر نادیاری لەرزۆکی سیاسەتی نێوخۆو دۆزینەوەی پلاتفۆرمێکی سیاسیی جیاواز کە رەنگدانەوەی خواستە نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەکانی گەل بێت لەسەر ئاستی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بۆ پاراستنی ناسنامەو بوونی وەک گەلێکی سەربەخۆو خاوەن تایبەتمەندێتی خۆی، ئەو ناسنامەی دووچاری مەترسیی نەمانی بنەما سەرەکییەکانی لە لەقبووندا بوو، بەتایبەت دوای پاشەکشەکردنی سەرکردە سیاسییەکانی لە پرسە چارەنووسسازەکاندا.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو رووداوە کە بە وەرچەرخانێکی چۆنایەتی مەزن دەبژێردرێت، پێویستە باس لە کۆمەڵێک لایەنی جیاواز بکرێت، وەک ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەی خرایە ئەستۆی ئەندامانی ئەو لیستە، کە ئەگەری ئەوەش هەیە کە خۆیان نە چاوەڕوانی بووبێتن و نەخۆشیان بۆ ئامادە کردبێت، هەروەها هەنگاوەکانی دوای هەڵبژاردن کە پێویستی بە قوربانی جۆراوجۆر هەیە لەلایەن جەماوەری کوردستانەوەو بەرپرس و ئەندامانی لیستی گۆڕان و باقی ئەکتەرەکانی دیکەوە بۆ دۆزینەوەی پانتاییەکی ململانێی مۆدێرن و رێگرتن لە ململانێی خوێناوی بۆ لەباربردنی هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوون لە هەر لایەکەوە بێت. لە کۆتاییشدا پێویستە باس لەوە بکرێت ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی خاوەن بەرژەوەندیی لە کوردستاندا چۆن دەڕواننە ئەم بارودۆخە نوێیەی کوردستان؟ پێشبینی چ مەترسییەک یان هاوکارییەکیان لێدەکرێت؟.

ئایا گۆڕان قامچی سیحری پێبوو یان زەمینە زۆر لەباربوو؟

لە هەموو هەڵبژاردنێکدا کۆمەڵێک فاکتەر رۆڵی کاریگەریان دەبێت لەسەر دابەشبوونی دەنگەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە تا دوا رۆژی هەڵبژاردن خۆیان یەکلایینەکردووەتەوە نیشانەکەیان بخەنە پاڵ کام حیزب یان قەوارەی سیاسی، ئایا ئەو قامچییە سیحرئامێزەی لیستی گۆڕان چیبوو کە توانی لە ماوەی (٢) مانگدا (٢٥) کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت؟ لەگەڵ ئەو هەموو دڕندەیی و ساختەبازییەی (وەک باسدەکرێت) دەسەڵات.

بە بۆچوونی من هۆکارەکانی سەرکەوتنی لیستی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەری جیاواز کە پێکەوە شاڵاوێکی کتوپڕیان دروستکردو بووبەهۆی شڵەژاندنی سەرکردەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو وایکرد کە هەڵەی زیاتر بکەن وەک:

– هەڕەشەکردن و لەسەرکار لابردن و فشاری هەمەجۆر لەسەر لایەنگرانی لیستی گۆڕان و خەڵکانی ناڕازی لە سیاسەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، ئەوەش زیرەکانە لەلایەن رێبەرانی گۆڕانەوە قۆزدرایەوەو زەقکرایەوە بۆ زیاتر دەرخستنی رووی دڕندەیی دەسەڵاتی کوردستان بەرپرسانی یەکێتی بەتایبەت.

– بێئومێدبوونی جەماوەری کوردستان لە گۆڕانکاریی لە دەسەڵاتدا پاش ئەزموونی (١٨) ساڵی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو سەپاندنی خۆیان بەسەر هەموو کەناڵەکانی ژیان لە کوردستاندا، پەیمانی درۆی بەردەوام و بەرپاکردنی گەندەڵییەکی بێوێنەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە هیچ سنوورێکی تایبەتی کەسایەتیش نەمابوو لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵدا پێشێلنەکرێت لەلایەن بەرپرسانی هەردوو حیزبەوە، تا گەیشتە ئەوەی کە تاکی کورد هەستی بە سوکایەتییەک دەکرد کە هەرگیز لە سەردەمی حیزبی بەعسدا ئەو هەستەی لا پەیدانەبووبوو.

– هۆکارێکی دیکەی کاریگەر بریتییە لە پاشەکشەکردن و شکستییە بەردەوامییەکانی دەسەڵاتی کوردستان و ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر هەموو ئاستەکاندا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە شەخسی و حیزبییەکانیانەوە، بەتایبەت لەسەر پرسە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، لە بەرامبەریشدا بەهێزبوونی لایەنی عەرەبی و مەترسی دووبارەبوونەوە یان بەردەوامی چەوسانەوەی گەلی کورد لەلایەن بەرەی عەرەبییەوە، بۆ نموونە:

– نووسینەوەو بڕیاردان لەسەر دەستووری عێراق بێ گەڕانەوە بۆ رای خەڵک یان وەرگرتنی هیچ گرنتییەکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی گەلی کورد لە چەوساندنەوەی ئایندەدا، هەروەها لە هەمان دەستووردا بەشداریکردنی لایەنی دیکە لە دەسنیشانکردنی چارەنووسی کەرکوک و باقی شوێنە بەعەرەبکراوەکانی دیکەی کوردستان، بێئەوەی یەک وشە لەسەر تەعریب و راگواستنەوەو گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان، تەنانەت وشەی فیدراڵیش لە دەستووردا لابراو لەو دەقەی لە نەتەوەیەکگرتوەکاندا هەیە پێناسەی فیدراڵی لێ لابراوەو تەنیا کورد بۆ چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان بەردەوام بەکاریدێنن.

– لاوازیی کورد لە دانان و بەڕێوەچوونی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی بەعس بەتایبەت لەسێدارەدانی سەدام حسێن لەسەر تاوانی دوجەیل و رێگەنەدان بە تەواوکردنی دۆسیەی ئەنفال، هەروەها دوای ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال وەک گەلکوژیی (جینۆساید) لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی، نە سەرۆک کۆماری عێراق و نە لیستی کوردستانی توانیان فشار بخەنەسەر حکومەتی عێراق بۆ داوای لێبووردنکردنی فەرمیی لە گەلی کورد، قەرەبووکردنەوەی سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی قوربانیان و گەلی کوردستان. ئەمە بێجگە لە بچووککردنەوەی دۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجەو پەراوێزکردنی لەڕووی سیاسی و میدیایی و کارتێکردن بۆ دەربازبوونی تاوانبارانی لە سزای یاسایی.

– پشتگیریکردن و داڵدەدان و پاراستنی تاوانبارانی تاوانە جینۆسایدەکانی رژێمی بەعس دژ بە کورد، ئەوانەی دەستیان بەخوێنی گەلی کورد سوورەو بەتایبەت ئەوانەی لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بوون کە پێویستە وەک تاوانبار دژ بە مرۆڤایەتی سزابدرێن وەک نزار خەزرەجی هەوڵدان بۆ دەربازکردنی هاشم سوڵتان، دەربازکردنی فرۆکەوان تارق رەمەزان، کۆنگرەی ئاستبوونەوە لەگەڵ جاش و ئەنفالچییەکان لە (٢٧/٢٦)ی ئازاری (٢٠٠٤) لە هەولێر، دامەزراندنی ئەنفالچی بە بەڕێوەبەری ناحیەی ئەنفالکراو، پاراستنی سەرجەم موستەشارو ئەنفالچییەکان لە بەدواداچوونی یاسایی و خەڵاتکردنیان بە پلەوپایەی حیزبی و ئیداری و کۆمەڵێک کردەوەی لەوجۆرە ... لە هەمووشی سەیرتر بەرپاکردنی راپرسی بۆ سەربەخۆیی و پاشان بەکارهێنانی بۆ پایەو بەرژەوەندیی حیزبی و کەسایەتی خۆیان.

– دابەشبوونی کوردستان بەسەر (٢) چینی لێکترازاو، چینێکی یەکجار هەژارو نەدار، کە هەیە نانی رۆژی پێ پەیدا ناکرێت و چێنێکیش گەیشتوونەتە رادەی ئەرستۆکراتی، (٢) چین لە (٢) جیهانی جیاوازدا کە تەنانەت لە بازاڕیشدا یەکناگرنەوە، ئەو چینە دەوڵەمەندە کە دەوڵەمەندی هەڵەو لەسەر حیسابی نەهامەتی خەڵکە پاڵپشتی دەسەڵات خۆشگوزەرانییان بەردەوام دەکەن.

– پەراوێزکردنی گەنج و بەتایبەت خوێندکارانی پەیمانگاو زانکۆ کە لەجیاتی پەروەردەو پشتگیریکردنیان بۆ گرتنی جڵەوی چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردستان لە ئایندەدا، بە هەموو شێوەیەک سەرکوتی هەموو حەزو خواست و پێویستییەکیان بوون، داواکارییەکانیان بە لێدان و گرتن وەڵام دەدرایەوە.

کەڵەکەبوونی ئەو هۆکارانەو زۆر هۆکاری هەمەلایەنەی دیکە، زەمینەیەکی ناڕەزایی فراوانی پێکهێنا لە کوردستاندا بەتایبەت لەنێوان چینی هەژارو گەنجان و پەراوێزکردنی هەمەلایەنەی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و کەسوکاریان. جیاوازی زۆر دیاری ئاستی خزمەتگوزاریی نێوان ناوچەکانی گەرمیان و هەڵەبجە لەگەڵ شارو ناوچەکانی کۆیەو سەڵاحەدین و دهۆک کە هێندە زۆرن مرۆڤ وا دەزانێت لە (٢) وڵاتی جیاوازدان. زۆر هۆکاری واقیعیانەی دیکە وایکرد کە خەڵکی کوردستان بە هیوای ئەلتەرناتیڤێک بێت بۆ دەربازبوون لە گەندەڵی ئەو سیستمە، بەڵام پێویستە ئەوەش بوترێت کە خەڵک بە هەموو ئەلتەرناتیڤێک رازینەبوو، لەبەرئەوەی ئەو ناڕەزاییانە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)یشدا هەبوو، بەڵام ئەلتەرناتیڤەکانی ئەوکاتە دوو لایەنبوون، یەکەمیان لایەنی ئیسلامییە کە دەرکەوت هێندە قبووڵ نییە لەلایەن جەماوەری کوردستانەوە لەبەر مەترسی دووبارەبوونەوەی سیستمە ئیسلامییەکانی ناوچەکەو جیهاندا، دووەمیشیان کۆمەڵێک حیزب بوون لەسەر سفرەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتی کوردستان دەژیان و متمانەی خەڵکیان نەبوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و دەیانزانی دەنگدان بەوان هەر دەنگدانە بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، بەڵام رێبەران و هەڵسوڕاوان و لایەنگرانی لیستی گۆڕان و ئەو کەس لایەنانەی بانگەوازی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و نەهێشتنی گەندەڵییان دەکرد لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان پێکەوە دڵنیاییەکیان بەخشی بە جەماوەر کە دیواری ترس بشکێنێت و بێتە سەر شەقام، گۆڕانیش زیرەکانە توانی ئەو بارودۆخە بقۆزنەوەو لایەنە لاوازەکان بخەنەڕوو لە زۆر بواریشدا ئەلتەرناتیڤ پێشکەشبکەن.

کە سەیری وتارو بۆچوونە بڵاوکراوەکانی رێبەرانی لیستی گۆڕان دەکەم لە ماوەی پتر لە ساڵێک تاوەکو کاتی هەڵبژاردن و گەیشتنی ململانێیی بۆ لوتکە لە دواڕۆژەکانی هەڵبژاردنداو چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پرس و ئەگەرە هەنووکەییەکانی هەڵبژاردن و رای خەڵک لانەدان لە ئامانجی ستراتیژیدا، کتێبی (تۆپەکانی ئایەتوڵڵا)م وەبیرهاتەوە کە «محمد حسنین هیکل» کتێبێکی نووسی بەناونیشانی (تۆپەکانی ئایەتوڵڵا) لەسەر رووخانی شای ئێران و گرتنە دەسەڵات لەلایەن خومەینی (رێبەریی شۆڕشی ئیسلامی ئێران)ەوە، لەو کتێبەدا باس لە زیرەکی خومەینی دەکات لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی لەئارادابوون لە گۆڕەپانی ئێرانداو چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ گۆڕینی سیستمی ئێران لەلایەک و رێگرتن لە بزووتنەوە چەپ و دیموکراتخوازەکان بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا.

هەڵبەتە ئەو بەراوردە مانای ئەوە نییە کە من رێبەرانیی گۆڕان و جمهوری ئیسلامی لەهەمان تەرازوودا دەبینمەوە، بەڵکو بەراوردەکە لە هاوشێوەی دەسنیشانکردنی برینەکانی کۆمەڵگە، خوێندنەوەی خواستی جەماوەرو رێکخستنیان لە هەڵمەتێکی سیاسیدا بۆ گۆڕینی سیستم کە بە بۆچوونی من سەرکەوتنی هەردووکیان دەگەڕێتەوە بۆ هاوشێوەیی ستەم و گەندەڵی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەردوو گۆڕەپان و باوەڕی رێبەرانی هەردوو پرۆسەکە بە حەتمیەتی گۆڕانکاریی هەمەلایەنە، بەڵام دەبێت ئاماژەش بە لایەنی جیاوازی زۆر گرنگیش بدرێت کە هەرە گرنگەکانیان بریتین لە دوولایەن، یەکەمیان: شێوازی بەرپاکردنی گۆڕانکارییەکەبوو کە خومەینی لە روانگەی فیکری ئیسلامییەوە دروشمی جیهادی بەکارهێناو بە خوێن هەموو سیستمەکەی گۆڕی، بەڵام گۆڕان دروشمی رەخنە بە زمانی گوڵی بەکارهێنا بۆ گۆڕینی سیستم، دووەمیان: خومەینی سیستمێکی دیکتاتۆری شاهنشایی گۆڕی بە سیستمێکی تاکڕەوی ئیسلامی واتە ئاڵوگۆڕکردنی پێناسەو رۆڵی چەوساوەو چەوسێنەر، بەڵام گۆڕان داوای بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و سەروەری یاسا دەکات کە هەموو چین و توێژەکان شەخسیەتی خۆیانی تێدابپارێزن کە ئەوەش رۆژگار دەیسەلمێنێت تا چ رادەیەک هەوڵی بۆ دەدەن.

لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا دەسەڵاتی کوردی هەر هەنگاوێکی بە باش زانیبێت بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی و پاراستنی دەسەڵاتەکەی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و شەخسی خۆیان، یەکسەر ناوو دەستەواژەی بەرژەوەندی گەل یان بەرژەوەندی نەتەوەییان کردووە بە بەریدا تەنانەت لە کاتی پاراستنی تاوانباران و دوژمنانی گەلیشدا، هەمان دەستەواژەشیان بەکارهێناوە بۆ رێگرتن لە لێپرسینەوەو خۆ دەربازکردن لە تاوانەکانیان دژ بە گەلی کورد لەسەر هەموو ئاستێکدا.

نموونەش بۆ ئەو جۆر کردەوانە زۆرن، بەڵام ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە ئاواتێک لای خەڵکی کوردستان دروست بووەو پرۆسەی کۆتاییهێنانی ئەو سوکایەتییە دەستی پێکرد، ئەوەش ئەرکی هەڵگرانی ئەو پرۆسەیە دژوار دەکات بەتایبەت دوای ئەوەی کە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێداو دانانی سەرۆک و جێگرو سکرتێری پەرلەمانی بێ دەنگدان یان پرس و راکردن، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بەو ئاستەمگیرییەی لە بەردەم ئەندامانی لیستە جیاکانی دەرەوەی ئەو یەکێتی و پارتییە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان و پاراستنی بەرژەوەندی گەل.

ئەلبێرت ئەینشتاین لە یەکێ لە وتەکانیدا دەڵێ:

«شێتیی لەوەدایە، کە مرۆڤ هەمان هەڵە بکاتەوەو چاوەڕوان بێت ئەنجامەکەی جیاواز بێت» ئەمەش لەسەر هەڵسوکەوتی دوایی سەرانی هەردوو حیزبی یەکێتی و پارتییە کە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا هەمان هەڵەی خولەکانی پێشوویان دووبارە کردەوە لە دامەزراندنی پۆستەکان و دابەشکردنیان بەسەر دارو دەستەکەی خۆیاندا ئەنجامدا، هەمان پەند لەسەر یەکەم وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشدا جێبەجێ دەبێت، کە داوا لە لیست و لایەنەکان دەکات ئەو بەڵێنانەی داویانە بە جەماوەر جێبەجێان بکەن، بێ بیرکردنەوە لە بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانی پێشووی سەرۆک و حکومەت و پەرلەمانەکانی پێشوو. هەڵەکانی پێشووی هەردوو حیزب ئەم ئەنجامانەی ئەم هەڵبژاردنانەی لێکەوتەوە، با بزانین ئەم چەند بارەکردنەوە بە چ ئەنجامێکیان دەگەیەنێت.

قۆناغەکانی ئێستاو ئایندەی پەرلەمان و کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی و ئەگەر دەخاتە بەر ئەندامانی لیستەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی، بەتایبەت لیستی گۆڕان، کە بریتییە لە گرێدانی کۆمەڵێک بۆچوون و هەنگاو لەسەر رۆشنایی بەڵێنەکانی پێش و کاتی هەڵبژاردندا بۆ رێگرتن لە بەردەوامبوونی گەندەڵی هەمەلایەنەو بەرپاکردنی ترانسپەرانتی لە گفتوگۆو بڕیارە سیاسیی و یاساییەکانی نێو پەرلەمان و حکومەتدا، کە بە بۆچوونی من گرنگەکانیان بریتین لە:

پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینەو کارا لەڕێی بوونی بۆچوون لەسەر پرس و پێشهاتەکان، و ئاشکراکردنی سەرجەم گفتوگۆ داخراوەکانی نێو پەرلەمان و حکومەت و زانیارییە نهێنییەکانی پابەند بە بودجەو پرسە چارەنووسسازەکانی کوردستان و فشار خستنەسەر حکومەت و پەرلەمان بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، لە هەمان کاتیشدا خۆگونجاندن و تێگەیشتن لە بارودۆخی ئێستای کوردستان، نەک بە مانای ملکەچبوون یان لاسایی کردنەوە، بەڵکو بە مانای شیکردنەوەو تێگەیشتن بۆ بەهێزکردنی بەرگریکردن.

١–بەرنامەڕێژی بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و گواستنەوەی کۆمەڵ لە کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەر بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر، و سەروەری یاسا بەسەر سەرجەم کەناڵەکانی داهات و خەرجکردن، و کارکردن لەسەر پرەنسیپی (لەکوێت بوو)، و لێپێچینەوەی یاسایی لەو کەسانەی لەسەر نەهامەتی خەڵکی هەژارو ستەمدیدەی کوردستان دەوڵەمەند بوون، هەروەها بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بەتایبەت ژیانی رێکخراوەیی و سەندیکاییداو هەوڵدان بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) لە ژێر کۆنترۆڵییێکی دیموکراسیدا بێت.

٢–دۆزینەوەی زمانێکی روون لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی عێراق لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردو پاراستنی تایبەتمەندێتی و سەروەری خۆی بەسەر خاک و نیشتمانیدا، و هەنگاونان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی وەک گەلێکی یەکسان بە سەرجەم گەلانی دیکەی جیهاندا، و ملکەچنەبوون بۆ موساوەمە سیاسییەکانی هەردوو حیزب لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی عێراقدا تۆمار کراون و گەلی کوردستان بێ ئاگایە لێیان، لەڕێی پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و دادگاییکردنی سەرجەم تاوانباران و فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ داوای لێبووردنی فەرمی لە گەلی کوردو قەرەبووکردنەوەی سیاسیی و یاسایی و ئابووری لە گەلی کوردستان بە گشتیی و لە قوربانیانی کیمیاباران و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و تاوانە کۆمەڵکوژییەکانی دیکەی دژ بە گەلی کورد.

ئەو خواست و داوایانە ئەرکێکی ئاسان نییە، گەر باوەڕێکی پتەو نەبێت بە حەتمییەتی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کوردستانداو خۆ بەهێزکردن بە شێوەو میتۆدی تازە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، لێرەشدا پێویستە پردێکی گواستنەوەی زانیاری و ئەزموون و میتۆدی مۆدێرنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە نێوان هەندەران و کوردستاندا بۆ سود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دیکە لە بەڕێوەبردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی شارستانیدا.

colnadar@hotmail.com



ئەمجارە گرەو لەسەر چی بکەین؟

مەجید سالح



لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ڕابـردووی کوردستاندا، گرەوکردن لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنو ڕێـژەی ئەو کورسیانەی کە لیستی گـۆڕان بەدەستی دەهێنێت لە نێوان سیاسەتمەدارانداا بوو بووە شتێکی باو. ئەم دیاردەیە زیاتر لە ناو کادیرو ئەندامو بگرە ئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا، کە بوو بـوون بە دوو بەشەوە دەبینرا.

ئەو هەڵاڵانەی یەکێتی کە لە جەمسەری نێگەتیڤی لیستی گـۆڕان بوون، لە باشترین حاڵەتدا، پێیانوابوو لیستی گـۆڕان لە (٣ بۆ ٧) کورسیی زیاتر بەدەست ناهێنێت. ئەو هەڵاڵانەشی کە لە جەمسەرە پۆزەتیڤەکەی لیستی گـۆڕاندا بوون، بنکڕی تەخمینەکانیان لە (٢٠) کورسی نەدەهاتە خوارەوە.

بەپێی زانیارییەکانی من، ئەو گرەوانە لە دەعوەتێکی چەوری ئێوارەوە، تا ئۆتۆمبێلی جۆری «تاهۆ»ی گرتبوەوە.

من خۆم لە گەڵ برادەرێکی ڕۆژنامەنووسم، کە لە بەرەی (٣ بۆ ٧) کورسییەکە بوو، گرەومان لەسەر خانووەکانمان کرد، بەڵام دیاربوو لە ناخی دڵیەوە باوەڕی بە تەخمینەکەی خۆی نەبوو، بۆیە زوو پەشیمان بوویەوە.

کارەکە بـەوە نەوەستا، هەندێک سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووسی جەمسەری نێگەتیڤ، بە لێدوانو بە نووسین لە ڕووپـەڕی ڕۆژنامەکاندا پێشبڕکێیان بوو لەسەر خستنەڕووی پێشبینییەکانی خۆیان، هی وایان هەبوو کورسییەکانی لیستی گـۆڕانی دادەبەزاند بۆ (١ بۆ ٢) کورسی، هی واشیان هەبوو نەسیحەتی برادەرانی لیستی گـۆڕانیان دەکرد تازووە بکشێنەوە، هەرە توندڕەوەکەشیان پێیوابوو ئەم هەڵبژاردنە دوا ساتەکانی ژیانی سیاسیی کادیرو سەرکردەکانی لیستی گـۆڕانە. ڕۆژنامەنووسی موزیڕی واش هەبوو دەینووسی دوای (٧/٢٥) یەکتری دەبینێنەوە.

هەڵبژاردن تـەواو بـوو، لیستی گـۆڕان بردیەوەو سلێمانیشی لە دەستی ئەو بەشە دەسەڵات بە دەستەی ناو یەکێتی دەرهێنا. ئەوانەی پێشبینییەکانیان کورتی هێنا، دۆڕاندن بوو بە نسیبیان. پێموایە زۆربەی دەعوەتەکان خـوران، هەندێک لەو گـرەوانـەی کە خەرجییەکانیان سـووک بوو جێبەجێکران. ئەو سیاسەتمەدارانەشی کە پێشبینییەکانیان درۆ دەرچـوو، بۆ دەربازبوون لەو ئیحراجییەی کە تێی کەوتبوون دەیانووت: «سیاسەت یانی درۆکردن، ئێمەش لەودا دەستێکی بااڵمان هەیە».

ئـەوەی لـەم بەینەدا تووشی ئیحراجی بـوو ئەو ڕۆژنامەنووسانە بـوون، کە هەمیشە شەن بەالی بای دەسەڵاتدا دەکەون و پارەو پول و پلەو پایەیان لێ دەکەنەوە. ئەمانە کە هەمیشە بە تەنیشتی سیاسەتمەدارانەوەن و هەموو فەن و فنونێک بەکاردەهێنن بۆ لە خشتەبردنیان.

گرەوکردن لەم سەردەمەدا وەک زۆر شتی دیکە، گـۆڕانی بەسەردا هاتووەو نابێت بە هەمان میکانیزمی پێشوو گرەو بکرێت. گرەوی ئەم زەمانە پێویستی بە زانیاریی ورد هەیە لەبارەی ئەو شتەی گرەوی لەسەر دەکەی.

بۆ نموونە کاتێک لە کێبڕکێی ئەسپ سواریدا گرەو لەسەر ئەسپێک دەکەی، دەبێت زانیاری تەواوت لەسەر ئەسڵو فەسڵی ئەو ئەسپەی کە بە براوەی دەزانێت هەبێت، نەک هەر ئەوە، دەبێت هەوڵ بدەی زانیاریی ورد لەسەر ئەسڵو فەسڵی ئەسپەکانی دیکەی ناو گـۆڕەپانەکە پەیدا بکەی، گرەوکاری شارەزاو موحتەریف تا ئەو زانیارییانەی لا نەبێت، گرەو لەسەر هیچ ئەسپێک ناکات.

ئەم بـرادەرانـەی کە دۆڕان، بە هەمان میکانیزمی سەردەمی گرەوی «چەڵەمەشکێنە» چوونە ناو گرەوەکەوە بۆیە دۆڕان.

ئـەوان خۆیان لەچاو ئەو پێگە جەماوەرییەی کە بزووتنەوەی گـۆڕان هەیەتی، گێل دەکرد.

لە خەیاڵی خۆیاندا زانیاری ناڕاستو درۆینەیان بونیاد دەنا.

کێشەکە لەوەدایە ئێستاش لە جیاتی ئەوەی لە خۆیان بپرسن بۆچی تەخمینەکەیان ڕاست دەرنەچوو، کەچی دەستیان داوەتـە پاساو هێنانەوە، گوایە ئەو خەڵکەی دەنگیان بە لیستی گـۆڕان داوە، لە خشتەبراونو تێکەوتوون، ئەوان پێیانوایە ئاستی هۆشیاری خەڵکی ئێمە زۆر الوازە. هەر بۆیە ئێستا کەوتوونەتە پڕوپاگەندەی ئەوەی، کە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، خەڵک هۆشیار دەبێتەوەو دەنگ بە لیستی ئەوان دەداتەوە.

پەندێک هەیە دەڵێت: «کەسی عاقڵ لە کونێکدا دوو جار مار نایگەزێ» بۆیە پێ ناچێ سیاسەتمەداران ئەمجارە هەڵەکەی جاری پێشوویان دووبارە بکەنەوەو گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو بکەن، بەڵام بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە خەڵک بە نەزانو گێل دەزانن دەڵێم؛ «گرەو لەسەر چی دەکەن؟». الی خۆمەوە پێموایە، ئەمجارەیان کە خەڵک بۆیان دەرکەوت کە دەتوانن بە دەنگیان گـۆڕان دروست بکەن، هەرگیز دەنگ بەوانە نادەن کە قوتی منداڵەکانیان دەکەن بە دەمی منداڵەکانی خۆیانەوە.

من گرەو دەکەم، گەر تەزویرو هەڕەشەو گوڕەشەو نانبڕینەکان ڕاگرن، دۆڕانی ئەمجارە گەورەتر دەبێت.





چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩